# سەرکردەو لێکۆڵینەوەی زانستی

# سەرکردەو لێکۆڵینەوەی زانستی

ئیدریس ئیبراهیم گەلاڵەیی

سلێمانی ٢٠٠٣

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە** (٢٣٢)

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**

# سەرکردەو لێکۆڵینەوەی زانستی

بابەت: توێژینەوە

نوسینی: ئیدریس ئیبراهیم گەلاڵەیی

بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان

تیراژ: ٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: ٢٦٨ ی ٢٠٠٣

www.sardam.net

# پێشەکی

لەمێژە سەرکردە وێردی سەرزمانی هەموو کەسێکە ، لـەوەتی جیهان ژیانی تێدا پەیدا بووە سەرکردەش بەشێوەیەک لە شێوەکان بوونی هەیە . بـەڵام هـەبوونی سـەرکردەو لێکۆڵینـەوەی زانسـتی دەربارەی سەرکردە دووشـتی زۆر لەیـەک جیـاوازن .کۆمەڵـگای مەدەنی هەمیشە هەوڵی داوە لەگەڵ پرۆسـەی گەشـەکردنی خـۆی گەشەش بەپرۆسەی سەرکردایەتی بـدات ، سـەرکردایەتیش تـەنیا سەرکردەی سیاسی ناگرێتەوە ،بەڵکو ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە لە بوارەکانی تر لێپرسراون ....

گەلێک جیاوازیش لەنێوان شێوەکانی سەرکردە هەیە.

ئەم بابەتە هەوڵدانێکی کەمە بۆ ناساندنی سەرکردەو ئەو خاسیەت و شێوازانەی لەسەر سەرکردە نووسراون و باسکراون . پێش هـەموو شتێک هەوڵم داوە تادەتوانم هەندێ پێناسەی باش هەڵبژێرم و وەک خۆیان بنووسمەوە و چەند تیۆرێکیش بەکورتی باس بکەم هەروەها بۆ چوونی هەندێک لە نووسەرەکان دەربارەی سـەرکردایەتی روون بکەمـەوە ... ئـەم کتێبەیـە نووسـینەوەی بـیرەوەری سـەرکردە لێهاتووەکان نیە تا پشت بەبیرەوەریەکان ببەستم بۆیـە هەوڵـمداوە

خۆم بەتەواوی دووربگرم لەوەرگرتنی ئەو شتانەکە دەربارەی خودی سەرکردەکان نووسراون ، چونکە من پێم وایە ئـەو کـات مـرۆڤ زیاتر دەکەوێتە کاریگەری ئەو بیرەوەریانە کە نووسەرەکە باوەری بەسەرکردایەتی ئەو کەسەوە هەیە ، کە بیرەوەریـەکانی نووسـیوە هەروەها دووریش دەبێت لەبابەتێکی زانستی مەرجیش

نیە ئەو تیورو پێناسانەی من هەڵبژاردون هـەموویان بـۆ گشـت کات و هەموو شوێنەکان گونجاوبن ، چونکە کولتورو جیۆپۆلەتیک .... هتد ، کاریگەرییەکی تەواویان لەسەر کامڵبوونی تیۆرەکـان و پێناسەکان هەیە.

کـورد تائێسـتا کـەم بابـەتی زانسـتی و لێکۆلینـەوەی لەسـەر شێوازەکانی سەرکردایەتی کردووە، ئەو شتانەی کـەمنیش دیـومن بەزمانی کوردی زیاتر باس لە قارەمانیـەتی کەسـێک کـراوە کـە بەشێوەیەک رۆڵی خۆی هەبووە لەجوولانەوەی رزگـاری خـوازی کوردستان ،گەرچی کـەمێک جـاریش لەبـەر هەرهۆیـەک بێـت لێکدانەوەکان ئەوەندە ساویلکانە بوونە کە بەهیچ جۆرێـک ناشـێت پشتیان لە لێکۆلینەوەی زانستی پێببەسترێ . کاتێـک خوێنـەر ئـەو بابەتە دەخوێنێتەوە کە وەک سەرکردەیەک لەسەر مرۆڤی سیاسـی کورد نووسراون، دەگاتە هەندێک راستی کە ناتوانین پشت گوێیان بخات ئەویش ئەوەیە :

× زۆربەیان لەدوای مردنی یا شەهیدبوونی سەرکردەکە نووسراوە بۆ ئەوەی بە مەبەستێکی سیاسی بەکاربێن.

× هەوڵــدراوە لایەنــە ســلبیەکانی کەســەکە بشــارنەوە لایەنــە پرشنگدارەکانی بەدیاربخەن و یان بۆی دروست بکەن.

× لەوانەیە هەندێکیان راســپێردراوبن نــەک لەلایــەن مامۆســتای زانکۆ و دەزگاکانی لێکۆلینەوەی زانستی ،بەڵکو لەلایــەن بنەماڵــەو رێکخراوەیەکی سیاسی.

× بابەتــەکان زیــاتر پێداهەڵــگوتن و ســتایش کــردنن نــەک لێکۆلینەوەی راستی و زانستی .

× فەرامۆشی شێوەی نووسین کراوە و پــەیرەوەی لێکۆلینــەوەی زانستیان نەکراووە.

لەم بابەتەدا من ڕووبەڕووی کۆمەڵــێک گیروگــرفتی نووســین هاتوومە کە بەداخــەوە تائێســتا لەبەرنــەبوونی نووســینی زمــانێکی یەکگرتووی کوردی نەمتوانیووە زۆر زاراوە بدۆزمەوە یان بەکاریان بهێنم کە هەموو خوێنەرێک بەئاســانی لێــی تێبگــات . هەوڵــمداوە شــێوەی ســەرکردایەتی بــەم شــێوەیە لەیــەکتر جیابکەمــەوە ئــەو ســــەرکردایەتییەی کەلــەبواری سیاســی و جوولانــەوەکانی تــر کاردەکات ناوی بنێم سەرکردە ئەوەی لێپرسراویشە لە دەزگایــەک بەرێوەبەری گشتی یان هەندێک جار هەربە بەرێوەبەر بینووسمەوە .

گەلێک جاریش بەتایبەتی لە پێناسەکان نــەمتوانیوە لەیــەکتریان جیابکەمەوە ، چونکە نووســەرەکانیش نــەیانتوانیوە بەتــەواوی ئــەو جیاوازییە بکەن تەنیا لەبواری لێکۆلینەوەی دانەبێ....

خاڵێکی تر کەزۆرگرنگە ئەویش ئەوەیە سەرکردە چ لێپرسراوی گروپێکــی بچــووک بــێ چ ســەرکردەی دەولــەتێک بــێ هــەر سەرکردەیە و بەلام پایەو دەسەلات هەروەها شوێنەی کار پێناسەی تایبەتی سەرکردەکە دیاری دەکەن و نەک خوودی ووشەکە.

بێجگە لەمەش وەرگێرانی هەندێک ووشــەی بیــانی بــۆ زمــانی کوردی زۆر ئاسانییە ، چونکە تائێستا لەوانەیە ئەو ووشەیە یان نەبوبێ یان هی دەوڵەتە داگیرکەرەکانیی کوردستان بەکارهاتبێ ، بۆیە من پێم باشتربوو کە ووشــە بیانیەکــە وەک خــۆی بنوسمــەوە چونکــە لەوەرگێرانی مەترسی ئەوە هەیە بەهەڵە بەکاربێت یان لــە بنچینــەدا ئەو واتایە نەدات کە مەبەستە .

ئێمەی کوردیش تا رادەیــەک خــاوەن ئــەو دەزگایایــەین کــە بەرێوەبــەری گشــتی تێــدا بەرپرســیاربووە ، بــەلام تائێســتا هــیچ لێکۆلینەوەیــەکی لەســەر نــەکراوە چونکــە هەمیشــە ئەمانــەی بەدەزگایەکی دەوڵەتی ناوەنــدی زانییــوە هەولــی داوە لــە جیــاتی نوێکردنەوەو گەشەپێدان زیاترهەولی لاوازکردن و فەرامۆشــکردنی بدات ، لەوانەیە ئەمە زۆر باڵەکەی نەکەوێتە ئەستۆی کورد خــۆی ، بەلام ئەبێ مادام کورد هەولــی بەمەدەنیــەتکردنی کۆمەلــگایەکەی دەدات ، بەچاوێکی ڕەخنەی بنیات نەرەوە بەسەر ئەم کەموکوریــەدا بچێتەوە .

کوردیش کاتی ئەوەی هاتووە کە جیاوازی لەنێوان ســەرکردەی باش و خەراپ بکات بەســەرمێژووی رابــردووی خۆیــدا بچێتــەوەو

بوێرانە ڕەخنە لەو پەیکەرە ڕوحیانە بگرێت کە بۆ شێواندنی مێــژوو تێکشکانی سایکۆلۆژی مرۆڤی کــورد دروســتکراون . لــە هــەموو شتێکیش خراپتر ئەوەیە کە بڵێین لێگەڕێ مێــژوو خــۆی وەلامــی ئەوانە دەداتەوە ، چونکە ئایندە ئەو مێژوو دیکۆمینتانە دەخوێنێتەوە کە لە رابردوو بۆی جێماوە جا ئەمانە دەستکردبن یا ڕاستی .

لەکۆتاییدا ئەوەندە ماوە بڵێین ئەو کتێبە پەنجەرەیەکی بچووکــە بۆ ئەوەی بتوانیین ئاسۆیەکی فراوانتر تێدا ببینین بەراوردێکی زانستی بکەین بۆ لێکدانەوەی ماهیەتی سەرکردایەتی کورد و بەدیارخستنی راستیەکان .

# سەر کردە

سەر کردە بە ومرۆڤە دەڵێن کە رۆڵی سەرەکی لە دە زگایـەک یان رێکخراوێکدا هەیە ، کە ئەمانە ش مـە بـە سـتێکی تایبـەت و دیاریکراویان هەیە و دەیانەوێ بەرنامەکەیان ، بەو ئەنجامە بگەیەنن کەکاری بۆ دەکەن .لەوانەیە لێکدانەوەی سەرکردە کارێکی ئاسـان نـەبێ ،چونکـە تـا ئێسـتا کـورد هـیچ لێکۆلینەوەیـەکی لەسـەر سـەرکردەکانی کـورد نـەکردوە بەشـێوەیەکی زانسـتی و ئـەو مەرجانەش دیار نەکراون کە سەرکردەیەک ئەبێ هەیبێت بۆ ئەوەی بەواتا زانستیەکەی پێ بلێن سەرکردە . هەر لەسەر خـودی ووشـەی سەرکردەش ناکۆکییەکی زۆر لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا هەیە .چونکە زۆر جار سەرکردە ، سەرۆک، رابەرو لێپسراو ، بەرێوەبـەر... هتـد تێکەڵ دەکرێن ئاسانیش نییە لێـک جیاکردنـەوەی ، ئەگـەر چـی پێناسەیەکی نێونەتەوەی هەیە بۆ سەرکردە، بەلاّم هەندێ هۆکـاری ناوەکیش هەن ،کەسەرکردەی هەرنەتەوەیەک یـان دەزگایـەک و رێکخراوەیەک پێـی جیادەکرێتـەوە .تـەنیا بەوکەسـەش نـاوترێ سەرکردە ،کەسەرکەوتنی گەورە بەدەسـت بێنـێ و ببێتـە جێگـای شانازی و سمبول ، بەڵـکو پێچەوانەکەشـی راسـتە سـەرکردەیەک کارەساتێکی گەورەی بەدواوەبێت و زیانێکی مـەزن بـە مێـژووی

مرۆڤایەتی بگەیەنێ هەر پێی دەڵێن سەرکردە ،سەرکردەی بێ کــەم وکوریش تەنیا لە ئەفسانە وریێکخراوە دیکتاتۆرییەکان بونیان هەیــە ،بۆیە گەلێک جار سەرکردە لەگەڵ قارەمان تێکەلاو دەکرێ ، کە لە بنەڕەتدا جیاوازییەکی تەواویان لە کارەکتەرو توانا و لێوەشــاوەییدا هەیە .ئەشێ سەرکردەیەک لەهەمانکاتدا قارەمانیش بێت بەلام مەرج نییە هەمووقارەمانێک سەرکردە بێت من لێرە نامەوێ لەخاسیەتەکانی پاڵەوان بدوێم چونکە هەرڕۆمانێک پاڵــەوانی خــۆی هەیــە .بەڵــکو ئەوەندەی لە توانامە ، بە پشت بەســتن بەســەرچاوەی بێگانــە بــاس لەکارەکتەری سەرکردە وکــردەوە و ئامانجــەکانی بکــەم .خۆشــم دووربگرم لەوەی کەهەڵســەنگاندنی نازانســتی بــۆ ســەرکردەکانی کورد بکەم . چونکــە پێویســتی بــە ســەرچاوەی زۆر هەیــە وهــەم لێکدانەوەی جیۆپۆلتیکی کوردستانیش کە رۆلی خۆی لە پێگەیاندنی مرۆڤی کوردبەگشتی و سەرکردە بە تایبەتی هەیە .

پێش ئەوەی پێناسەی سەرکردە بکەین ئەبێ چاوێک بەمێژووی زانــراوی ســەرکردایەتیدا بخشــێنین بــۆ ئــەوەی لێکۆلینەوەکــە ئاراستەیەکی زانستی وەربگرێت و باشتر بتوانین بچینە ناو بابەتەکــە دیارە زۆر نووســەر لەســەرمێژووی ســەرکردایەتییان نووســیووە و نزیکەی هەمووشیان کۆکن لەسەر ئەو بەڵگە مێژوویانەی هەن لەسەر مێژووی سەرکردە ،چونکە جیهــانی ســەرەتایی جیهــانێکی تــەواو جیاواز بووە لەگەڵ ئێستا بۆیە چۆنایــەتی شــێوەی ســەرکردایەتیش جیاوازی هەبووە لە کتێبە پیرۆزەکان وەک زەبــوور و تــەورات و

ئینجیل و قورئان باسیان لـەو مرۆڤـە نـەکردووە کەلـە پێشـەوەی مێـــژووی ئـــەوان دەســـەڵاتیان هـــەبووەو رابەرایـــەتی کۆمەڵـــگا سەرەتاییەکانیان کردوە ، زۆربەی ئەو نووسەرانەی دوای ئەو کتێبـە پیرۆزانە پشتیان بەو سەرچاوانە بەستووە و بێجگە لەوانەی کە بەدەرن لەجیهانی ئەم کتێبانە کە بە موڵـکی خۆیـان نـازانن وەک ئـایینی زەردەشت و بودیزم وهیندۆیزم....هتد .


«سەن توز»«Sun tuz » پێنج سەد ساڵ پێش میلاد باس لە پێویستی رێکخراوی هیرباکی و پەیوەندییەکانی نێوان رێکخراوەکان دەکات. فەیلەسوفی گریکـی ئـەفلاتۆن «٤٢٦٧ – ٣٤٧ پ.ز» شـێوەیەکی گەشەکردنی سەرکردایەتیمان پێ دەناسێنێ و هەروەها «سوکرات» بە گوێرەی قسەکانی سەرکردایەتی بە هوونەر دەزانێ و دەڵـێت : مرۆڤ ئەبێ ئـەوەی لەبـەرچاوبێ سـەرکردایەتی چـی دەکـات و پێویستە ئەو کەسە ئەوش بزانێ چ پێداویستیەکی هەیە و چـۆن ئـەو پێداویستیە دابین دەکات ، بۆ ئەوەی سەرکردەیەکی باش بـێ ، جـا ئەوە گرنگ نیە ئەو سەرکردەی پۆلێکە یان خێزانێکە یان دەوڵـەتە یان سوپا «Shafritz off 1992 » هەروەها ئەرستۆتالس باس لەوە دەکات کە دەسەڵات و شێوەی جیاوازی فۆرمولێرەکردن نابێ تایبەت بن بە رێکخراوەکان یان دەوڵەت بەڵکو ئـەبێ ئەمانـە رەنـگ دانـەوەی «سیاقەی » کولتورەکەبن ، بەلاَم گەزنەفۆن یەکەم کەسـە کـە بـە نووسین باس لە دابەشکردنی کار لە کارگەکانی پێلاو لـە گریـک دەکـات . جولیـای قەیسـەری رۆم «١٠٠-٤٤ پ ز» پایـەکانی

دەسەلاتی قەیسەری لە وولاتدا دیاری کرد و هەر بەم شێوەیەش توانی خۆی بکات بە پیاوێکی بەهێزو سەرکردەیەکی تۆقێنەر .«ابن خلدون» «١٣٧٧» بۆ سەرکردەیەک باس لە پێوەری تێگەیشتنی واتای کولتور دەکات .میکافیلی «١٤٦٩-١٥٢٧» یش لەکتێبە بەناوبانگەکەی «میر» باس لەهونەری بەکارهێنانی دەسەلات دەکات و پێیوایە ئەبێ سەرکردە ئایندەی خۆی ببینێ و هەربارودۆخێکیش چەند داخوازییەکی جیاواز لە سەرکردایەتی دەکەن و هەرچەندە لە«میر» دا داواکاری ئەوەیە کە سەرکردە ئەبێ راوێژکاری باشی هەبێ ،بەلام لە کتێبێکی تر دا دەڵێت هەمیشە باشترە یەک سەرکردە هەبێ نەک چەند سەرکردەیەک. «ئادەم سمیث »« Adam smith » باس لەوە دەکات چۆن پێویستە رێکخراوەیەک هەڵبسورێ . « Lennart smith ».


دیارە ئەمە تەنیا بۆ چوونی چەند کەسێکە کە لە سەرەتاوە توانیویانە بەردی بناغەی سەرکردایەتی لەناو کۆمەڵ دابنێن ، کە ئەمەش لەدواییدا بۆتە هەنگاو نان بەرەو کۆمەڵگای کشتوکاڵی و پیشەسازی یان بەواتایەکی تر بەمەدەنییەت کردنی دام و دەزگاکانی کۆمەڵ .

بۆ ئەوەی بەرە بەرە بێنە ناو باسەکە ئێستا پێویست بەوە دەکات لێکدانەوەی لێک چوو ولێک نەچووەکانی سەرکردەو بەرێوەبەری گشتی بخەینە بەرچاو....

هەروەها گەلێک نووسەر هەن کە بۆیان سەختە بتوانن جیاوازی لە نێوان سەرکردەو بەرێوەبەری گشتی بکەن بەلام «کۆتێر » دەڵێت بەرێوەبەری گشتی باس لەوە دەکات کە چۆن شتەکان لە کاتی خۆی کاردەکەن و بەرێوە دەچن بۆ نموونە بودجە بەلام سەرکردایەتی باس لە پەیدابوونی جولانەوە دەکات هەروەها « لێنارت »و هاورێکانیشی دەڵێن بەرێوەبەری گشتی لەنگەری لەبیری هریارک گرتووە ، بەلام سەرکردایەتی زیاتر لەسەر شێوەی ئاراستەکراوی تۆرەکان دامەزراوە.«Lennart 1998 » بەلام هۆگۆ « ١٩٩٦ » و «بولمان» « ١٩٩٧ » لە گۆشە نیگایەکی ترەوە بۆ لێکدانەوەی ئەو چەمکانە دەچن و دەڵێن پەیوەندییەکی هاوبەشی لە نێو... ی ... دا




هەروەها هۆگۆ «١٩٩٦» سەرکردایەتی بەچەقی یەکگرتنی بار... یە هە...



هەروەها لێناردیش پێی وایە ئەم هێڵکارییە زیـاتر لـە راسـتیەوە نزیکە چونکە هەریەکەیان لە گۆرەپانی ئەویتریان وازی دەکـات ، هەروەها دەڵێت لە بنچینەدا بابەتی سەرکردایەتی باس لـە مـرۆڤ و چۆنییەتی کارکردنی مرۆڤ لەگەڵ ئەوانیتردا دەکات بە تونـدیش سەرکردایەتی بە کولتورەوە دەبەستێتەوەو وا دەبینێت کە تاکـەکان و سـەرکردە پێکـەوە لێکدانەوەیـەکی هاوبەشـیان بـۆ نـاوەڕۆکی رووداوەکان و کارە ڕۆتینیەکانی رۆژەوە هەیە « Lennart,Nels: 1998»

ئەنسکلوپای نەتەوەیی سوید سـەرکردە بـەم شـێوەیە پێنـاس دەکات : لێکۆلینەوە دەربارەی سەرکردایەتی لە بـواری فەلسـەفی بازرگانی و سایکۆلۆژی وسسیۆلۆژی وسیاسـیدا زۆر کـراوە بـەلام بەشێوەی گشتی :

« سـەرکردایەتی نـارسمی بـە بەرپرسـیاریەتی نەبەسـتراوە و هەروەها پێویست بوونی ئەرکەکان یان ئامانجەکانی نی یە. بـەلام سـەرکردایەتی رەسمـی (بەڕێوەبـەری گشـتی ) بەپێچەوانـەوە سەرکردایەتی ، بەردەوامی یەکە ئەبێ ئەرکەکان جێ بـەجێ بکـات وبتوانێ بە ئامانج بگات.هەروەها توانای کێشانی هێلێکی جیاوازی لە نێوان سـەرکردایەتی «کـە دەیـەوێت خەڵـک لـەدەوری خـۆی کۆبکاتەوە» وبەڕێوبەری گشتی (کە لـە دەزگایـەک بەرپرسـیارە

بۆجێ بەجێ کردنی کارەکـان وگەیشـتن بـەئامانج) لـەرێکخراوە رسمییەکاندا نیە . « برگیتە ئالتۆپ » دەڵـێت زۆرسـەختە چـەمکی بەرێوەبەری گشـتی ولێپرسـراو(Chef )و سـەرکردە(Iedare ) لێـک جیابکرێتەوەو گەلێک جاروەک یەک بەکاردێن گەر چـی ئەمانـە ناوەرۆکی جیاوازیـان هەیـە. بەرێوەبـەری گشـتی سـەرکردایەتی کارێکی رەسمی دەکات ، کاریش گەلێک جـار پێناسـەکراوە بـە بەرپرسیاری و هەبوونی دەسەڵات لەبوارێکدا، یان خانەیەکی دیاری کراوی لەناو دەزگایەکدا هەیە .کاری بەرێوەبەری گشـتی واتـای هەبوونی شوێنێکە لەدەزگایەکەدا ، بۆئـەوەی ببـێ بەلێپرسـراویش پێویسـتەگوێ راپەڵـی لێپرسـراوی بـەرزتربێت. هـەلبژاردنی لێپرسراوەکە بەرەسمی لەسەرەوەی دەزگایەکە بریار دەدرێت. ئەمە زۆربەرِوونی دیارە، بـەلام ئەگەرئێمـە بمانـەوێ لـە نزیـک ترلـە سروشتی سەرکردایەتی بگـەین ، ناچـارین دەسـت نیشـانی ئـەو جیاوازیانە بکەین کەدەکەونە نێوان پایەی بەرێوەبـەری گشـتی لـە لایەک ولەلایەکی تریشەوە بەکارهێنانی دەسەلاتی سەرکردایەتی.

لێپرسراوێکی نوێ ڕاستەوخۆ نابێتە بەرێوەبەری گشتی .کاتێکیش هاوکارەکانی لەبواری خۆیدا بونی لێپرسراویتی دەسـەلمێنن ، ئـەوە بەومانایەکـە ئـەوان مـل کـەچی بوارەکـەو شـێوەی رەفتارکـەن ،کەلێپرسراوەکە سـەرکردەیانە ، گـەرچی لەراسـتیدا لێپرسـراوەکە رۆڵی خۆی وازی دەکات ، بەڵام هێشتا خـۆی مسـۆگەری نیەکـە راستەوخۆ ناسنامەی سەرکردەی هەیە . بەلام سەرکردایەتی ، شتێکە

هەڵقولاوی ئەو پەیوەندی یە قولانەیە کە ئەوانەی تـر ڕازیـن ئـەو سـەرکردەیان بێـت .سـەرکردایەتی پرۆسـەیەکی نـاڕەسمی یـە لەسـەربنچینەی ئەوپەیوەندیـە نادیارانـە بناغـەی دادەنـدرێت کەگەشەدەکەن لـەنێوان سـەرکردەو هاورێکـانی. سـەرکردایەتی پوەندییە نەک پایە، سـەرکردایەتی لـەژێرەوە بـەدیار دەکـەوێت وگەشەدەکات پێویستی بەوەنی یـە بـەڕەسمی بەرپرسـیاری چەنـد بوارێک یان «ڵلاحیە»تی هەبێ .ناسنامەی سەرکردە لەوەوەدێت کە سەرکردایەتی بکات».

Birgitta, Ahltorp 31 PG

1998 Birgtta Alltrop och Liber AB Malmo Roll medvetetl lederskap

سەرکردایەتیش بە گەلێک شێوە پێناسەکراوە تەنیا هەندێکیان بە نموونە دەهێنمەوە.

- لیتکێنس«Lytkens » دەڵێت : «من مەبەستم لـە سـەرکردایەتی تازە هیچی تر نیە بێجگـە لـەوەی کـە توانـای کەسـێک بـێ بـۆ کەمکردنەوەی نائارامی مرۆڤەکانی تر».«1984,P 275 »

- ویبـــاری «1984 ,Wiberg » دەڵـــێت : ســـەرکردایەتی پارێزگاریکردن و گەشەکردنی سەرمایەی مرۆڤە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانج . ئەمەش لە میانی لەبەردەسـت دابـوونی سـتروکتورەکان و پشتگیرییە.

لێنــەرلۆف « Lenner lof » لــە ڕووی ســایکۆلۆژی کۆمەلا یــەتی ســەرکردایەتی بــەم شــێوەیە پێناســەدەکات و دەڵــێت : چــەمکی سەرکردایەتی کاریگەریەتی نێوان مرۆڤەکانە . «1984 . p 18»

ڕۆبینۆتز «Rubenowitz »دەڵێت: مــرۆڤ مەبەســتی لــە چــەمکی سەرکردایەتی ئەوەیە کە تا ئەو ســنورەی ئەتوانــدرێت ســەرمایەی کەسەکان و شتە بەردەســتەکان ســوودی لــێ ببینــدرێت و داوا لــە بەردەستەکانی یان کریکاران بکات کە کاری نایاب لە چوارچێوەی ئامانج و مەبەستی ڕێکخراوەکە ئەنجام بدەن. «1984,p109 »

تۆمی « Tommy »دەڵێت : سەرکردایەتی کارێکــە کــە لەلایــەن کەسێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێــت بــۆ گەیشــتن بــە ئامــانجێکی هاوبەش.« 1985. P5 »

جان پول کوترل لەجیاوازی نێوان بەرێوەبەری گشتی وسەرکردە دەنوسێ بەرێوەبەرە گشتی :-

«بریتی یە لە پلان دانان بودجە دیارکردن ودابەشکردنی سەرمایە و ڕێکخستنی، پشتیوانی پەیداکردن ورێکخستنی سیستەم و کۆنترۆل و بەدوا داچوون وجــاودێریکردن وهــەروەها چارەســەری کێشــە و دابین کردنی ئارامیە ». سەرکردایەتی:-

«بــریتی یــە لــە ئاراســتەکردن و گەشــە بــەبیر و بۆچوونــدان ودیارکردنی ستراتیژی ودیارکردنی ئامانج بۆ هاورێکانی و بزواندن و ئیلهام بەخشــین هــەروەها دابــین کــردنی زەمینەیــەک کــەپێی ڕووبەڕووی داخوازییەکانی ئایندە ببنەوە».

(( _Kotter, John P:A Force for change, 1990. ))

سەرکردایەتی هەمیشە سەرنجی مرۆڤی راکێشاوە رەهەندی جیاوازییەکانی سەرکردایەتی حەزوو ئارەزووی خستۆتە روو ورژاندوویەتی. لەسەردەمی گریکەکانەوە ئارەزووی سستەمەکان بەپلەی یەکەم کات وسەرمایەکی زۆریان خستۆتە گەڕ بۆ لێکۆڵینەوەی سەرکردە وسەرکردایەتی. مرۆڤیش لە هەموو لایەنەکان ( لە جیاوازی کەسایەتی و پەروەردە و ئاستی خوێندن و کەلتوری ستیلی سەرکردایەتی هەروەها مەرجە ئابووری و باروودۆخەکانی سەرکردایەتی کۆلیوەتەوە.

Stogdill 1974, Karlof 1994 P 61

*لێکۆڵەرەوانی زانست کەسایەتی سەرکردەکان لە خوایەکانی گریکەکاندا دەدۆزنەوەو کردەوەکانیان دەکەنە پێودانگێک بۆ سەرکەوتنی سەرکردەکان، هەرچەندە لێکۆڵەرەوەکانی ئەمرۆ نەیانتوانیوە هەموو خاسیەتە مۆدیرنەکانی سەرکردەکان لەتاکە خوایەکدا بدۆزنەوەبۆیەش لێکۆڵینەوەی بەر فراوانیان لەسەر گشت خوداوەندەکان کردووە .سەرئەنجامی خاسییەتەکانیان کردۆتە بەردێکی بناغەیی لەبواری جیاجیادا بۆ سەرکردەی لێوەشاوە .«چارلس هاندی» لە کتێبی «خوداوەندە کۆنەکان» و« بەرێوەبەرەکانی ئەمرۆ» بەدرێژی باس لە کەلتوری خوداوەندەکان دەکات و دەیەوێت لە کەلتوری گریکەکاندا سەرکردەیەکی وا دروست بکات کەزۆربەی خاسیەتەباشەکانی ئەو خوداوەندانەیان*

تێدابێت .خوداوەندی« زیۆس» و «ئەپۆلۆن» و «ئەسینا» هــەروەها« دیۆنیسۆس» ئەو خوداوەندانەن کە لێکۆلینەوەی قۆڵی لەسەر کردون و زیۆسی بەخوداوەندی حوکمرانی قەڵەمرەودەزانێ و دەیکــات بــە خواوەندی بڕیاری بەپەلەو یەک لا یەنە بڕیار دان و ئەپۆلۆن بەخوای باشترین ڕێکخراوە دەزانێ و کچــە خواوەنــدی ئەســینا کەتــەنیادان بەدەسەلا ت و توانادادەنێت بەمەرجێ ئەمەش لەسەر بنچینەی ژیــری بێت بەخوای ژیری دەزانێت هــەروەها خواوەنــدی دیۆنیســۆس بــە خوای هونەر دادەنێت واتە ئەو سەرکردەی بــاوەڕی بەهونــەرەکانی خۆی بۆ سەرکردایەتی کردن هەیە .لەکاتێکــدا کــە ســەخت بێــت هەموو خاسیەتەکان لەتاکە خوایەکدا هەبن بەهــەمان شــێوە ســەختە هەموو خاسیەتەکان لەتاکە سەرکردەیەک داهەبن لــەوەش ســەختر ئەوەیە ناتواندرێت ئەم خاسیەتانە تایبەت بن بەسەرکردەی وولاتێک یان سەرکردەکانی کیشوەرێک بۆیە بۆ گەڕان بەدوای ئــەم جــۆرە ســەرکردانە ئــەبێ بەکــەلتوری نەتــەوەکان و شــێوەی سیســتەمی بەڕێوەچوونی دەوڵەتەکان دابگەڕێن و زانستیانە لێکۆلینەوە لەســەر خاسیەتەکانیان بکرێت .چــارلس پــێ وایــە هــەبوونی سمبــول بــۆ سەرکردەکان یەکێکە لەمەرجەی لێهاتووی ســەرکردەکان بۆیــەش سمبولی خوداوەندەکانی شیکردۆتەوە تالەناخیان شێوەی دەســەلا ت وحوکمرانی هەڵێنجێ. سمبولەکانیش:-« تــەونی جالجالۆکــە» بــۆ «خواوەندی زینۆس»و«، پەرســتگای گریکــی» بــۆ« ئــەپۆلۆن» و« تەون» بۆ خوداوەندی ئەسینا و« کۆمەڵێ ئەستێرە» بۆ« دیۆنیسۆس»

*دادەنێت*.«لێکۆلینەوەی سەرکردە هیچ پرنسیپێکی تایبەتی نییە بەڵکو لێکۆلینــەوە لەســەر هــەموو بابەتــەکانی زانســتی کۆمەلا یــەتی و رەفتارەکان دەکات .یان بەواتایەکی تر«هاملێت» ئەکتەری درامــای رێکخراوەکەیە و لەراستیدا هیچ توانای هەبوونی پرنسیپێکی گشــتی بۆ سەرکردەیەکی سەرکەوتوونیە »

"Stefan Hammaren och Student litteratur. 1997: 61 P .Lund"

کەواتە بۆ لێکدانەوەی زانستی سەرکردایەتی ئــەبێ بەبــەردەوامی پشت بەرِەهەندی هەمەجۆر ببەسترێ و بە بــەردەوامی لێکۆلینــەوەی نوێش بکرێت ، چونکە زۆربەی ئەو ســەرچاوانەی لەبەردەســت دان لەسەر سەرکردە لەسەر ئەنجامی خاسییەتەکانی ئەو سەرکردانەن لــە بوارە هەمە جۆرەکان کە مێــژووی مرۆڤــایەتی بەخۆیــەوە بینیــوە ،هەروەک ناکرێت لە قۆناغی پێشکەوتووی جیهانی ئەمــرِۆدا تــەنیا پشت بەبەڵگەکانی جیهانی دوێنــێ ببەســترێت بەهــەمان شــێوەش ناکرێت سەرکردەکانی رابردووش بکرێنە تاکە سەرچاوەیەک بــۆ لێکدانەوەی خاسیەتی ســەرکردەکانی ئەمــرِۆو ئاینــدە . بەتایبــەتی لەکاتێکدا کە سەدەی مودرێرن هەنگاو دەنێت بۆ ناو سەدەی زانیاری «ئینفۆرماشــن» لەوانەیــە تارادەیــەک پێکهاتــەی بــوونی مــرۆڤ گۆرِانکاری بەسەر دا نە هاتبێ ،بــەلام ئــەو سیســتەمەی کــەمرۆڤ ئەیــــەوێ ســــەرکردایەتی بکــــات گۆرانکارییــــەکی تــــەواوی بەسەرداهاتووەو ناشێ مرۆڤ بەهەمان عەقلیــەتی دوێنــێ پرۆســەی گەشــەکردنی کۆمەلا یــەتی بــەرێوەببات ســەرکردە لــە رابــردوو

دەســەڵاتداربووە ،حــوکمی موتلــەقی هــەبووە . ڕاســتیەکانی لــەو دەسەڵاتەدا دۆزیوەتەوە . بەڵام ئەمرۆ ئەو دەسەڵاتە شێوەیەکی تری بــەخۆگرتووە. ئەندامــەکانی کۆمــەڵ لێکدانەوەیــەکی تریــان بــۆ سەرکردایەتی هەیە .ســەرکردایەتیش بــۆ مانــەوەی هەیبــەتی ئــەم دەسەڵاتە لێکدانەوەیەکی تری بۆ پاراستنی ئــەو دەســەڵاتە هەیــە . چەندین تیورکەنووسراونتەوە بۆ شێوەی سەرکردە ئێستا لەناو چوون یان گەشەیان پێدراوە وشێوەیەکی تریان بەخۆوە گرتــووە لەوانەیــە تیۆری «پیاوی گەورە »Great man teorie گەشەی پێدراوە کەلــەکاتی خــۆی وای دەبــینی کــە تــەنیا خاســیەتەکانی ســەرکردە مــەرجی سەرکردەیەکی سەرکەوتوون کە ئەمەشیان ڕاستەوخۆ دەگێڕایەوە بۆ فاکتەرەکانی ڕەچەڵەک و جیاوازی بیۆلۆژی و پایەی کۆمەڵایــەتی ،گەر کەمێکی تر بگەڕێینەوە دواوە نــەجیب زادەکــان بەهایــەکی تایبەتیان لەفەلسەفەی سەرکردایەتی ئەوروپیدا هەبووە کەئەمرۆ ئەم تیۆرە خەریکە بەتەواوی لەناو دەچێــت. ســەرکردایەتی مــۆدێرنیش بــەرەو دابەزینــە ، ســەرکردایەتی زیاترلــە پێداویســتی بــارودۆخی پێکهاتەی گروپ و ئەو کێشــانەی کــە گروپــەکانی ڕووبــەڕووی دەبنــەوە ســەرچاوە دەگرێــت ، لەمــەش تیــۆری دژی ڕۆحـــی ســەرکردایەتی بــەدیار کــەوتون ، بــەڵام هەلبەتــە نابــێ فــۆرمی سەرکردایەتی بەتەواوی فەرامۆش بکرێت . «Studenlitteratn P 62» . بوون بەسەرکردە لەهەر بوارێکدا ، واتا پەیدا کــردنی روخســارێکی ناسراو لەناوکۆمەڵگادا . مــەرجیش نی یــە هــەموو ســەرکردەیەک

خۆشەویســـت و یـــان ســـەرکەوتوو بێـــت ، ڕاســـتە ئارەزوویـــەکی تارادەیەک (موتلەقە)کەمرۆڤ حەز بە بوونی پلەوپایە دەکات. بەلام داروخانی ئەوئارەزووە گـەلێک جارکۆتـایی بەخۆکوشـتن دێـت. هەرلە بەر ئەو حالەتە دەرونی یەشە مرۆڤ پێویستی بەلێکۆلـینەوەو دیارکردنی ئەو خالانـە هەیـەو بـەکارێکی گونجاویشـی دەزانـێ بۆسـەرکردایەتی بـەلام دیـارکردنی ئەوسـنورو خالانـە کـارێکی زەحمەتە بۆ نموونە «ڕالف مێلفین» دەلێت بۆ ئەوەی لێکۆلینەوەی سەرکردایەتی زیاتر ڕێو ڕەسمێکی هەبێ خالەکانی لێکۆلینەوە بـەم شێوەیەی خوارەوە دیار دەکات :-


١- سەنتەرێک بێت بۆ پرۆسێسی گروپەکان.
٢- کەسایەتی سەرکردەو کاریگەرییەکانی.
٣- بەدەر خستنی توانای دلسۆزی .
٤- ڕاڤە کردنی دەسەلات.
٥- خۆتێ هەلقورتاندن و ڕەفتارەکان.
٦- شێوەی قەناعەت پێ کردن.
٧- پەیوەندی دەسەلات.
٨- ئامرازێک بۆ گەیشتن بەئامانج.
٩- هاوکاری لەناوگروپەکە.
١٠- ماکی ڕۆل.
١١- پرۆسەیەک بۆ فروان کردنی شێوەیەکی رۆلی سـتروکتورو لە ناو گروپ ورێکخراوەکاندا. «Ragph Melvin 1974 »

بەلام پێویستە ئـەم خالانـەی سـەرەوە پشـت ئەسـتور بكـرێن بەتەواوكەری نوێ.

لەوانە:- « مێتاڵەتیەت دژی سـەركردایەتی و سـەركردایەتی ژن وسەركردایەتی پرۆژە. سەنتەری كێشەی سەركردایەتی وپێداویستیە هەنوكەییەكانی سەركردایەتی» . هەمان سەرچاوە p 63 .

هەولدان بۆ دیاركردنی چەند پرنسیبێك لە كاتی لێكۆلینـەوەی سەركردایەتی ئەبێتە هۆی بەهەڵەداچوون وكەم كردنەوە لـە ئاسـتی لێكۆلینەوەكە .بەلام چاوپۆشیش لەتاكە پرنسیپیەكان لە هەمان كاتدا هەڵەیە .چونكـە دیارنـەكردنی هـیچ پرنسـیبێك دەبێتـە نانـەوەی ئاژاوەیەك كە ناتوانرێت مەرجـەكانی تـەواو بـۆ سـەركردەیەك دیاربكرێت ، بۆ روونەدانی ئەم هەلانە، ئەبێ بەدوای ئـەم قوتابخانـە یان تیوریانەدا بگەرێن كەتا ئێستا توانیویانە رۆلی خۆیان ببیـنن لـە پرۆسەی پێ گەیاندنی سەركردەو ئاكارەكانی .«لە زانكۆی ئویـو Ohio State University» مۆدێلێكی دوو رەهەندی كلاسیكیان گەشە پێ داوە بۆ لێكۆلینەوەی رەفتارەكانی سەركردە كـە بـەشێـــوەیەكی زۆر ئاسـان زۆربەی بـــەشەكانی لەكێشەی سەركردایەتی دەخاتـە روو .مۆدیـلی «ئویـو»

(Ohiomodell) سەركردایەتی بەشێوەی (Structure) سـتركتورو بیركردنەوە (Consideration) باس دەكـات ،بـەم شـێوەش هێلكـاری كردووە:



ستروکتور

ئەگەر تەماشای ئەم هێلکارییە بکەین ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کــە ئاســۆیی واتــە ســتروکتوری ســەرکردە رێــک دەخــات وسەرکردایەتی دەکــات پــلان دادەنــێ و کۆنتــرۆلی دەزگاکــانی خوارەوە دەکات ، بەبێ ئەوەی گوێ بــە ئــارەزووی ئــەوان بــدات سەرکردە رۆلێکی کاریگەر وازی دەکــات.خالــی (A )پەیوەنــدی بەســەرکردایەتی هەیــە (Studentlittent) لــە هێلــە ئەســتونی یەکــە (Consderation ) بیرکردنەوەی سەرکردە بەپلەی بەرزو ئارەزوو بیرو پێویست و هەستەکانی ئەو کەسانە لێ دەکۆلێتەوەو دەخاتە بەرچاو، ئەم زیاتر گروپی کارەکان دەخاتە بەرباس سنوری نێوان چــەمکی ستروکتور و کۆنسیدراشون چەسپاو نی یە .لە(مودێلی ئویو )مــرۆڤ دەتوانێ ، رەفتارەکانی سەرکردە لە نێــوان پێــوەری نەخشــەی دوو ڕەهەندەکە دابنێ و بەرزی ونــزمیش بــە گــوێرەی هێلکارییەکــە دیاردەکــەوێت .«کاتــێ ســەرکردە کــاتێکی زۆر دادەنــێ بــۆ سەرکردایەتی گروپەکە لە هەمان کاتــدا پێویســت وئارەزووەکــانی گروپەکە لەبەر چاوبگرێت (سەرکردەیC لە وێنەکە).

بەلاَم بە پێچەوانە لە خالی(D) هەردوو پێوانەی نەخشــەکە نــزمن. سەرکردە لێرە نە بۆ سەرکردایەتی و نــە بــۆ پەیوەندیــەکی چــاکی کۆمەلاَیەتی وچاوەروانی لێ ناکرێت ، بەلکو لە هەردوو ئاســتەکان وا نیشان دەدات کە کارەکــە بــە ئــەمری «خــوا » دەڕوا ، چونکــە سەرکردە کە ڕۆلێکی زۆر پاسیڤ(Pasiv)دەگێرێت . بەلاَم لەهــەمان کاتدا لــە وانەیــە ئــەو چــالاک بێــت بــۆ هەلّــبژاردنی کارەکــان. سەرکردایەتی( D )پەیوەندی بــە مێتالەتیــەتی دژە ســەرکردایەتی هەیە.گەلێک جار ئەم جۆرە سەرکردایەتی یە رەسمیانە شوێنیان پــر دەکەرێتەوە بە سەرکردایەتێکی نارەسمی.

سەرکردەی( E )چــالاکترە لــە هاورێکــەی(D )بــەلاَم ئــەوەش پاسیڤە.کەمێک زیاترە لەوانەشە کێشەکەی ئاگر بخاتەوە.

سەرکردەی ( F )تا ڕادەیەک مرۆڤێکی زۆر چالاکە ولە هــەمان کاتدا پەیوەندی باشی لەگەل ستافەکانی هەیە. ئەمە لایەنێکی باشــی ئەوەیە ووشیارانە ئاسایش دەپارێزێ وبیر دەکاتــەوەو دەزگاکــەش ڕێک دەخات.«هەمان سەرچاوە p 64 » . مرۆڤ ئەبێ ئــەم خشــتەیە بزانێ ، چونکە لەوانەیە پەیوەندی بەلایەنە بابەتیەکانی ســەرکردەوە هەبێت و بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستی بارودۆخەکانش بگونجێ ئەبێ لایەنــەکانی بابــەت بخەملّــێندرێن و«چۆنایــەتی خاســیتەکانی ستروکتورکۆنسیدرنویش» باس بکرێت . هارسێ و بــلاّن چــارد « Hersey and Blanchard» مۆدیلی(ئویو)یان بەشــێوەی چــوار خشــتەکی لێکدراوەتــەوەو بــەگوێرەی رەفتــاری پەیوەندییــەکان و رەفتــاری

ئەرکەکان وکاملی گروپەکان یان سەرکردەکە .کە لاوازتریان لەچوارگۆشەی چوارەم دا دەبینین و بەهێزترینیان لە چوارگۆشەی دووەمدا.P 65

رەفتاری پەیوەندییەکان

| | |
|---|---|
| چوارگۆشە (٢) پەیوەندی بەرز ئەرکی بەرز | چوارگۆشەی(٣) پەیوەندی بەرز ئەرکی نزم |
| چوارگۆشەی( ١) ئەرکی بەرز | چوارگۆشەی(٤) پەیوەندی نزم ئەرکی نزم |

رەفتای ئەرکەکان

وێنەی (**٢**) سەرکردە بە گوێرەی پێگەیشتنی (کامڵ ) بوونی گروپەکە.

لەم هێلکارییانە بۆمان بەدیار دەکەوێت ،کەئاستی سـەرکردایەتی و ئەو کەسانەی سەرکردایەتی دەکەن ، دەبێ چەند بەرزبن لە هەمان کاتدا دەبێ خـاوەنی ئـەزموونێکی زۆربـن ، زانیاریـەکی ئێجگـار زوریشـیان هـەبێت بـۆ ئـەوەی لـەو ئاستەدابن وکامـل بـوونی لێپرسـراویەتیان هـەبێت وپەیوەنـدێکی نـاوخۆیی و دەرەکـی بەهێزیشیان هەبێت وتا سـەرکەوتووبن . «سـەرکردایەتی پێویسـتە ژمارەیەکی زۆر کەس کۆبکاتـەوە کەئاسـتێکی بـەرزی زانیـاری تایبەتمەندییان لە بەشێکی بچوکی کارەکانـدا هـەبێت » (هـەمان سەرچاوە لاپەرە ٦٦ )

بێجگە لەو قوتابخانانەی کەباسمان لێوەکردن چەنـد قوتابخانـەی تریش هەن کە گرنگی دەدەن بەمەسەلەی سەرکردەو چۆنیەتی پـێ گەیاندن و لێکۆلینەوەی زانستیان دەربارەیان کردووە ، لەوانەیە لێرە

جێگای هەموویان نەبێتەوەو لەتواناشدا نـەبێت . بەلآم بــــەکورتی ئەمەوێ بـاس لـەدوو قوتابخانـە بکـەم قوتابخانـەی مینشـیگان « Michiganskolan» کــە پــێ ی دەڵــێن چەنــد ڕەهەنــدەکان، کــە ئاراســـتەکراوە بەبەرهــەم«Production Centerad» و ئاراســـتەکراوە بەکارمەنـــد « Employee centerad» ســـەرکردایەتی ئاراســـتەکراو بەبەرهەمی ئەم ڕەهەندە بریتی یە لـە رەفتارەکـانی سـەرکردە کـە ئاراستەکراوە بۆ ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدات لەوانـە ئاراسـتەی کارەکان وچارەسەری کێشەکان و بنیاتنان و ڕێکخستن « Structunig » بەرێوەبردن هـەروەها کـۆنترۆل کـردن کـە ئەمـەش نیشـانەی ڕەهەندی رەفتارەکانە .

سەرکردایەتی ئاراستەکراو بەکارمەند :ئەمە بریتی یە لە کۆمەلێک رەفتـار ،کەئاراسـتەی هاوکارەکانـە .ئـەو سـەرکردەیە گـوێ لـە پێداویســتی و هێــزە بزوێنــەرە هەمــە جۆرەکــان و چۆنیــەتی بیرکردنەوەو هەست کردنی تاکە کەس و هاوکارەکانی دەگرێـت .ئەم جـۆرە سـەرکردە یـان بەرێوەبـەرە ، سەرپەرشـتی کارەکـان ناراستەوخۆ بەمشورەت دەکات ،چونکە گوێ لە خوارەوە دەگرێـت و پشتیوانی هاوکارەکانیشـی دەکـات بـۆ ئـەنجام دانی کارەکـان .ئەتوانین بلێین سەرکردەی ئاراستەکراو بـە کارمەنـد سەرپەرشـتی زیاتر بە غەریزەو هەستەکان دەکات .بـەلآم سـەرکردەی ئاراسـتە کراو بە بەرهەم بە ژیرو بیر سەرپەرشتی کارەکان دەکات .

E Q:-بەگوێرەی لێکۆڵـەرەوە دەرونیـەکان ئـەمرۆ فاکتـەرێکی بەهێزو گرنگە بۆ سەرکردە ، بۆیە گرنگی زۆری پـێ دەدرێـت لـە قوتابخانەکان وشوێنی کار و جەختی لەسەردەکرێت .ئەمەش ڕۆڵـی گرنگی خۆی وازی دەکات لەوەی کە «توانایی مرۆڤ بۆ کۆنترۆل کـردنی هەسـتەکان فاکتـەرێکی گرنگـە» . ئـەم تیـورە نوێیـــە قورساییـەکی زۆری هەیە و بۆ ئەوەی لە هەستەکانی خۆی بگـات وهێزی ورژێنەری ناوەکی« impulser » کۆنترۆڵی بکات هەروەها لە دەروونی خۆشـــییەوە هەســـتەکانی ئـــەوانی تـــر بخوێنێتـــەوەو سەرکەوتوتریشیان ئەو کەسە نییە کەئاستی (E Q ) بەرز بێت وبەڵکو ئەو کەسەیە کە ئەتوانێ هەڵس وکەوت لەگەڵ هەسـتەکانی خـۆی بکات ولەهەستەکانی ئەوانەی تریش بگات .

(( Rolmedvetet ledarskap Birgitta Ahltorp p 35 ))

ئەوەش بەتەنیا بەس نی یە کە مرۆڤـێک ( E Q) بـەرز بێـت و نیشانەی ئەوەیە کەشایانی ئەو شوێنەیەکە کاری لـێ دەکـات یـان ڕابەرایـەتیان دەکـات ، بەڵـکو فاکتـەری تـریش هـەن کەڕۆڵـی گـەورەیان هەیـە و ئەشـێ سـەرکردەیەک هـەبێت ئاسـتی ( E Q)لەرادەبەدەر بەرز بێت ، بەڵام لەوانەیە لەکاتی هەڵس وکەوتەکان لەناو خودی ڕێکخراوەکـە یـان کارگەکـە ئـەو ئامانجـە نـەپێکێ کەکاری بۆدەکات ، ئەمەش یەکێکە لەو نیشانانەی کـە لـەبوارێکی ترکەم وکورتی هەیە .

ڕێکخـــراو:- بـــریتی یـــە لەکۆمەڵـــە کەســـێک کەپێکـــەوە لەکۆمەڵگایەک بۆ ئامانجێکی تایبەتی تێدەکۆشن ،بەلام ئەندامەکانی نەوەی کولتوری کۆمەلگاکەن ،کولتوری کۆمەلگاش پـڕە لـەداب ونەریت وشێوەی هەڵسوکەوت کـردن ،کەئەمـەش وای کـردووە لێکۆلەرەوەکان گرنگیـەکی بـاش بـەبوارەکانی کولتـورو بـدەن کاریگەرییان لەسەر تاکە کەس بدۆزنەوەو شێوەی رەفتارەکانی کە فاکتەرێکی بەهێزە بۆ سەرکردایەتی روون بکەوە ،بۆیـە زۆربـەیان پێیان وایە (I Q) واتە«هۆشی زیرەکی کۆمەلایەتی» بەهەمان شـێوە گرنگە وەک هۆشی (E Q) .هۆشی کۆمەلایەتی بریتی یە لـەوەی کە مرۆڤ خۆی دەناسێ وتوانای خۆی دەزانێ. لایەنە لاوازەکـانی خۆشی پەی پێ دەبات وتەنانەت هەستیش دەکات کە چۆن هەلس وکەوت لەگەل کرپارەکان وهاورێکانی دەکـات ولـە رێکخـراوە جۆربە جۆرەکانیش تێ دەگات .چەمکی توانای کۆمەلایەتیش بـەو مانایەیەکە مرۆڤ حەز بەوەدەکات کەکار لەگەل مرۆڤـەکانی تـر بکات.« لا 35 هەمان سەرچاوە»

گـــەلێک جارلـــە یابـــان دەولـــەتەرۆژئاواییەکان و بۆدانـــانی بەرێوەبەرێکی گشتی ئاستی زیرەکی ولێهاتوویی رەچـاو دەکرێـت کەبەئینگلیزی پـێ ی دەلـێن «E Q» « Emotionell intelligens » « » توانای زیرەکی سۆز» «ئەمەش بۆ ئەوەیە بـزانن کەسـەکە چـۆن ئـــەتوانێ هەلـــس وکـــەوت لەگـــەڵ بارودۆخـــەکان بکـــات کەرەنگدانەوەیەکی زۆری هەیە بۆ نمونە لە شلەژان و رقەبەرایـەتی

وهاوكاری كردن لەحالەتی سەخت وناخۆش دا یان چۆن دەتـوانی ئەو ڕێچكانە ببڕێ و ململانێكە كەم بكاتەوە » « دانییل كول مان » Daniel Coleman دەڵێت بەرێوەبەری گشتی ئەمرۆ پێویسـت ناكـات توندوتیژ بێت ودەسـەلات بـەكار بێنـێ ،بەڵـكودەبێت لـە دڵـەوە سەرپەرشتی كارەكان بكات و لە ڕەخنە و پێكهاتەكانیشی نەترسێ » . p 67

ئەمـڕۆ چەنـدین شـێوەی تـر هەیـە بـۆ تـاقی كردنـەوەی بەرێوەبـەرەكان ،بـەلام ئەمانـە كـەمتر سـەركردەی ڕێكخـراوە سیاسیەكان دەگرێتەوە ، چونكە ئەمانە زیاتر لەناو خودی گەل یـان ڕێكخراوەكە پەیدا دەبن بەلام لێهاتوویان بە هیچ شێوەیەك نابێـت لەلێهاتووی بەرێوەبەرەكان كەمتر بێت ودەبێ عەقلیان زیـاتر ئـیش بكات ،چونكە ئەمانە بە پێچەوانەی بەرێوەبەرێك كەمتر پشت بـەو ڕێسایانە دەبەستن كە لەكتێبەكان نووسراوەتەوە.

ستراتیژی سەركردایەتی كە لـەناو ڕێكخراوەیـەك لەنگـەر ی نەگرتبێت ،سەلمێندراوە زۆرخەتەرەو تەڵـەی زۆریشـی لەبەردەمـدا هەیە، بۆ بەهێز بوونی ئەوسـەركردایەتیەش پێویسـتی بەدیالـۆگی زیاترورڕاڤـەی بـەردەوام و دانوسـتاندن و هەڵسـوكەوت كـردنی كێشەكان هەیە . « P 70-71 هەمان سەرچاوە»

هەروەها دوو لێكۆڵـەرەوە ،(لـوین، لیپیـت) ( Lewin , Lippit )و وایت (White) لێكۆلینەوەی لەسەر رەهەندی سـەركردایەتی ڕەهـاو دیموكراتی كردوە

« P 42,41 هەمان سەرچاوە ».

ئارنێ مالتێن «Arrne Malten » دەڵێت دەربارەی سەرکردە باس لە سێ تیوری سەرەکی دەکرێت :-

١. تیوری خاسیەتەکان .
٢. تیوری رەفتارەکان .
٣. تیوری بارودۆخەکان.

تیۆری خاسییەتەکان:- باس لەوە دەکات کە سەرکردە هەر لەکاتی لە دایک بوونیەوە جینایەتی سەرکردەی تێدایە بۆ ئەمەش پشت بە تیوری «پیاوی گەورە » دەبەستێ کە خاوەنەکەی (کارلێل)ە «Carlyle » کە دەڵێت فاکتەرەکانی بۆماوە و جیاوازییەکان بایلۆجی رۆڵی خۆیان هەیە پێ وایە کە نەجیب زادەکان و میرەکان جیناتی شازیان هەیەو خاسیەتی سەرکردەیان تێدایە ، ئەم بۆ چوونەش دەگێرنەوە بۆ سەردەمی میکافیلی( **١٤٦٩-١٥٢٦**) کاتی ئەو باس لەو دوو شێوەی سەرکردەوە دەکات ئەو سەرکردەی کە هەر بەسەرکردەیی لە دایک بووە ئەوەی تریشیان کە لە قوتابخانەدا پێ دەگات و خاوەن ئەزموون و شهادەیە تا ئێستا لێکۆلینەوەی زۆر دەربارەی تیۆری خاسیەتەکانی سەرکردەکراوە ، هەندێ خاسیەتمەندی تایبەتی و کەسایەتی لە لای هەندێک سەرکردەی باش هەن ، بەلام «ئارنێ » دەڵێت هەموو لێکۆڵەرەوەکان دەڵێن کە تیوری خاسیەتمەندەکان مۆدیلێکی تاک

ڕەهەندییە «endimension » و هەندێک لە خاسیەتەکانی کەسایەتیش بەم شێوە دیاری دەکات:-

١. تواناو کامڵی و بەرپرسیارێتی و بەشداری و هەروەها حاڵەتی بارودۆخەکان «Status » «Arne 2000 p 52 »

هەروەها تولێرت ئەندرشۆن «1989 » کاتێ دەیەوێت بەدوای بەرێوەبەرێک دابگەڕێ مەرجەکانی ئەمانەن:-

- توانای هاوکاری کردن.
- سەربەخۆ.
- توانای چوست و چالاکی.
- ئاراستەی ئەنجامەکان.

بەلام کاتێ «ئارنێ» لە تیوری رەفتارەکان بەدوای سەرکردەیەکی چالاکدا دەگەڕێت دەڵێت پێویستە مرۆڤ پرسیاری ئەوە بکات سەرکردە چی دەکات؟ سەرکردە کێیە ؟ بۆ ئەمەش پشت بە کۆمەڵێ سەرچاوە دەبەستێت و بەدوای خاسیەتە هەرە باشەکاندا دەگەڕێت ، دەیەوێت (تاکە ڕەهەندی) سەرکردە ڕەت بکاتەوە ، سەرکردەیەک دروست بکات ، کە چەند ڕەهەندی باشی هەبێت و دەڵێت گەلێک جار پێویستە ئێمە پشت لە خاسیەتی کەسایەتی سەرکردەکە بکەین ، بەدوای داهێنان و کامڵی و خاوەن ئەزموون دا بگەڕێین و هەروەها دەڵێت ئەمەش نابێ وامان لێبکات واز بەتەواوی لە خاسیەتەکانی کەسایەتی بێنین ، چونکە تووشی هەمان کێشە دەبینەوە ، ئێمەش سەرکردەیەکی تری تاک ڕەهەندی

دروست دەکەین ، ئەو دەیەوێت سەرکردە چەنـد ڕەهەنـدی باشـی هەبێ ئەگەر نا بەلانی کەم دوو ڕەهەندی باشی هەبێ.


## تیۆری بارودۆخەکان:-

ئارنێ دەڵێت: تۆیوری ڕەفتار دوو رەهەندییەکە دەکەوێتە نێـوان کاری سەرکردایەتی و ئاراستەی کەسـایەتی ، بـەلام لەوانەیـە ئـەم تیۆرەش ناتەواو بێت بـۆ تـەواوکردنی کەسـایەتی سـەرکردایەتی بەشێوەیەکی چالاکتر تابتوانێ باشتر ڕۆڵی خۆی ببینـێ ، هـەروەها تیۆری بارودۆخ شوێنی تایبەتی لە ژیانی سەرکردەدا هەیـە ئەمـەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی سەرکردەی سێ ڕەهەنـدی . مێـژووی ئـەم تێۆرەش بۆ شەستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە کە ژمارەیەک فاکتەری تایبەتی خۆی هەیە لەوانە «خـودی سـەرکردەکە خـۆی ، کاملی هاوکارانی ، پێگەیشـتنیان و کولتـورو قوتابخانـەو جـۆری کارکردن و هەروەها ئەو کاتـەی کـە هەیـەتی بـۆ بـەکارهێنانی دەسەلاتەکانی » «Arnne 2000 p 85 » . «لینـارت» و « نـیلس » ئـەم تێۆرە بە قوتابخانەی گونجاندنی بارودۆخەکان ناو دەبـەن و دەڵـێن جیاوازی نێوان ڕێکخراوەکان و رەفتاری سـەرکردەکان تـا دێـت کاریگەری زیاتر دەبێت . واتا ئەو ژینگەیەی کە سەرکردەی تێـدا دەژیت یان ڕێکخراوەکەی تێدا لە دایک بووە ڕەنگدانەوەی تایبەتی لەسەر چۆنیەتی کارکردنی سەرکردەکەو بریارداندا دەبێت ، چونکە لە لێکۆلینەوەکانی «بۆرنی» و «ساڵکاس» بەدیاردەکەوێت کـە بـۆ

چوونی ئاراستەکراوی دام و دەزگاکـان و ریکخـراوەو بـارودۆخی کارکردن و ترادیسۆنی رێکخـراوەو بـیرو بـاوەڕی بالادەسـت و بەکارهێنانی شێوەی تەکنـەلۆژیا و هـەروەها پەیوەنـدی ئەوانـەی رابەرایەتی دەکەن لە زۆربەی مەرجەکانی سەرکردایەتی بریاردەرن « Burns , Salkers:1961 ».

ئەم مەرجانەی ئەمانە دیـاری دەکـەن بـە روونی ئـەوەمان بـۆ بەدیاردەخات کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەو تیۆرەو تیۆرەکـانی تر دا هەیە کە «ئارنێ » باسی لێوە دەکات شێوە سەرکردەی تریش دروست دەکەن کە زۆر سەختە بتوانێ خۆی دەرباز بکات لەبـەردەم ئەم مەرجانەی کە ئەم تیۆرە باسی لێـوە دەکـات ، بۆیـە لێنـارت و هاورێیەکەی پەیامی ئەم تیۆرە بەم شـێوەیە رادەگەیـەنن .«پـەیامی سەرکردە بە گوێرەی بنچینەکانی ئەم تیۆرە ئەتوانین بڵێین هیچیان باشترین شێوە و گشتی نین کە بتـوانن ئیـدارەی رێکخراوەیـەک بکەن ، بەڵکو کامە گونجاوترە کە ئەمـەش بەشـێوەیەکی فـرەوان بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێ فاکتەری دیاریکراوی بارودۆخەکان .

هەروەها « هۆگۆ » سەرکردایەتی بە چەقی یەکگرتنی بارو دۆخ و سەرکردەو هاوکارانی سەرکردە دەزانێ و بەم شـێوەیە هێلکـاری سەرکردایەتی دەکات .




لێنارت و هاورێکانی ئەو مۆدێلە بە پەیوەندە بنچینەکانی سەرکردایەتی و لە بوارەکانی ئەدەبیاتی سەرکردایەتی و جەختە سایکۆلۆژییەکان دەزانن ، هەروەها ئەوەش رادەگەیەنن کە سەرکردایەتی پرۆسەیە نەک پایە . کارلێکردنی دوولایەنی نێوان سەرکردەو هاوکاران و بارودۆخەکان تێگەیشتنە گرنگەکانی پلە ئالۆزەکانی سەرکردایەتی بەدیاردەخات «Lennart 1998» . ئەمەش لەوانەیە لە ئاستی رێکخراو گروپەکان بە شێوەی جیاواز بەدیاربکەوێت هەربۆیەش بەگوێرەی تیۆری گونجاندنی بارودۆخەکان ئەو پرسیارە دێتەکایەوە ئایا ئەبێ سەرکردە چ وازییەک بکات یان رۆلێکی هەبێ تا بتوانێ وەک سەرکردە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەو دەسەلاتە لە دەست نەدات کە هەیەتی یان چ دەسەلاتێک بەکاربێنێ ؟ چونکە بارودۆخەکان راستەوخۆ کاریگەری پۆزەتیف یان نەگەتیفیان دەبێت لەسەر ئەو ئامانجەی کە سەرکردە کاری بۆدەکات . بۆئەمەش « لێنارت » دەڵێت «توور

بۆش»و هاوڕێکانی لەو باوەڕەدان کە ڕۆڵی سەرکردە لە گونجاندنی تاکتیکەکان و نوێنـەرانی گۆرانکـاری و سـەرکردەی پرۆژەکـان بەدیاردەکەوێت .ئەوانە پێیان وایـە سـەرکردە ئـەبێ سـتروکتوری رێکخراوەکە بگۆرێت و پێداویستی نوێ پەیـدا بکـات و هـەروەها فەرمانبەران فێری شـتی نـوێ بکـات «Tor Busch , Erek: p73 1989» . بێجگە لەمە زۆر لێکدانەوەی تایبەت هەن بۆ تیۆری بارودۆخـەکان ، چونکە بێجگە لە خۆ گەنجاندن باس لە بـارودۆخی جولـێنەرەکان و بارودۆخی گەشـەکردنەکانیش دەکرێـت ، هەریەکـەش لـە مانـە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر سەرکردەو دام و دەزگاکان هەیـە . هەرچەندە ئەمانەش بێ رەخنە نین چونکە چەندین تیۆری ترهەن کە باس لە شێوەی سەرکردە دەکەن لەوانەیە هاو مێژووبن لەگەڵ ئـەو تیێۆرە یا کۆنتر یان نوێتر بن ، تا ئێستاش بـەردەوام لێکۆلینـەوەیان لەسەر دەکرێن و شتی نوێیـان دەخرێتـە سـەرو ئـەوەی بێکەڵـکە لادەبرێت ، لـەلای ئەوانـەش هەڵـبژاردنی سـەرکردە ئاسـان نیـە هەروەک هەڵبژاردنی تیۆرەکان .

« لینارت »و هاورێکانی ناتوانن تەنیا پشت بـەتیۆرێک ببەسـتن بەڵکو چەندین شێوەی لێکۆڵینەوە دەهێتەوە، چونکە پێیان وایـە لـە مێژە لێکۆلینەوە لەسەر سەرکردە دەکرێت و چەنـدین بـۆ چـوونی جیـاواز هەیـە ، سـەرجەمی لێکۆلینـەوەکان دەربـارەی سـەرکردە بەگشتی بۆ ئەوەی کاریگەری سـەرکردایەتی گشـتی هـەبێت بـەم شێوەیە کورت دەکەنەوە .

ا. دانانی پلان و ڕێک خستن.

ب. خاوەن بۆ چوون بێت.

ت. کۆنترۆڵی هەبێ و بینرخێنێ.

ێ. زانیاری بدات و وەربگرێت.

ج. پەیوەندی هەبێ و هاوکاری و سەرپەرشتی بکات.

ح. مەبەستدارو باوەرپێکراو بێت.

هەروەها هەڵبژاردنی شێوەی سەرکردە لەلای «ئارنێ» زۆر سادەنیە ڕەخنەش لە «لێوین لیپیت»و«وایت» دەگرێت دەڵێت ئەوانە مێتۆدێکی تاک ڕەهەندیان لە لێکۆلینەوەکانی خۆیان بەکارهێناوە بۆیە کەباس لە تیۆری ئەوان دا دەکات دەڵێت:- بۆ ئەوەی باشتر تیۆری «لێوین»مان دەربارەی سەرکردەی موتلەق یان دیموکرات خواز بۆ ڕوون بێتەوە باشتر وایە پوختەی لێکدانەوەی ئەوان بخەینە بەرچاو. هەردوولێکۆڵەرەوەکە سێ شێوەی سەرکردەیان دیارکردووە .

١) سەرکردایەتی موتلەق.

٢) سەرکردایەتی دیموکرات خواز.

٣) سەرکردایەتی بەرەڵا

ئەوانە لێکۆلینەوەیان لەسەر چوار گروپی نێرینە کردووە کە هەرگروپێک لە پێنج منداڵ پێک هاتووە هەموویان لە تەمەنی «١١» ساڵیدان لە هەرگروپێک یەکێکیان کردووە بەسەرکردەیان بۆ ئەوەی لەکارەکانیاندا سەرکردایەتی چالاکیەکانیان بکات ،

لەهەرگروپێکیشدا بەگوێرەی بەرنامەیەکی تایبەت هەرسێ شـێوەی سەرکردایەتیەکەیان تاقی کردۆتەوە .

کاری گروپەکان بریتیە لەوەی مۆدێلێکی فرۆکە بەرهەم بهێنن .

## سەرکردەی «ڕەها» موتلەق :-

گروپەکەی بەتوندی سەرپەرشتی دەکات و خۆی هەموو شتێک دەکات و هەروەها لەکاتی بڕیاردان بە دەگمەن پرس بە گروپەکـە دەکـات ، خـۆی لـە گروپەکـە دوور دەگرێـت ، سـەرکردەکە دەزگاکە بەبچوکترین شێوە ڕێک دەخات و دابەشی دەکات وەک سەرۆکی گروپی ئاسن توانـەوە هەڵسـوکەوت دەکـات ،شـێوەی سەرپەرشتیەکەشی مەحکەم و توندە . ئەم بۆچوونەش لەو ئەگەرانـە سەرچاوە دەگرێت کە خەڵک خۆی بە بەرپرسیارنازانێ .

## سەرکردەی دیموکراتخواز:-

هەوڵدەدات کە هەموو ئەندامانی گروپەکە پێکەوە لە دانانی پلان و ئەنجامدان و بڕیاردان بەشداری بکەن و یارمەتی ئەوانـەش دەدات کە پێویستیان بە یارمەتیەو ئامۆژگاریان دەکات .

سەرکردەکە چـاوەڕوانی ئـەوە دەکـات ئەندامـەکان خۆیـان بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن ، هەروەها چالاکانە هاوکارییان دەکات و سوود مەندیشە لە پشتیوانی و بەرێوەبردنی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ گروپەکەدا . ئەم شێوەیە بـە قازانجـە بـۆ لـە یـەکتر گەیشـتن و چارەسەرکردن.

سەرکردەکە ئاراستەکردنی سەرپەرشتی گروپەکە لە ئەگەرەکانی خودی تێگەیشتنی خەڵک و کۆمەڵ سەرچاوە دەگرێت.

## سەرکردایەتی بەرەڵا :-

پاسیڤە تەنیا کاتێک ئامۆژگاری ئەندامەکانی دەکات کە داوای یارمەتی بکەن و خۆی بەکەم روو شەرمن دەزانێ و هەوڵدەدات لە دەرەوەی گروپەکە بێت .گروپەکە بەجێ دەهێڵێت وچی دەکەن بابیکەن بەهیچ شێوەیەک ڕەخنە نە لە تاک و نە لە گروپەکە ناگرێ .ئەم سەرکردەیە سەرکردەیەکی پاسیڤە.

مرۆڤ ئەتوانێ بڵێت ئەو سەرکردەیە بەتەواوی «غائبە» لە سەرکردایەتی کردندا.

ئەم جۆرە سەرکردە هیچ ئەگەرێکی دەربارەی خەڵک نیەو لە جیهانی ئەودا ئەگەری هەبوونی خاسیەتی سەرکردایەتی نیە.

بابزانین ئەم سێ شێوە سەرکردە چ کاریگەرییەکیان لە کارکردن و بارودۆخەکاندا هەیە.

سەرکردەیەکی موتلەق بەخێرایی سەرپەرشتی گروپەکە دەکات لە کارکردندا ، بەلام سەرکردەی دیموکراتخواز سەرپەرشتی باشترین چۆنایەتی کارکردن دەکات.

سەرکردەی پاسیڤ بەخەراپترین شێوە سەرپەرشتی کارەکان دەکات.

سەرکردەی موتلەق دەربارەی بارودۆخی لەناو گروپەکانــدا دوو ڕەفتاری هەیە:-

توند وتیژو شەڕانی و ڕەخنەگرتنی توند لە هاوڕێیان یــان هــیچ حیسابێکیان بۆ نەکات . چەوســانەوە و خــەراپ هەڵــس و کــەوت کردن و خۆشی نەبوون لە ناو گروپەکە دەبێتە هۆی پەیــدا بــوونی دەسەڵاتی موتلەق و کارنەکردن و جەنەگرتن .بەڵام لــە نــاو ئــەو گروپەی کە سەرکردەیان دیموکراتخوازە ،

گروپەکە هەست بە هاوکاری وخۆشی و هاوڕێیایەتی دەکــات . لە هی سێیەمدا گروپەکە و دوودڵە و هەمیشە دەمەقاڵــی لــە نێــوان ئەندامەکان دروست دەبێت ،چونکە هەست بەبوونی سەرکردەکەیان ناکەن.» 63-64 Arnp2000

ئەو سێ شێوەی سەرکردایەتیە« لێــوین» باســیان لێــوە دەکــات ئەمرۆ گەلێک جار بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێن:-

١. شێوەی سەرکردەی سەرکردایەتی ئاراستەکراو.
٢. شێوەی سەرکردەیی سەرکردایەتی گروپی ئاراستەکراو.
٣. شێوەی سەرکردەی پاسیڤ.

ئارنێڤیت و بێرنەر «Ahren Felt ^Berner » لەساڵی **١٩٩٢** دا بەم شێوە جیاوازی لە نێــوان ســەرکردەی دیمــوکرات و موتلــەق دەکەن:-

| | |
|---|---|
| سەرکردەی دیموکراتخواز | سەرکردەی موتلەق |
| دیموکراتخواز | دیکتاتۆر |
| مرۆڤایەتی | تەکنۆکرات/دەست بەئابوری وەگرنن |
| کارکردە | بیوکرات |
| ئامانجەکە بەڕێوە دەبات | هەمووشتێک کۆنترۆڵ دەکات |
| داهێنان لە کارکردندا | ووشک لە کارکردندا |
| جوولاوە | چەقیو |
| مرۆڤ وەک بیرو هەست وبابەت تەماشادەکات | مرۆڤ وەک ئامێرێک تەماشادەکات |
| مەبەستی بەڕێوەبردنی کارەکەیە | مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی خەڵکە |

بێجگە لەو لێکدانەوانەی لەسەر سەرکردەمان کردون پێویستە کەمێک بەدرێژتر لە جیاوازییەکان نێوان بەرێوەبەری گشتی و سەرکردە بدوێنن .چونکە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمدا لە ولاتە پێشکەوتوەکانی رۆژ ئاوا دا لێکدانەوەی چەمکی سەرکردە گۆرانکارییەکی تەواوی بەسەرداهاتووە .

ئەمەش لەئەنجامی بــەرەو پــێش چــوونی ژیــانی هاوولاتیــان و پرۆسەی گەشەکردنی دەوڵەتەکان بەئاقاری ئاشتی و دیموکراسی و چەسپاندنی زیاتر دەستورەکانی دەوڵەت و مل ملانێی شەریفی نێوان پارت و ڕێکخراوی کرێکــاران و ســەرمایەدارەکان .هــەر بۆیــەش چەمکی سەرکردە لە قانوونی دەوڵەتان شوێنی خۆی گۆتــووە . بــۆ نموونە «لێنارت رۆلین» و هاورێکانی چەمکی بەرێوەبــەری گشــتی لەژێر ڕۆشنایی قانوونەکانی کــار بــەم شــێوەیە پێناســە دەکــەن « چەمکەکە بە شێوەیەکی کلاسیکی لەسەر بەرژەوەندی خاوەن کارو کرێکار هەروەها بۆ چوونی جیاوازی نێوان ئــەوەی بریــاردەدات و ئەوەی بریار جێ بەجێ دەکات بنیات نــراوە « Forfattarna 1994: 1 p 173 ».

ئــەم نووســەرانە بەرێوەبــەری گشــتی زیــاتر بــەو کالایانــەوە دەبەستنەوە کە کاریان لەگەڵ دا دەکات ،دەڵێن :- کەســە دەســت نیشان کراوەکە گەورەترین بەرپرسیارەتی هەیــە لــە هەنــدێ دام و دەزگادا بۆ دابین کــردنی کالاکــان و پەیــداکردن ورێکخســتن و نوێکردنەوەهەروەها بەباشترین شێوە گەشــە پێــدانی کــە لەگــەڵ ئامانج و مەبەستی کارگەدا بگونجێت(هەمان سەرچاوە).

کەباسیش لــە ســەرکردە دەکــەن و وەک چــەمکێکی گشــتی دەڵێن:- سەرکردە لەلایەن هاوکارەکانی ناو تۆری دەزگاکــە دانی پێ دادەندرێت و کەسایەتی و کامڵــی و روحــی زەمــان هــەروەها بارودۆخەکان کاریگەری لەسەر دادەنێن .

هەروەها پێشیان وایە کە چەمکی سەرکردە چەنـد رەهەنـدێکی هەیە هەریەکەشیان ئەبێ بەجیا پێناسەی بۆ بکرێت و لێک بدرێتەوە ،چونکە سەرکردە جیاوازییەکی تەواوی هەیە لە کارگەو رێکخراو و رێکخراوی سیاسیدا . لـەبازاری ئابووریشـدا کریارەکـان پێوانـەی سەرکردە دەکەن کە لە کارگەدا دانی پێدا بنرێت ، چونکە ئەگـەر سەرکردەیەک نـەتوانێ گەشـە بەکارگەیـەک بـدات لـە هـەموو رووەکانیەوە ئەوا ناتوانێ کریار پەیـدا بکـات ، بۆیـە کـڕیارەکان مانەوەو نەمانـەوەی سـەرکردەکە دیـاری دەکـەن ، چونکـە ئـەو سەرکردە بەرێوەبەری کارگەکەیە کەلە سـەرەوە دانـراوە، ئەگـەر نەتوانێ کالاکانی خۆی ساغ بکاتەوە ئـەوا ناتوانـێ پایـەی خۆشـی بپارێزێت.

سەرکردەی سیاسیش لە ئاو هەوایەکی سیاسـی ئـەبێ شـارەزای ڕوحی زەمانەو پێویستییەکانی بێت و بیرو ووتارەکانیش لەو کاتەدا بباتـە نـاو خەڵـک کـە مەرجـەکانی لـەبارن و لەگـەڵ زەمـان و کاتەکانیش دەگونجێن بێجگە لەمەش چەند شـێوەی تـر هـەن کـە بتوانێ «پلات فۆرمێکی ڕەوا کە پایەکانی دابکوتێ و سەرکردەکانی تریش کەکاریگەری زۆریان هەیە دانی پێدا بنێن»چونکە بەبێ ڕەوا بوونی پلات فۆرمەکەی ناتوانـێ سـەرکردایەتی بکـات ، چەنـدین بەربەستی دێتە پێش کە بەبێ پشت بەستن بەکەسانی نزیکی خـۆی (سەرکردەکانی تر) مەحاڵە بتوانێ چارەسەریکی زانسـتی یـان بـۆ بکات .

لەناو ڕێکخراوەکانیش بێجگە لـە لێپرسـراوی یەکـەم لەوانەیـە کەسانی تر هەبن کە بیر چاک و گوتار بێژی چاک بـن و کـاری چاک بکەن هەروەها بۆچوون و پێوانەی خۆشیان بۆ سـەرکردایەتی هەیە و ڕەوایەتی خۆیـان هەیـە هـەروەها کاریگەریشـیان بەسـەر گۆرانکارییەکاندا هەیە.

کەباس لە سەرکردە و بەڕێوەبەری گشتی دەکـەین گـەلێک جـار چەمکێکی تریش دێتە نێوان و کە ئەمە زیاتر لە سیسـتەمی ئـەمریکی و هەندێ دەوڵـەتی ڕۆژئـاوا دا هەیـە ئـەویش «Management» ئـەوەش زەحمەتە کە ووشەیەکی دەقـا و دەقـی بەرامبـەر بدۆزرێتـەوە .بـەلاَم ئەتوانین بەسەرپەرشتی کارگەیەک پێناسەی بکـەین ،چونکـە زیـاتر پەیوەندی بە سەرپەرشت کەرانی کارگـەوە هەیـە .«لێنـارت ڕۆلـین» هاورێکانی سەرپەرشتیکار هەم بـە داهێنـەری بـازارێکی نـوێ و هـەم جێگیر کردنی دام و دەزگاکان دەزانن ، کـە توانـایی ئـەوەیان هەیـە چالاکانە لە دامو دەزگاکە کار بکەن و داهێنەرو نوێ کـەرەوەش بـن لەبەردەم شتە نوێیەکاندا (Fortattaruna 1994: 1 p 176 ) واتا ئەتوانین بلێین سەرپەرشتکار بەتەنیا تاکە کەسـێک ناگرێتـەوە بەڵـکو ئـەو گروپـە دەگرێتەوە کە پێکەوە کاردەکەن لە بـەڕێوەبردنی کارگەیـەک یـان دەزگایەک .بەلاَم ئەو شێوە سەرکردایەتیە تا ئێستا قـاوغێکی جیهـانی پەیدا نەکردووە ئەشێ لە ئەنجامی بەجێ هێشتنی کۆمەڵگای پیشەسازی لە ناو ئەو کۆمەڵگا نوێیەی شوێنی دەگرێتەوە ، سەرپەرشتیکارە شوێنی خۆیدا بکاتەوە ، ئەم کۆمەڵگایەش کۆمەڵگای زانیاریە .

# کارێزما

باشترین وایە ، چەمکی کارێزما ،لەروانگەی ماکس ویبــەرەوە ( Max Weber) بزانین ماکس دەڵێت : چەمکی کارێزما بریتی یــە لــە حالەتێکی «ئیستسنای» چۆنایەتی کەسێک ،کە کەسەکە چــەک دار کرابێت بە هێزێکی بەدەر لە سروشت وبان مرۆڤایەتی و یان بەلانی کەم هێزێکی نائاسایی تایبەتی یان خاسیەتەکان .کە ئەمەش مرۆڤــی ئاسایی نییەتی و ئەوکەسە بەهرەیەکی رەســەنایەتی خــوایی هەیــە ، وەک سەرکردەیەکی روحانی رێزی لێ دەگرن .

(Weber 1983: 1 , 166)

کارێزما، ئــەتوانن بــە واتــای خواپــێ داو (بەخشــندەیی خــواو )لێکبدەینەوە ،چونکە هەندێ خاسیەتی تایبەتی لە کارێزمادا هــەن ، کە لەلایەن خــەلکی ســادە بــەدی نــاکرێن . ســەرکردەیەک کــە خاسیەتی کارێزمای هەبێ ، زۆر ئاسانترە ئەتوانێ هەوادارن و بگــرە خەلکی تریش بە داوای خۆیــدا رابکشــێت ، چونکــە یــەکێک لــە ئیدیاکانی کارێزما ئەوەیــە «دوام کــەون» ١-لــەبری ئــەوەی وەک حوکم دارێکی رەها بلێت «ئەوە بکەن کە من دەیلێم ».

٢-چونکە کارێزماکە لەوەدایە جاماوەریەکی زۆر ســازو ئامــادە بکات و بەرەو ئەو ئامانجە یان ئاراستە بکات کە خۆی پێشەنگیەتی .

بەلاٚم بۆچی کارێزما پێویستەو چۆن پەیدا دەبێــت؟ لــەکویَ پەیــدا دەبێت ؟ وەلاٚم دانەوەی ئەم پرســیارانە ،بــە بــیَ لێکۆلینەوەیــەکی زانســتی مەحالــە ،چونکــە ئەگــەر بێــت وخاســیەت وبــارو دۆخ و شوێنەکانی کارێزما دیــاری نــەکرێت ، لەوانەیــە هەڵــەی زانســتی رووبــدات ،کــە کــاتێکی زۆری دەویَ بــۆ راســت کردنــەوەی لێکدانەوەی راستەقینەی زانستی کارێزما .هەروەها «کریشتین براو» ( CHRISTIAN BRAW ) دەربــارەی ســەرکردەی کارێزمــا دەڵــێت «کارێزمــا وەک خونچــە گوڵــێک وایــە بەرلەپشــکوتنی لــە نــاو گۆپکەکەدا خۆی پیَ دەگەیەنیَ و ئامادەیە بپشکوێت و جوانی بدات ئەمەش وێنەیەکی سروشتی و ڕەسەنە ، بەلاٚم ئــەو گولاٚنــەی کــە سەختەن هەر لەگەل پشــکوتنا جوانییەکــەیان وون دەکــەن و بــۆن وبەرامیشیان نی یە . ســەرکردەیەکیش کاتــیَ بــەپیَ دا هــەلگوتن وبەرزکردنەوەی لە لایەن هەوادارانــەوە خاســیەتی کارێزمــای پــیَ ببەخشریَ ، ئەمە زیانی زۆر بۆ رەوتی جولاٚنەوەکەو هەروەها بــۆ مێژووی ئەو نەتــەوە یــان رێکخراوەیــە دەبێــت ،کــە دەیانــەوێت گولێکی پلاستیک بکەن بــە کارێزمــا . ئەمــەش تــەنیا رووێکــی رازاوەی دەبێت ، بەبیَ ئەوەی ئەفسانەکانی خۆی بەدیار بخات ،کــە خوا پێــی داوە وەیــان ئــەو خاســیەتانەی لەگەڵــی لــەدایک بوینــە .کارێزمی سەرکردە لەوە دایە کەدوای نەمانی خۆشــی شــوێنەواری باشی لــەدوای خــۆی جــیَ بهێڵــیَ وکەشــاهیدی کارێزمــایی ئــەو سەردەمەبن کە تێدا ژیاوە .بەلاٚم ئەو ســەرکردانەی بــەزۆر کــراوە

بەکاریزما مەترسی ئەوە هەیە ببێتە غوربەتی ونەتواندرێت رەخنەیان لێ بگیرێت « لا ٢٨ » ، چونکـە ئـەم جـۆرە سـەرکردانە هەمیشـە لەپشـت پـەردەوە بریـار دەردەکـەن کەتـەواو بەپێچەوانـەی حـەزوئارەزووی جەماوەرەکەیـەتی ودەزگایەکیشـیان پاڵپشـتە بۆجێبەجێ کردنی بریارەکان هەروەها جەماوەر هەست بەغوربەتێک دەکات چونکە جەماوەرەکە جورئەتی هەیە بـەلام نـاوێرێ رەخنـە بگرێت لەوە دەترسێت ئەوەی چەندین ساڵە خـەباتی بـۆ دەکـات ئەمرۆ لە جەستەی کاریزمایەکی سەختەدا حەشار دراوە لـە دەسـتی بچێت .ئەمەش وامان لێ دەکـات کـەزیاتر پشـت بەلێکۆلینـەوەی بەهادارەکانی «ماکس ویبەر» ببەستن بۆ تێگەیشتنی لـە کاریزمـای کەسەکان .

« چـەمکی کاریزمـا لـە تیۆلـۆژی «ویبـەر» یەکێکـە لەسـێ پرنسـیبەکانی سـولتەی قـانونی رەوا « Auktoritet »ئـەکتۆریتێت .ئەوپەیوەندی یە ئەوکتۆریتیانـەش بەسـتراونەتەوە بـە پرنسیپـیە هەمەجۆرە رەواکان لەوانە شرعی و ترادیشۆن وکاریزما .

١.ئەوکتوریتیەتی شرعی: پەیوەندی هەیە بە بۆچوونەکانی شـتە شرعیە رێک خراوە بریاردراوەکان . مرۆڤیش حـەزی لێیـە و ئـەو یاسایانەشی قەبووڵە کە ئەمەش وا دەکات دەسەڵات بدەن بە خاوەن بریارەکە کە فەرمان بدات.

٢. ئەوکتوریتیەتی ترادیشۆن : لەسەر ئەساسی رێزگـرتنی داب و نەریتەکان دامەزراوە.

٣. ئەوکتۆریتیەتی کارێزمـاش : پەیوەنـدی خـۆی لـە سـەر پیرۆزی کەسایەتی شاز یان قارەمان یان خاسـییەتە نموونەییـەکانی خۆی دادەمەزرێنێ و دەستەڵاتی خۆی لەسەر باوەربوونی کەسەکان پێی بنیات دەنێ .ئەوکتوریتەکەش دەکەوێتە لای تاکـە کەسـەکان «ئیتاعەتەکەش» تا ئەو ئاستەیە دەروات کـە لـەو باوەرەدایـە ئـەو چۆنایەتیانەی داوای دەکات لەدەروونی تاکەکەسـەکاندایە .« Lewin «1994: 1197 p

ویبەر بەردەوام دەبێت لەباس کردنی ئەو بۆچوونانەی کەئاسمانی کارێزما دادەپۆشێ . کە مەرجەکانی پەیدابوونی دیـاری دەکـات و ستروکتورە کۆمەلا یەتیەکان و هەروەها گۆرانکارە کۆتاییـەکانیش دەگرێتەوە ،

«لێوین» دەڵێت ئامـانجی مـن لـە ووتـووێژکردن دەربـارەی کارێزمای سەرکردە تا سنورێکی گونجاوە .ئەوکتوریتەی کارێزما و ڕاستیەکان جیاوازن لـەدوو پرنیسـیپەکانی تـری ئەوکتوریتیـەت . چونکەکارێزما تایبەتەو بەستراوەتەوە بەهەندێ کەس « Lewin 1994: 1 . « p197

مەرج نیە کارێزمـای سـەرکردە وەک خـۆی بمینـێ لـەخودی سەرکردەکە بەڵام لەناخی تاکەکەسەکانە ، کارێزماکە شوێنی خۆی بەر نادات وجێگیرە ،ئەوکتوریتیەتی کارێزمەش لەوانەیـە بگۆرێـت بەئەوکتوریتیەتی ترادیشۆن کەئەمەش بـەرروونی لـەخودی گانـدی بەدیاردەکەوێت ،کاتێ سەرکەوتن بەدەست دێنێت بۆبنیات نانەوەی

کۆمەلا یەتی ودارشتنەوەی کەسایەتی هیند و ئالەوکاتەدا کاریزمـای گاندی چەق دەبەستێ وجوهر هلال نهرۆ ماشـینی بنیـات نانـەوەی نیشتمانەکەی دەبێت ،روحیانەتی گاندیش وا لەکەسـەکان دەکـات گەلێک جار دژی ماشـێنی بنیـات نانـەوە بوەسـتن ، چونکـە ئـەو شۆرشێکی بـێ تونـدو تیـژی بـەرپا کـردو «بایـە کـوتی» هێـزە پیشەسازییەکانی داگیرکەرانی کردو بـەلاّم پێداویسـتیەکانی ئـەو کۆمەلا نی خەڵکی هیندی کە پێویسـتیان بەشۆرشـێکی پیشەسـازی دەبێ لەکاریزمای گاندیدا نەدۆزنەوە . بۆیە« ینگرد ویدلوند» « lngrid widlund » رازی نییە لەتەواوی لێکدانەوەکانی ویبەر .

دەڵـێت« ویبـەر» کـاتێکی زۆری خـۆی خـەریک کـردووە بەرۆتینەکانی کاریزمـا وئەوکتوریتـەکانی کاریزمـا . بـەگوێرەی ویبەرئەوکتوریتیەتی کاریزما لەسروشتدا ناجێگیرە ، بۆیـە حـوکم ئەدرێت بەئەوکتوریتیەکی ترکە ترادیشۆنە بگۆردرێت. ئالەوکاتەدا کاریزما وەک شانەیەکی ئیستسنا لەئاسـایش وقـانونی جێگیرکـراو دەمینێتەوە هەروەها وەک راستەیەک لـە خزمـەتی ئـەو ئاسـایش وقانونە دەبێت « Lewin, 1 197 P »

کاریزما تایبـەت نیـە بەرەگـەزەک یـان ناوچەیـەک ،بەڵـکو خاسیەتێکە لەناو تەواوی رەگەزەکان وکولتورەکانی جیهاندا بەدی دەکرێت ، هەروەها ئەتوانین بڵێن سـەدەی بیسـتەم خاسـیەتەکانی کاریزمای لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو زۆریش لەدەوڵەتانی جیهانی سـێیەمدا تەقینـەوە ،کـە ئەمـەش لەئـەنجامی بـەرپابوونی شۆرشـە

رزگاریخوازەکانی جیهان بووەو هەرچەنــدە تارادەیــەک کارێزمــا لەئەوروپاشدا دەبینرێت بۆنموونە چرچیل وهتلــر ومۆســۆنی وپالمــە (تارادەیەک)تونی بلیر وکلینتۆن و هەروەها رۆزڤۆلت.

ویبەر باس لەوەش دەکات کەلەوانەیە هەندێک خاسیەتی شاراوە لەکەسێکدا هەبن بەلام ئەمانە پێوانــەی کارێزمــای کەســەکە نــیین بەڵکو پێوانی ئەوەن چۆن خەڵک سەیری کەســەکە دەکــات .ئــەو دەنووسێ «گرنگ ئەوە نیە کەسەکان چــۆن لەڕوانگــەی ئــەخلاقی سەرکردەکە دەڕوانن ، بەڵکو ئەوەیە کەهەوادارەکانی چۆن هەڵس وکەوت لەگەلیدا دەکەن ، چونکە پێویســتە کارێزمــای ســەرکردە داخوازییەکان دانپێدا بنرێت بۆئەوەی ئەوکتۆرێتیــەتی خــۆی راڤــە بکات .دان پێ دانانی خەڵــکەکەش ســەرنج راکێشــانیان بــۆ راڤــە کردنی ئەوکتوریتیەکە بریاردەرە بۆ بە قانون بونی کارێزماکــە « Weber 1983: 1 166 » کارێزمای سەرکردەیەکیش ئەو کاتە لــەناو دەچێت کە هەوادارەکانی چی تر باســی خاســیەتە ئیستســنائیەکانی نەکەن «Lewin 1994:1 Ingrid 198 »

پێویست بوونی کارێزمــا ش، پێویســت بــوونێکی مێژوویــە و هەموو سات وکاتێک مرۆڤ پێویســتی بــەکارێزما نی یــە بەڵــکو ئەوکاتە سەرکردەیەک کارێزمای پەیدا دەبێت کە خەڵک پێویستی پێیەتی، یان وەلام دانەوەیەکی ئەو بارو دۆخەیە کە نیشانەی نائاسایی پێوە دیارە « ( Weber 1983: 111 193 »Lewin 1994: 1 198 P » پێویست بوونی کارێزما لەوانەیە بۆ رزگار کردن لەژێر دەستی بێــت ،یــان

قەیرانێکی ئـابوری گـەورە وەک بلاوبوونـەوەی بـێ قـانوونی و ئاســایش و نائــارامی گۆڕانکــارێکی مــەزنی جیهــانی «وەک جیهانگیری» .یان پارتێـک یـان ڕێکخراوەیـەک توشـی ئەزمـەی سەرکردایەتی هاتبێ و بیروکراتیەت خەریک بێت هەناوی بخوات . بەڵام ئەبێ ڕاستە مێژووییەکانیش لەبەر چـاو بـن ئـەگونجێ لـەناو گەلێک یان دوو یان زیاتر کارێزما سـەرهەڵ بـدات لـەدوو بـاروو دۆخی جیاوازدا ،بەڵام تاکو ئێستا هیچ لێکۆلینەوەی زانستی ئـەوەی نەسەلماندووە کە کارێزما بەبنەماڵە بێت و رووحی کارێزماش لـەناو بنەماڵەکەدا نامێنێتەوە .

ئەو سـەرکردەیەکە لـەرێگای کارێزمانیشـی بـەئامانجی خـۆی نەگەیشتووە «ئەگەر نەکوژرابێت» ئەوا لەڕاستیدا هـەر لەسـەرەتاوە بنەماکانی کارێزما ی تێدانەبووە بۆی هەڵبەستراوە.

کارێزمای سەرکردەیەک کاتێ بەدیار دەکەوێت کەپـەیامێکی پیرۆزی پێ بێت نەک ئەو پەیامە پیرۆزەی کەبەڵـێنی بەهەشـتێک دەدات بەمرۆڤ کەتادوای مردنی پێ ناگـات بەڵـکو ئەوپەیامـەی کەئەتوانێ مرۆڤ بیکات بەڕاستی ،ئەگەر پەیامەکەی کارێزما جـێ بەجێ بکەن رەفتارو کردەوەکانی ئەو بکەن بەڕەوشی گەیشتن بـەو بەهەشتە .بەڵام ئایا لەهەموو سیستەمێکی کۆمەلایەتی توانایی پەیـدا بوونی کارێزما هەیە ؟ دیـارە تائێسـتا لێکۆلـەرەوەکان بۆچـوونی جیاوازییان هەیە یەکێک لەهۆیـەکانی ئـەم بۆچوونـە جیاوازانـەش ئەوەیە لەسیستەمی دەولەتێکی پێشـکەوتودا مـرۆڤ سیسـتەمەکانی

رابردووی دیوەکەدەوڵەتەکە پێی گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کەئەمــڕۆ لە سیستەمێکی بەرچاودا قەوارەی گرتووە، بەڵام ئەگــەر ئەوکەمــە جیاوازییانەی نێوان کەسەکان ویان چینەکان لەکۆمەڵدا نەتوانــدرێت کەمتر بکرێنەوە هەروەها سەرکردەکە بەو کارێزمــای کەهەیــەتی نەتوانێ پەیمانەکەی بگەێنێ بەهاووڵاتیان .کەئەیــەوێت لەئــەنجامی کۆمەڵێک ریفۆرم ئەنجام بدات یان تــا ســنورێکی نادیــار کــەمیان بکاتەوە ئا لەو حاڵەتەدا زۆر زەحمەت دەبێ کە هاووڵاتیان بتــوانن باوەڕ بەو پەیامە بکەن ،چونکە مێژووی نەتەوەکان یان دەوڵەتەکان پڕن لەو جۆرە پەیمانانە و بگرە زیاتریش، بەڵام ئەمڕۆ ئێمــە لەبــەر دەمی ئەو سیستەمەدا دەژین کەکارێزمایەکی تر ئەیــەوێت ،ئــەوەی سەرکردەکانی رابردوو نەیانتوانیوە جــێ بــەجێ بکــەن ئــەوا ئــەو ئەتوانێ جێ بەجێ بکات.

لەوانەیە ئەم بۆ چوونەی سەرەوە زۆر لــەوە جیــاواز بێــت . لــەو کارێزمایەی کەلە هەناوی نەتەوەیەکی ژێر دەست یان دەولــەتێک کە جیاوازی نێوان کەسەکان و چینەکان زۆر بە ئاشکرایی دەبینرێت .کلاڤم (Clapham )رەخنەکانی خۆی لەسەر ئەوە بنیات دەنــێ ،کــە چــەمکی کارێزمــا کــەمی هەیــە بــۆ لێکدانــەوەو ئــەنالیزەکردنی ستروکتوری ئەوکتوریتیەتی گشتی لەسستەمێکی نوێ یدا.

هــەروەها «ویگنێــر» (Wiggner ) (15-17 : 1984 ) جیاوازییــەکی گرنگ دەکات لەنێوان سەرکردەی کارێزمایــەک و کارێزمایــەکی تر،کە لەسەر بناغەی ئەوکتوریتیەتی سیاسی پەیدا دەبێــت .چونکــە

کارێزمـای سیاسـی ئـەبێ هەوڵـبدات کەزۆرایـەتی ئەندامـەکانی سستەمەکەی بکات بەهەوادارانی خۆی .

بەلام ئەگەر ئەو جیاوازە هەبێ ئەوە لەوانەیە کارێزما کە سیاسـی نەبێ لەوانەیە پەیامێکی ئایینی پێبێت وکەئەمەش لەناوەڕۆکـدا هـەر سیاسی یە وگەرچی مۆرکی هیچ پارتێکی سیاسـی پێوەنیـە، بـەلام لەبەر مۆنۆپۆلی سیاسی و ئایینی ئەمڕۆ زۆر ئاستەمە مرۆڤـێک ببێتـە کارێزما ئەگەر هێزێکی تـری لـەپاڵ پشـت نـەبێ کەپەیامەکـەی بگەیەنێ بەتەواوی هاوولاتیان .ئەمەش تارادەیەک لەو ڕاستیە کـەم دەکاتەوە کەدەڵێن کارێزما ئەبێ کەسێکی بێ لایەن بێت.

واتە سەر بەهیچ پارتێک و مەزهەبێک نـەبێ .بـەلام ئـەبێ ئـەو ڕاستی یە بزانـدرێت وەک «ئینگـرد» دەڵـێت کـەکارێزما ئـەبێ ئیدیایەکی مرۆڤایەتی و هێزێکی خـوایی هـەبێت .سـەرکردەیەکی خاوەن کارێزماش هەواداران لەدەوری خۆی کۆدەکاتـەوە کاتـێ چۆنایەتی کەسایەتی خۆی بۆ سەلماندن. (Liwen 1994 :200)

یەکێک لەهۆیە هەرە گرنگەکان کە مرۆڤێک دەکات بەکارێزما یەکی کۆک ئەوەیە کەئەو کەسـە تاچەنـد شـارەزایی لـەکولتوری نەتەوەی یان گەلەکەیدا هەیە .چونکە مرۆڤ پـەروەردەکراوی نـاو کولتورێکە کەمەودایەکی مێژووی زۆر دووردرێژی هەیـە وەک واگنەر (Liwen 1994:2002 ) دەڵێت کولتور پرۆسـەیەکە کەهەمیشـە دەگۆرێ ئێمەی مرۆڤـیش داهێنـانی نـوێی تێدادەکـەین هـەروەها «مارشال سالین» .چەمکی کولتور بەواتای ڕێکخسـتن سـتروکتوری

سمبولەکان پێناسە دەکات «هەردوو فۆرمەکەش وەلام دانەوەی پێویستیەکانی مەتریال وپەیوەندی مرۆڤەکانی دەگەیێنن » کەواتا مادام کولتور ئەوپرۆسێسەیە کەمرۆڤ هەم خولقێنەریەتی هەم خۆشی بەشێکە لەو پرۆسێسە ئەوا چۆنیەتی بەکار هێنانیشی لەلایەن مرۆڤە وتوانایەکی بەهێزیش دەدات بەو کەسانەی کە بەکار دەهێنێ لەبواری خۆ پێ گەیاندن پرۆسێسی کارێزما .کولتور چ وەک مادی چ وەک مەعنەوی «مورال ورەفتار» کاریگەری گەورەی لەسەر بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵ هەیە ، ئەو سەرکردەی خاوەن کارێزماشە دەیەوێت خەڵک بەدوای خۆیدا رابکێشێ پێویستە بەدوای( روحی ) ئەو کولتورەدا بگەرێت و بەشێوەیەکی ئاسان لێکی بداتەوە وبیکات بەپەیام بۆ سەرکەوتنی کارێزمای خۆی.لەلایەکی ترەوە کولتور یەکێکە لە پایەکانی ناسنامەی کەسایەتی ،کارێزماش پێویستە کەسایەتی خۆی بسەلمێنێت .کەواتە پێویستە ئەو هۆکارانەش روون بکاتەوە کەکەسایەتی خۆیی لەسەر بنیات ناوە کە بەهێزتریشیان کولتورە .کاتێ کارێزمایەک دەقێکی کولتوری خۆیی دەکات بەپەیام ،ئەوا زۆربەی ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵە لەم دەقەدا خۆیان راستەو خۆ یان ناراستەوخۆ دەدۆزنەوە هەستێکی پۆزەتیفیان لەلادروست دەبێت بۆ کارێزما کە .کارێزماکەش ئەو سەرکردە لێهاتووەیە کەهەست بەهەستەکانی خەڵک دەکات ،سواری پشتی ئەو کولتورە دەبێت ودەیکات بە ئەسپێکی رمبازی بۆ تێک شکاندنی دوژمنەکانی ولایەنە پۆزەتیفەکانی خۆی بەدیار دەخات وبۆ

بەزاندنی نەیارەکەی لایەنە نێگەتیفەکەی ئەوانیش و لەسەر پشتی ئەسپەکەی بۆ خەڵکەکانی ئاشکرا دەکات .بۆیە کارێزما پێویستە لەهەناوی کولتورەکەی لەدایک ببێت و هەر لەویشەوە پەیامی کارێزمایەک ببات بۆ ناو ڕوحی ئەندامەکانی ئەو کولتورە ، سمبولەکان بکات بەچەمکی ووشیار بوونەوەی ئەو هەستانەی کەتا ئێستا رازاون و وشیار نەبونەتەوە .

# کامڵی

کامڵی( Competent ) وتوانا (Capacity ) لەوانەیە لێکدانەوەی ئـەو دوو ووشە بەواتا فەرهەنگیەکان جیاوازییـەکی زۆریـان لـەنێوان دا هەبێت چ لەبواری کولتوری چ لەبواری زانستی ،بەلاَم کە قسە لەسەر سەرکردەیەک دەکەین .هەمیشـە ڕووبـەرووی ئـەم دوو زاراوەیـە دەبینەوە دەڵێن فلانەکەس بەتوانایە کامڵ بووە بۆ ئەو دەسەلاَتە یان بۆ ئـەو شـوێنە دەگونجـێ یـان کامڵـی پێـوە دیارنییـە گـەرچی لەبوارەکەی خۆشی توانایەکی لێوەشاوەیی هەبێ .

مرۆڤـی کـامڵ بـوو توانـای ئـەوەی هەیـە ، سـەرکردایەتی ڕێکخراوەیەک یـان دەزگایـەک بکـات کـەپێ دەسـپێرێت یـان هەڵدەبژێردرێت .بەلاَم هەمیشە مەترسی ئـەوە هەیـە ئـەو کەسـەی توانایەکی زۆری هەیە و کارێکی لەو ئاسـتەی کـەمتری پێبـدرێت سەرکەوتن بە دەست نەهێنێ و شکست بخوات لـە « Christian Braw p52 1997:1 » هـەروەها پێچەوانەکەشـی ڕاسـتە سـەرکردەیەک سەرکەوتن بەدەست ناێنێ ئەگەرکارێک بکات لە ئاسـتی توانـایی خۆی زیاتر بێت ، لەهەردوو حاڵەتەکاندا بێجگە لـەتێک شـکاندنی سەرکردەکە خۆی ئەوا لەنگی دەکەوێتە نـاو دەزگاکـە وکـاتێکی زۆریش دەوێت تا هاوسەنگ دەبێتەوە . توانا و کـاملیش ئازایـەتی

نییە بەڵکو شـێوەیەکە لـە شـێوازەکانی تایبەتمەنـدی مـرۆڤ بـۆ هەڵسـوراندنی کارێـک کەسـەرکەوتنی تێـدا بـە دەسـت بێنـێ «سەرکردایەتی لەڕاستیدا چەمکێکە بۆ مرۆڤی کـاملی بەرپرسـیار و ئامرازێکیشە بۆ کاملی هەروەها ئەرکێکیشە کە لەویوە مرۆڤ گەشە دەکات .( C 4 Ristim 1990 : 1 p 26 ).

کاملّ هەر بەو واتایە نیە کە کەسێک کاملّ بووە ، بەڵکو واتـای گۆڕانکاری تەواویشە لەکەسایەتیەکدا .

فلیپ «Philip » دەڵێت بۆ چـوونی سـەرکردە دەربـارەی کـار لەپلەیەکی بەرزتر گۆڕانێکی بنچینەیە لە خودی خۆیدا «Philip : p 38 » هەروەها دەڵێت سەرکردەی کاملّ ئەبێ ئەو پرسیارانە لە خۆی بکات . ئێمە بۆچی هەین و چی دەکەین لێرە ؟ ئایا ئێمە ئەبێ چۆن وەلامی زانیاری سیستەم و پەیوەنـدی و گەشـەکردن و خەملانـدن لـە نـاو کرۆکـــی خاســـیەتی کـــاملّ بوونیانـــدا بدەینـــەوە ..............................................

١- گۆرینی شوێنی کار. ٢- کارکردن لەسـەر پرۆژەکـان. ٣- بریکـاریکردن . ٤- گـۆرینی کارەکـە . ٥- سـەردانی شـوێنی کارکردن. ٦- لێکۆلینەوەکردن . ٧- بەشداریکردن لە کـۆنفراس و خولەکان . ٨- خوێندنەوەی رۆژنامەو گۆڤارو کتێـب. ٩- بەشـداری کـردن لـە شدپێشـنیارەکان. ١٠- نووسـینی راپـۆرت و دەقـی کۆبونـەوەکان. ١١- بەشـداریکردن لـە ئەلقـەکانی رۆشـنبیری و تۆرەکانی سەرکردایەتی.

کاتێ مرۆڤێکی کـامڵ کـارێکی پێدەسـپێرێت و پێدەنێتـە نـاو دەزگایەک ئەبێ ئاگاداری ئەوە بێت پێش ئەوەی لە دەرگای یەکەم بچێتە ژوورەوە خۆی ئامادەبکات بەکامڵبوونێکی باشتر لە دەرگـای دووەم بچێتە دەرەوە. چونکە کامڵـیش وەک دارێکـە لـە بـەهاران گەلای سەوز دەکات و بـەردەگرێت و لـە هاوینـان پێـدەگات و بەرهەمەکەی دەخورێـت و لـە پاییزانـدا گـەلاکان زەرد دەبـن و دەوەرێـن دارەکـە دەڕوتێتـەوەو کـەس ناتوانـێ بزانـێ ئـەم دارە بەردەگرێ یان بێ بەرە ، مرۆڤیش بەهەمان شێوە کاتێ زانیاری خۆی هەموو بەخشی ئەوا هاوکارانی سوودی لێ وەردەگرن و شـارەزایی پەیدادەکەن و خودی مرۆڤ کامڵـبووەکەش ئەگـەر هەوڵـنەدات زیـاتر گەشـەبەخۆی بـدات پرۆسـەی کامڵـبوونی دەوەسـتێتی و هەرەشەی ئەوەی لێدەکرێت کە خاسیەتەکانی کامڵبوون لە دەسـت بدات . بۆیە فلیپ دەڵێت: خـودی تـاج و ئەسـتێرەو نـاز نـاو کـە سەرکردە لە ئەنجامی دەسەلات پەیدایان دەکات هیچ دەسـەلاتیان نیە بۆ ئەوەی واتایەکیان هەبێت ، ئەبێ کامڵ بوونی سەرکردەکە وا لە خەڵک بکات کە مافی ئەو دەسەلاتەی هەیـە کـە پێـی دراوە و مافی خۆیەتی شانازی بە تاج و ئەستێرەکان بکات.

هەربەو شێوەیەش سەرکردە شـێوازی ژیـانی ڕێکخراوەیـی لـە ئەنجامی کامڵ بوونی باشتر بەدیاردەخات و لێکۆلینەوەی زانستیانەش دەکات کە پەیوەندییەکی ڕاسـتەوخۆی بـەکامڵ بونـەوە هەیـە . ئامانجی هەموو ئەمانەش «کارلۆف» دەڵێت ئامادەکردنی خەڵکە بۆ

کارێکی بەردەوامی بەرز بەمەبەستێکی دیارکراو ، چونکە ئەرکی سەرکردە بەرپرسیاریەتییە بەرامبەر بە خەڵک بۆیە ئەبێ ڕێبازەکەیان بۆ روون بکاتەوەو بنچینە ئایدیۆلۆژی و چالاکەکانی بازارو پێداویستیەکانی خەڵک و هەروەها شێوەی بەڕێوەبردنیان بەدیاربخات «Karlof p 181 ».

ئەمەش کاتێ بەتەواوی دەتوانێ ڕێبازەکەی بباتە ناو خەڵکەکە کە سەرکردەیەکی کامڵ بێ و بزانێ خەڵکەکە چۆن بیردەکاتەوەو بۆچی پێویستیان بەسەرکردایەتیە .

ئەگەر سەرکردەش لەوە تێگەیی کەخەڵک چۆن لە ئەو تێدەگەن ئەتوانێ لە ئەنجامی کەڵک بوونی ئەزموون خۆی بەو توانایەی هەیەتی بچێتە ناو دەمارەکانی کۆمەڵ و زیاتر خەڵک لە دەوری بەرنامەکە کۆبکاتەوە . کەواتە کامڵ بوونیش سوڕێکی ژیان لە قۆناغەکانی سەرکردایەتیدا .

ئەمرۆ کامڵ بوون لەدەزگا بالاکانی دەولەتە پێشکەوتووەکان هۆکارێکی سەرەکی یە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەشوێنی شیاو دابندرێت ،بۆیە ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ ئەوکەسانە دەکرێت بەشێکی زۆری پرسیارەکانیان بەو ئاراستەیەیە کەئاستی کامڵ بوونیان لەکام ئاستەیە .بۆ کامڵ بوونیش بێجگە لەتوانا، پێویستی بەئەزموونێکی زۆر و زانینی زمان وخوێندنەوەی بەرامبەرەکەی وتێگەیشتن لە ململانێیەکانی ناو سەرکردایەتی و هەروەها پێویستە شارەزای ململانێی پارتە نەیارەکان بێت.

سەرکردەی کامڵ هەم لە سەرکردایەتی دەگـا و هـەم دەتوانـێ بچێتە ناو خەڵک بەبێ ئەوەی پایەی خـۆی و سـەرکردایەتییەکەی لەکەدار بکـات .چونکـە هەمیشـە مەترسـی ئـەوە هەیـە ناکامڵـی سەرکردایەتی ئەو خاڵە لاوازانەی سەرکردایەتی بباتە ناو خەڵک و لایەنە نەیارەکانیش ئەم خاڵە لاوازانە بەکار بهێنن و بیقۆزنـەوە بـۆ بەرژەوەندی خۆیان وەرگێرن .بۆ دزە نەکردنی نەیارەکانیش بۆ ناو سەرکردایەتی، پێویستە پرۆسەی گەشە کردن هەمیشە هەبێت کەهەم کامڵ بوون هەم توانـایی سـەرکردەکان بەرەبـەرە بـەرز بکاتـەوە .چونکە پرۆسەی گەشەکردن شێوەی جیاوازە و سەرکردە هەمیشـە ڕووبەڕووی کێشەکان دەبێتەوە ، بۆیە ئەبێ ئەو پرۆسەیە زیاتر بـەو ئاقاری بێت کەچۆن ڕووبەڕوی ئەو کێشانە ببێتـەوە. لەوانەیـە ئـەو کێشەیەش سیاسی وکۆمەلایەتی و دیبلۆماسی یان کولتوری بێت.

«هێنـدرک شـۆبرنگی» دەروونناسـیش ( **١٨٧٩-١٩٥٦**)توانـا بەخاسیەی ڕیشاڵەکانی مێشک پێناسە دەکات .کریسـتیان بـراویش دەڵێت (زیادو کەمی توانا زیانی هەیـە) هـەروەها ئـەوەش ڕوون دەکاتەوە کەمرۆڤ ناتوانێ توانا بەتەنیا بەفاکتەرێکی دەرونی بزانێ چونکە سەرمایە فیزیکییەکانیش ڕۆلی خۆیان هەیە ،هەروەها پلـەی خوێنـدەواری ئـەزموون وپشـودرێژی (KH 1997: 1 p52 ) ئـەوەش بەدیار دەخات کە هیچ مرۆڤـێک نی یـە هـەموو شـتێک بزانـێ و بەهەمووشی ڕابگات چونکە ژیانی مـرۆڤ لـەنێوان ژیـان ومردنـدا سـنووردارە (KH 1997 : p54 ) برگیتـە ئالـتۆرپ ( B irgitta Ahltorp )

دەڵێت «مــن ئــەو بــۆ چوونــەم هەیــە کــە هــیچ ســتیلێکی (Stil) سەرکردایەتی نیە تەنیا وازی کەری بەسودی بــاش وباشــتر هەیــە ، لەنێوان کەسایەتی مرۆڤە هەمەجۆرەکان ، چونکە ئــەوەی لەبازنــەی کۆمەڵێک مرۆڤ دا بــاش دەگونجــێ لەوانەیــە لەبازنەیــەکی تــردا نەگونجێ بۆیە گەلێک جار تەنیا ئەوە بەس نیە کەئەو کەسەی خۆی هەڵدەبژێرێ بناسێندرێت بەڵکو پێویستە ئــەو کەســانەی لــەگروپی سەرکردایەتین کە ئەوکەســە دەیــەوێت کاریــان لەگــەڵ بکــات پێویستە بناسێندرێن» .(B irgitta: 1998: 1 p150 ) ئەوەش بۆ ئەوەنیە ئەو سەرکردە نوێی یە ناتوانێت کاریان لەگەڵ بکات ،بەڵکو ئــەبێ بــیر لەوە بکرێتەوە کەهەمیشە ئەو گروپەی کەهەمان بۆچوونیان هەیــە ، ریسکی ئەوەی هەیــە هــەم بیروکــراتی بــن و هــەم گــوێ نــەدان بەکارەکانی کە ئەمەش لەوانەیە جەســتەی ســەرکردایەتی تووشــی نەخۆشی بکات وگوێ بەکامڵی وتوانایی نەدەن وبیریش لەپرۆســەی گەشــەکردنی تاکەکەســەکان نەکەنــەوەو بــۆ ئــەوەی بتــوانن لەبارودۆخێکی دژواردا رووبەڕووی ببنەوە ، «برگیتە» بوونی هزری دژو کامڵی بۆ ئــەوەی بتوانــێ چارەســەری بارودۆخــە چــاوەڕوان نــەکراوەکان بکــات بەشــێوەیەکی گونجــاوو بەپێویســت دەزانــێ «Birgitta 1998 : 1 p150 ) کامڵــی ســەرکردەیەکیش کاتــێ بــەدیار دەکەوێت کەئەو ئامانجەی رێکخراوەکــەی یــان دەزگاکــەی بــۆ دروست بووە بتوانێ بەئاقارێکی ڕاستی دابنات ،توانای شیکردنەوەی بەرنامــەی ئــەو رێبــازە هــەبێت کــەکاری بــۆ دەکــات .لەکاتــە

ئاســتەنگەکانیش توانــایی ســەرکردە بــەدیار دەکــەوێت ئــەویش بەخۆڕاگری و ووره بەرنەدان و سەبرگرتن و نەشلەژان و هــەروەها هەوڵدان بۆئەوەی بتوانێ ئاقاری باره ئاڵــۆزەکان بــە بەرژەوەنــدی ڕێکخراوەکەدا ببات.

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ، ئەبێ بــزانین چــۆن خاســیەتەکانی توانــای ســەرکردەیەک دەزانــین ،چونکــە مــەرج نییــە هــەموو سەرکردەیەک بەتوانابێت. «شۆبرنگ»کاتێ پێناسەی توانا دەکــات هەردوو شێوەکانی توانا‌و بێ توانایی لەیەک جیا دەکاتەوە دەڵێت :- (مرۆڤی خاوەن توانــای بــەرز «Supercapable» زووتێــدەگاو توانــای شێوەیەکی گەورەو ئەبستراکی هەیە ، ئاسانە بۆی کەتێکهەڵکێشــان بکات وشت بخاتە ژێر ئاسۆی بینینی خۆی ودرک بەجەوهــەرەکان وپەیوەندییەکان بکات وکراوەشە بۆ کاریگەرەکان، بەڵام مرۆڤی بێ توانا «Subcapable » بەپێچەوانەوە تێگەیشتنی تەسک وتوانایی کــەمی هەیە بۆ بینینی شتەکان وناشتوانێ بە تەواوی جیــاوازی نێــوان شــتە جەوهەرییەکان و ناجەوهەریەکان بکات و زۆریــش ســەختە بــۆی بتوانێ تێکهەڵکێشان بکات و ئاســۆیەکان ببینــێ لەگێلایــەتی خــۆ هەڵکێشانی خۆشیدا وکێشەکانی خۆیی نابینێ بۆیە ئەم جۆرە کەسانە توانایی خۆ گونجانیان نی یە ).(Brawn 1995: 1 p 28) مــەرجیش نیــە ئەو سەرکردەیەی گشــت خاســیەتە باشــەکانی هــەبێ ســەرکەوتن بەدەست بێنێ یان سەرکردەیەک کەهیچ خاسیەتی نەبێ ژێر کەوتن بەدەست بێنێ .بەڵام براو دەڵێت:-

ئەوە ئاشکرایە سەرکردەی بێ توانا حوکمی بەژێرکــەوتن دراوە . بەلام هەڵبەتە ئەوەش سەداسەد ڕاست نیە ، سەرکردەیەک توانایی جولانەوەی هەبێت وهەستیار بێت ، بەسەرکردەیەکی دڵەڕاوکێ بوو نیشان بکرێت . .(Brawn 1990:1 p29 ).

لەوانەیە سەرکردەیەک هەستیارو بەجووڵەو داهێنــەرو فەنتاســی داربێت .بەلام ئەوەی تر لەوانەیە ئارام و بەجورئەت و بــڕیاردەربێت .ئەم خاسیەتە باشانە زۆر بەدەگمەن لەتاکــە ســەرکردەیەک بــەدیار دەکەون ،هەر ئەم خاسیەتانەش کەگەڵێک جار جیاوازی لەنێوان دوو سەرکردەی پێ دەکرێت وتــەواوی کــەری یــەکتریش دەبــن بــۆ ســتراتیژو تــاکتیکی جولانەوەیــەک یــان ڕێکخراوەیــەک یــان دەزگایــەک . بــەلام ئــەوە هــەموو خاســیەتەکانی بــوونی ئــەو ســەرکردەنین کــەخاوەنی ســتراتیژیە . بۆیــە باشــترین کــاری ســــەرکردایەتی ئەوەیــــە ئــــەم شــــوێنە بــــەدوو کەســــایەتی پڕبکاتەوەوکەتەواوکەریکە یەکتربن . بۆ دەرباز بوونیش لەقەیرانی ناکاملی و بێ توانایی یان کامڵ بوونی زیاتر وتوانا ، تاکە ڕێبازێــک ئەوەیە کەسەرکردەکان هەمیشە هەوڵــی پــەروەردەکردنی خۆیــان بدەن لە هەموو بوارەکان ،چونکە پرۆســەی گەشــەکردنی کۆمــەڵ ڕێگا نادات بەوانەی کەئەمرۆ خۆیان بەکامڵ دەزانن یــان ناســراون بەیانی بتوانن ڕووبــەرووی ئــەو گۆڕانکاریــەو زانیــاری وئــابوری وسیاسی و کۆمەلایەتی یانە بن کەبــەرێگاوەن . وەســتانی عەقڵــی سەرکردەیەک لەشوێنی خۆی واتــە وەســتانی ناســنامەی خۆیــەتی

وەک سەرکردەیەک . ئا لەوکاتەشدا هیچ چارەیەکی نیە یان ئـەبێ لەگەڵ پرۆسێسەکە گەشە بەعەقڵی خۆیی بدات یان ڕێگەیەکە چۆڵ بکا بۆ ئەوانەی دوای خۆی چونکـە ئـەو خـۆیی ئـەو ئەزموونـەی کەهەیەتی داویە بەکەسـانی دوای خـۆی وهەوڵـی پەیـدا کـردنی ئەزموونی تریشی نەداوە کەلە سەروی خۆیەتی یان سـەرکردەکانی جیهان هەیەتیان لە هەمان کاتیشدا دوورکەوتۆتەوە لەپرۆسەی خـۆ پەروەردەکردن و بردنە سەر ئاستی لێپرسـاویەتی خـۆیی بـۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە یان چارەسەر کردنی ئەو کێشـانەی کەدێنـە ئاراوە ،چونکە ناتواندرێت بـەتوانایی دوێنـێ وەڵامـی چارەسـەری پرسیاروکێشـــەکان ئێســـتا یـــان بـــەیانی بدرێتـــەوە .ئەگـــەر سەرکردەیەکیش بەرژەوەنـدی نەتەوەکـەی یـان ڕێکخراوەکـەی هەڵنەبژارد دەبێت بەبیروکرات ولەدوایشدا دەزگاکە هەرەس دێنـێ وخۆشـی وەک دەسـەڵات خـوازەک دەمێنێتـەوە و حـەز بەپێـدا هەڵگۆتن وسەڵتەنەت دەکات.

# دەسەلات

کە قسە لەسەر سەرکردایەتی دەکەین بەو مانایە کەسەرکردایەتی دەستەیەکی بەرێوەبەرە بۆ رێکخراوەیەک یان دەزگایەک ،کە ئامانجێکی دیاری کراوی هەیە ،بەلام بۆگەیشتن بەو ئامانجە و چ پێویستە ودەبێ سەرکردەکان چۆن بن ؟ئا لێرەدا کێشەیەکی زەق بەدیار دەکەوێت کەناتواندرێت بەئاسانی چاوی لێ بپۆشین ئەویش دەسەلاتە ،ئایا دەسەلات هەمان واتایی سەرکردایەتی هەیە یان چەمکێکە مرۆڤ بەکاری دێنێ بۆ ئەوەی سەرکردایەتی پێبکات . ئەگەرچی تا ئێستاش هیچ دەولەتێک نییە ئەو چەمکەیی بەکردەوە بەکارنەهێنابێ کەچی تائێستاش لێکۆلەرەوەکان یەک بۆ چوونییان بۆ ئەم چەمکە نیە چونکە چۆن گۆران بەسەر مرۆڤ دادێت ئەواش گۆران بەسەر ناوەرۆکی واتای لێکدانەوەی چەمکەکان دا دێت کەدەسەلاتیش یەکێکە لەوچەمکانە .من لێرەدا نامەوێ بەدرێژی باس لەو چەمکە بکەم .بەلام بازدان بەسەری دا لە خاسیەتەکانی سەرکردە کەم دەکاتەوە وکەبابەتی سەرەکی نووسینەکەیە .

« دەسەلات بابەتێکە کەلەنێوان زانستی رەفتارو زانستی کۆمەل دەوەستێت » ( Stefan 1997: p73 ) واتا دەسەلات هەم پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەرەفتارەکانی مرۆڤەوە هەیە هەم پەیوەندیشی

بەوگۆرانکاریانەیەکەلەکۆمەڵــدا روودەدەن . مرۆڤــیش لەکۆمەڵــدا پەروەردە دەبێت ورەفتارەکانیش بــەگوێرەی پێشــکەوتنی کۆمــەڵ دەگۆرێت ،سەرکردەش هەم مرۆڤەوهەم خــاوەن رەفتــارە،کەواتــە پەیوەندیەکی راستەوخۆش لەنێوان سەرکردەو دەسەلاتدا هەیە. بەلام هەمیشە کێشەی دەسەلات ،کــاتێکی زۆری ســەرکردەی گرتــووە ،کاریگەریشی لەسەر رەفتارەکانی دانــاوە «ستێڤــان» ســێ شــێوەی کێشەی دەسەلات دیاردەکات.

مێتودوسەرمایەی دەسەلات .

ململانێ ی دەسەلات لەناو رێکخراوەکاندا .

دوولایەنی رێکخراوەکان وکاریگەریان لەکۆمەڵگادا.

« Stefan 1997 :1 p 73 »

شەڕ دیاردەیەکە ، مرۆڤ لە رێگایەوە دەتوانێ دەســەلاتی پــێ پەیدا بکات یان لە دەستی بدات، بەلام بۆگەیشــتن بــەو دەســەلاتە پێویستی بەئامرازێکەکە شەڕی پێــوە بــەرێوەببات ئــەویش پارەیــە کەلەرێگای ئەو پارەیە لەوانەیە دەسەلات پەیدا بکات بۆیە «جەنرال مۆنتۆکوکولی( Montecuccull ) لەساڵی ١٦٠٠دا وتویەتی شەڕپێویســتی بەسێ شتە «دراو،دراو،دراو» . دراو یان سەرمایە ،ئەتوانــدرێت وەک ئامرازێکی دەسەلات کارپێکراو بەکار بهێندرێت بەهەمان شــێوەکە بەکار دێت بۆ چەسپاندنی دەسەلات .بەلام دەســەلات تــەنیا بــاس لەدراو ناکات «تقریبا» ،دەسەلات ئامرازێکە وەک تۆرێک بۆ راوە ماسی ماسییەکانیش گەلێک جار ئامانجەکەن .کەواتا دەسەلات هەم

ئـامرازە وهـەم ئامـانج (Stefan 1997 : 1 p 74 ) کـاتێکیش مـرۆڤ دەسەلات وەک ئامرازێک بەکار دێنێ ئەو ئـامرازەش« پایەیـەکی گونجاو سەرکەوتن وسامان ودەسـەلاتی زیـاترو ئـابرو وناوبانـگ وخۆشی وئاسایش هەروەها ڕێزگرتن» بە مرۆڤەکە دەدات . «هەمان سەرچاوە»

بەلام لەهەمان کاتدا «مەترسی دابران ولەناوچوون و ریسـوابوون هەروەها ئاوارەبوون» بەمرۆڤەکە دەدات ،کاتێک دەسـەلات تـەنیا وەک ئامرازێک بۆ بەرژەوەندی تاکەکـەس بـەکاردەهێنێ وبـەبێ ئەوەی بیر لە لایەنە زیان بەخشەکان بکاتەوە .

بەلام سەرمایەکانی دەسەلات لێکۆلەرەوەی سیسـۆلۆجی ئامیتـە ئیتزیونی ( Amitai Etziona) دەکات بەسێ بەشی سەرەکی

یەکـەمیان کۆرسـیفی دەسـەلات :- کـە هـەموو فۆرمـەکان دەسەلاتی فیزیکی وناچاری فیزیکی (واتا ناچاری کردنی کەسێک) لەناو ڕێکخراوەیەکدا دەگرێتـەوە یـان ئـەتوانین بلـێین مرۆڤـێک لەبەردەرگا بەچەکەوە وەستاوەو پاوانکاری دەسەلاتە.

دووەمیان دەسـەلاتی سـوود خـوازی :- کەلـەفۆرمی قـازانجی ئابووری وسزادا خۆی دەنوێنێ .

سێیەمیان ئامرازی دەسەلات وکەسایەتی:- بەواتایەکی تر توانای هەبوونی هەستەکان وبیرکردنەوە یان ڕەوەندی ئامرازی دەسەلاتی کەسایەتی کە باوەڕ هێنانە بەخەڵکەکە ، چونکە ئامرازە مەتریالەکان

سەرچاوەیەکی باشن بۆ بەهێز کردنی بەرژەوەندییە خۆویستەکانی خەلک « Stefan 1997 : 1 p75 »

ئەم سێ بەشە سەرەکییەی سەرمایەی دەسەلاتن و تەواوکەری یەکترن ،کاتێکیش هەرسێکیان لەناورێکخراوەیەکدا بوونیان هەبێ ئەوە لەپێناوکۆکردنەوەی دەسەلات هەلس وکەوتیان لەگەڵدا کرا وەو لەوانەشە دەسەلاتەکە ببێتە رەهاو لە دەزگا جیاجیاکان بەشێوەیەکی خەراپ بەکار بێت وبەنرخێکی زۆر لەسەر هاوولاتیان بوەستێ.

لێکۆلەرەوەی دەسەلات وئابووریزان جۆن کێنت گالبرێت ( John Kenneth Gabruith ) پێ وایە دەسەلات لەسەرتاسەری جیهان قانوونی خستۆتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوەو سێ ئامرازی بەهێزیش ڕاڤە دەکات وسێ سەرچاوەش هەن کەئیمکان دەدات بەدەسەلات بۆ ئەوەی ئەو ئامرازانە بەکاربێنێ ئامرازەکانیش ناودەنێ دەسەلاتی ناچار ودەسەلاتی تۆلەکردنەوە هەروەها دەسەلاتی مەرج.

دەسەلاتی ناچاریش وا لەژێرەوەی خۆیی دەکات بەهۆی توانـاکانی ناچاربکات ، کەم تا زۆر هیچ ئیمکانێکی نەبێ بیر لەئەلتەرناتیڤێکی تربکاتەوە ودەسەلاتی تۆلەکردنەوەش «پۆزەتیف » وا لە ژێرەوەی خۆی دەکات کە بەهۆی دانی بەهایەک پێی بۆ ئەوەی لەرێگایەوە بەتەواوی بیخاتە ژێردەسەلاتی خۆیی هەروەها دەسەلات مەرجیش لە بوارەکانی گۆرانکاری وباوەرپێکردندا بەکاردەهێنرێت. هەروەها «گالبرێت» سەرچاوەکانی دەسەلات

دابــەش دەکــات بەســـەر خاســـیەتەکانی کەســـایەتی و ســـەرمایە و ڕێکخراوە( خاسیەتەکانی کەسایەتی خۆیان لەژێر فیزیکی وکاملی و زمان و ئاسایشی مورال (اخلاق)دەبیننەوە کەئەمانەش ئامرازەکـانی دەسەلآت بەهێزتر دەکەن .ئـەم خاسـیەتانەش لـەجیهانی مـۆدێرنی ئەمرۆدا زیاتر بەستراونەتەوە بە دەسەلآتی ناچاری ، بـەلآم سـەرمایە وەک سەرچاوەیەکی دەسـەلآتی زیاترپەیوەنـدی بـەئامرازی تۆلـە کردنەوە «پۆزەتیف» هەیە. هەروەها بە هەمان شێوەی ڕێکخراوەش وەک سەرچاوەیەکی دەسەلآت پەیوەنـدی سـەرەکی بەدەسـەلآتی تۆلەکردنەوە هەیـە .«چـارلس ی لینـدبلوم» « Chales E. Lindblam » وادەبینـێ کـەرێکخراو ئـەو مانڤێسـتەیە کەحکومـەت هەیـەتی و گەورەترین سـەرچاوەی دەسەلآتیشـە .خاسـیەتەکانی کەسـایەتی وسەرمایە ورێکخراوش هەمیشە لەئاسـتی هەمـەجۆردا تەواوکـەری یەکترن .سەرمایەش هەمیشە زیاتر لەگەڵ ڕێکخراوکەگەشەدەکات ، بەپێچەوانەشی ڕاستە، بەلآم کەمتر لەگەڵ خاسیەتی کەسایەتی گەشە دەکات ئەگەر ڕێکخراوەیەکی لەپاڵپشت نەبێ .

«گالبرێت »بێجگە لە مانە پێناسەی ئامرازێکی تری دەسـەلآتیش دەکات کـە خۆگونجاندنـە لەگـەڵ مەرجـەکانی دەرەوە کاتێـک کەسێک بەهۆی ڕێکخراوەیەک خۆی دەناسێنێ ئەوە زیـاتر بـزاڤ دەکـات بـۆ ئـەنجام دانی کارەکـەی بـەگوێرەی ئـەو توانایـەی کەهەیەتی ، کە لە ڕاستیدا زۆر ئاستەمە جیـاوازی نێـوان ناسـنامەی ڕەسەنایەتی کەسایەتی و بەرژەوەندی خۆویستی کاریـار «Karriar »

بکرێت،بەڵام کاتێ ئەو کەسە خۆی لەناو ڕێکخراوەکەدا دەتوێنێتەوە ئەوە لەلایەنی سوود بەخشی لەزیان بەخش زیاتر دەبێت .بەڵام کاتێ کەسایەتییەکە نەیتوانی هێلێک لە نێوان خۆیی و ڕێکخراوەکەدا بکێشێت ئەو ڕاستەوخۆ دەست بەوە دەکات کەرێکخراوەکە بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت ئەمەش کاتێ ئیمکانی هەیە کە کەسە کاریزماکە ئەم جیاوازییانەی وون کردبێت .بۆ نموونە هیتلەر توانی تەواوی خەلکی ئەلمانیا بەدوای خۆی ڕابکێشێت.

بەڵام سیاسەتمەدار« چارلس ئەندرین» (Charles Andrain ) دابەش کردنی دەسەڵات لەلایەن« ئیتزینۆنی وگالبرێت» بەتەواو نازانێ و بەچەند خاڵی تر تەواویان دەکات .

١. دەسەلاتی فیزیکی وەک دەسەلاتی چەک.

٢. دەسەلاتی سوود خوازی وەک سەرچاوەی ئابووری وسەرمایە وداهات هەروەها کۆنترۆل لەسەر کالاو کاسبکاران.

٣. پێوانی دەسەڵات وەک هەست ومورال ومـاف و پرنسیپ هەروەها باوەری ئایینی وناسنامە.

٤. دەسەلاتی کەسایەتی وەک ناوبانگ وهاوڕێیەتی وئەفسوس .

٥. زانایی لە دەسەڵات وەک :- زیرەکی وئەزمون وتوانا . «

»Stefan 1997 : 1 p77«

دیارە زۆر لێکۆلەرەوەی تریش هەن کەبەم دابەش بوونە رازی نین ،چەند بۆچوونی تریان هەیە لەسەر شێوەی دابەش بوونی دەسەلات ،کەبەپێویستی نازانم لێرەدا باسیان بکەم . چونکە خاڵە سەرەکیەکانی باسەکە ئەتواندرێت لەناوشێوەی ئەم دابەش کردنەی دەسەلاتدا بدۆزرێتەوە، کە پێویستن بۆ لە سەرکردە تێگەیشتن .ئەگەر بەشێوەیەکی ووردتر لەخاڵەکانی «چارلس» ووردبینەوە چەندین خاسیەت دەبینین کەخاسیەتی سەرکردەن ، کە بەبێ ئەمانە سەرکردەیەکی ناکامل وبێ توانان دەبێت لەوانە خاسیەتی کۆنترۆل وپرنسیپ ومورال وهەست و ناوبانگ وئەزموون هەروەها توانا.

لێرەدا راستی بۆچوونەکەی «ستیڤان هامەرێن »مان بۆ بەدیاردەکەوێت کەباس لەسەرکردایەتی ودەسەلات دەکات زۆر بەنزیکی یەکتریان دەزانێ ،بگرە دەشیان کات بە هاوتای یەکتر .زۆر زەحمەتیشە رێکخراوەیەک ببینین کەبوونی هەبێت بەبێ شیوەیەک لەشێوەکانی دەسەلات و هیچ رێکخراوەیەکیش نیە بەبێ سەرکردە کەواتە سەرکردە بەبێ دەسەلات بوونی نیە، بەلام کاتێ دەسەلات تەنیا لەلای سەرکردەیەک کۆدەبێتەوە ئەوە هیوایەکی روون بۆ وولاتەکە نابێت ، چونکە لەوانەیە بە لەناوچوونی سەرکردەکە دەسەلاتەکەش پەرش وبلاوبێت بۆ نموونە کاتێ «ئەسکەندەری گەورەی مەکدۆن» کۆچی دوایی کرد قەڵەمرەکەی بەسەرچەند دەوڵەتۆکەو میرنشینێکدا دابەش بوو بەهەمان شێوەش کاتێک دەسەلات یەکسان دەبێت بەپارت یان شوێنی دەگرێتەوە

هەمان چاوەڕوانی لێ دەکرێت کە لــە ئەسـکەندەری گــەورەکرا ، ئەتوانین سۆڤیەت بەنموونەیەکی زیندووی ســەردەم بهێنینــەوە بــۆ کۆبوونەوەی دەسەڵات لە لوتکەی دەولەتدا کــەحزب سەرپەرشـتی دەکرد . بەڵام سەرکردەکان لەبەر تــەکنۆکراتی سـتروکتورەکانی حزب نەیان دەتوانی ڕۆڵــی خۆیــان وەک ســەرکردەیەک ببیــنن چونکە هەم سەرخۆشی دەســەڵات بــوون و هــەم دەســەڵات ببــوە پایەیەکی بەهێز لەخاسیەتی ســەرکردایەتیاندا هــەر دەســەڵاتیش وا لەرێکخراوەکان دەکــات کەســەرکردەکانیان بکەونــە ململانێــی دەسەڵات بۆ بەدەست هێنان (دەسەڵات وسەرمایە وکاریار هەروەها پایــە « Stefan 1997: 1 p 82 » کــە ئەمــەش ســەرکردایەتی بــەرەو لەبەریەک هەڵوەشانەوە دەبات کەسایەتی سەرکردایەتی تووشی بێ هیــوایی دەکــات وناســنامەی ســەرکردایەتیش لەدەســت دەدات .«ئەلسکەندەر سـۆلژیتنتش » « Aleksanen Solenitsjns » لەبــەر یــەک هەڵوەشــــانەوەی ســــەرکردایەتی وابــــاس دەکــــات دەڵــــێت کەسەرکردایەتی بــوو بــە دەســەڵات خــواز وهیچــی تــر بــەدوای هاوڕێیایەتیدا ناگرێ بەڵکو تــەنیا بــەدوای کۆیلــەو چەپڵــەلێدەراندا دەگەڕێ «Braw ,1990: 1 p 30 » سەرکردەش لەو حاڵەتەدا بەتــەواوی لەجەماوەرەکەی دوور دەکەوێتەوە وتاکــە پاڵپشــتێک کەهــەبێت دەسەڵاتە .بــەڵام ئــەبێ ســەرکردە بزانێــت کەدەســەڵات شـتێکی بەرجەستە نیە ،بەڵکو جووڵاوگۆڕاوە ئەمرۆ لەلای یەکێکــە بــەیانی لەلای یەکێکی ترە کاتێکیش دەسەڵات دەکەوێتە دەست کەسـێک

لەرێگای رێکخراوەیەک یان دەزگایەک ئـەوا بەدەگمـەن نـەبێت کەسەکە واز لەوە دێنێ کەخۆی پەروەردە بکـات یـان ئـەزموونی خەڵکانی تر وەرگرێ تەنیا ئەو کاتە ووشیار دەبێتەوە کەمرۆڤـێکی بەتواناتروخاوەن بیرێکی نوێتر رووبەرووی دەبێتەوە ،ئـەو مرۆڤـە نوێیەش تەنیا ئامرازێـک کـەبیری لێبکاتـەوە بـۆ ئـەوەی بتوانـێ ســەرکردایەتی بگرێتــە دەســت دەســەلاتە ،بــەلام ســەرکردە دەسەلاتدارەکە لەمێژە هـەموو شـتێکی لەدەسـت داوە بێجگـە لـە دەسەلات . سەرکردە نوێیەکەش تا توانیویەتی خاسیەتەکانی تـری قۆزتۆتەوە بەدوای هەلێکیشادا دەگـەرێت کەدەسـەلات بەدەسـت بێنێ ،کاتێکیش باوەرو متمانەی ئەندامەکانی ئەو رێکخراوە یان ئەو دەزگایەی بەتەواوی مسۆگەر کـرد ئـەوە لـەرێگای پرۆسـەیەکی هەڵبژاردنی قانوونی یان نا قانوونی بەدەسەلات دەگات .

تاکە رێگایەکیش بـۆ سـەرکردە کۆنەکـە دەمێنێتـەوە ئەوەیـە کەدەسەلات بەجێ بهێلێ.

بۆیە کۆبونەوەی دەسەلات لەناوەندیەک زیانی گـەورەی هەیـە بۆ پرۆسیسی دیموکراتی و پێگەیاندنی سەرکردەی لێوەشاوە .دابەش کردنی دەسـەلاتیش گـەلێک جـار زیـان یـان قـازانجی هەیـە ، قازانجەکەی لەوەدایە کەپرۆسەی دیموکراتی گۆرانکاری بەردەوامی بەسەردادێت ،زیانەکەشی لەوەدایە گـەلێک رێکخـراو یـان دەزگـا هەموو سەرکردەکانیان لەوئاستەیە دانین کەلێکدانەوەیەکی زانستیان بۆ دەسـەلات هـەبێت و لـەکات وشـوێنی خـۆیی بـەکاربهێنن ،

«لیزێلـۆت ئولســۆن»یـش ( Liselotte Ohlson ) دەسـەلات بـەوە پێناسەدەکات کە دەسەلات دانە بە یەکێک بۆ ئەنجامدانی کارێک کە لە وانەیە دژی ئارەزووکانی خۆشی بێت (Liselotte 1996: 1 P 55)

هەروەها ئـەوەش روون دەکاتـەوە کـە دەسـەلات نابێـت لـە بەرپرســیاری جیابکرێتــەوە ،چونکــە ئــەوپێ وایــە ســەرکردە کەدەسەلاتی زۆربوو بەرپرساریشی زۆر دەبێت .

بەلام زۆربەی لێکۆلەرەوەکان خۆ دووردەگـرن لەبـەکارهێنانی چەمکی بەرپرسـیاریەتی لەگـەڵ دەسـەلات، چونکـە پێیـان وایـە سەرکردایەتی خۆی بەرپرسیاریەتیە پێویسـتی بـەوە ناکـات بـەجیا باسیان لێ بکرێت .

بۆیەش دەبینین لەلێکۆلینەوەکان« چارلس گالبرایت و ستیڤـان» هیچ بابەتێک نابینن کـەباس لەبەرپرسـیارەتی بکـەن کاتـێ بـاس لەسەرکردایەتی ودەسەلات دەکەن.

دەسەلات زیاتر لەوشوێنەدا هەیە کەسەرکردایەتی لێ یـە واتـا دەسەلات زیاتر بەسـتراوەتەوە بەسـەرکردایەتی ،سـەرکردایەتیش هەڵقولاوی پرۆسەی کۆمەلایەتیە ، ئەو پرۆسە کۆمەلایەتیەش وای کردوە کەکۆمەڵ پێویستی بەسەرکردایەتی بێت .بەلام ئەو خەڵـکە یان ئەندامەکانی رێکخراوەکە کەدەسـەلات دەخەنـە (اختیـاری ) سەرکردایەتی ، سەرکردایەتیش دەبێتە (بریکار). «براو» زۆر بەباشی دەسەلات وبریکاروسەرکردایەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە دەڵـێت :- کاتێ ئێمە سەرکردایەتی خەڵـک دەکـەین واتـا ئێمـە دەسـەلات

بــە کاردێنین . ئــەو دەســەلاتەش دەکەینــە راســتی ،چونکــە ئێمەبریکاریەتمان هەیە. بریکاریەتی ئێمەش پێک دێت لەوفەرمانەی کەلەسەرەوە ،واتا لەدەستەی بەرێوەبردن وهەڵبژاردن وخاوەنی کار ،یان دەزگاکانی حکومەت پێمان سـپێردراوە ،بـەلام بریکاریـەتی بریتی یە لە(**صلاحيات**) وبەرپرسیاری .ئەوکەسەی بریکاری هەیە ،( **صلاحيات** )یشی هەیە کەدەسەلات بەکاربهێنێ ،پێویستە ئەوانـەی ژێرەوە دانی پێدا بنێن ئەگەر بیانەوێ لـەناو رێکخراوەیەکـدا کـار بکەن ،ئەرکی سەرکردەشە دەسەلات بـەکار بێنـێ بـەلام پێویسـتە سەرکردەش کار بۆ ژمارەیەکی باشی خەڵـک دابـین بکـات و بـۆ ئەوەی ئەوانیش خزمەتی ئامـانجی رێکخراوەکـە بکـەن ، چونکـە ئەوانیش کارەکـانی رێکخراوەکـە یـان دەزگایەکـە رادەپـەرێنن وسەرکردەش سەرکردایەتیان دەکات .لە هەمان کاتیشـدا پێویسـتە بـاوەڕ بـوون بەیـەکتر هـەبێت چونکـە خالـی سـەرەکی ئێمـە کەسەرکردایەتی خەڵـک دەکـەین ئەوەیـە مسـۆگەری باوەڕیـان بکەین و بـەبێ بـاوەرپێکردن دەسـەلات ئامانجەکـەی لەدەسـت دەدات . سـەرکردایەتیەکی چـالاکیش ئەوەیـە کـەدوو ئاراسـتەی جولانەوەی هەبێت.

یەکـــەمیان: بـــەکارهێنانی دەســـەلات لەســـەرەوە دووەمیـــان: مسۆگەرکردنی بـاوەڕ لـەخوارەوە کـاتێکیش دەسـەلات وبـاوەڕ بەیەکتر دەگەن ،دەزگاکە بەئاقارێکی راستدا گەشە دەکـات .بۆیـە

سەرکردەی باش بیر لەوە دەکاتەوە ،چی بـاوەری بـەهێز دەکـات وچیش باوەری بێ هێز دەکات.

لەهاوکاری پۆزەتیفی نێوان دەسەلآت وباوەڕدا جولآنەوەیـەکی تریش گەشە دەکات .چونکە ئەو ڕێکخراوەی کـە سـەرکردەیەک باوەڕی خۆی تێدا لەمیانی کاملــی وهاوکـاری وواقیـع وخزمـەت مسۆگەر دەکـات ئـەوا سـەرکردەکە ،سـەرکردایەتی ئەندامـەکان بەشێوەیەکی پۆزەتیف دەکات و دەزگاکەش بەرەو ئاراسـتەیەکی ڕاست گەشە دەکات .ئەو ڕێکخراوەیـەش بێجگـە لەگەشـەکردنی چالاکییەکان و داهێنان هەروەها توانایەکەشی چەند بەرامبەر دەکات . «Braw 1997 :1p 12 ,13»

# کاریار Career

ئەتوانین بەواتا کوردییەکـەی ڕێگـا گرتنەبـەر بۆگەیشـتن بـە سەرکردایەتی یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێک بدەینەوە .

ووشەی کاریار فەرەنسی یە واتا ڕێگا گرتنە بەر . سەرکردایەتی کردن یـا بەڕێوەبەرایـەتی بـۆ هـیچ کەسـێک تـاپۆ نیـە ،ئەگـەر بەکارهێنانی دەسـەلاتیش ئـەم پایـە بپارێزێـت .ئـەوە ڕووداووی سروشتی هەن کەمرۆڤ ناتوانێ دژی بوەستێتەوە ئەویش ژیانە یاخود مردن. پرۆسەی گەشـەکردنی مـرۆڤ گەشـەکردنێکی سروشـتیە بەتێپەربوونی کات مرۆڤ کامڵ دەبێت هەر بەتێپەڕ بوونی کـاتیش ئەو کامڵ بوونە لەدەست دەدات پیربوون ومردن سـنور بـۆ هـەموو شتێک دەکێشن کەواتە دەبێت سـەرکردایەتیەک چـی بکـات بـۆ ئەوەی دوای خۆی چۆڵ نـەبێت و ڕێکخراوەکـە یـان دەزگایەکـە بەرەو لەناو چوون نەچێت کاتێک سەرکردیەک لەناو دەچێت یـان ناچار دەبێت واز لەسەرکردایەتی بێنێت ،تاکە وەلامێکی زانستیش بۆ ئەمە پێگەیاندنی کەسانی ترەو ڕێگا خۆش کردنە بۆیان بۆ ئـەوەی بەئاراستەی سەرکردایەتی گەشە بکەن، بـەلام لـە هـەمان کاتیشـدا مەترسی ئەوە هەیە پێش ئەوەی ئەوکەسە بەلوتکەی سـەرکردایەتی یان بەڕێوەبەرایەتی بگات ڕێگای لێ دابخرێـت . لێـرەدا پرسـیارە

گرنگەکە ئەوەیە:- ئایا کەسەکە خۆی ڕێگا بۆ کاریار دەکاتەوە یان دەرگایــەکانی بــۆ دەکرێنــەوە؟ ئایــا مەرجــە کەســەکە لــەناو ڕێکخراوەیەک بێت یان نا ؟ ئایا پێویستی بەپارێزگاری هەیــە یــان نا؟ ئایا چ پێویستە بۆ ئــەو کەســەی کەدەیــەوێت ڕێگــای کاریــار بگرێتە بەر ؟ ئایا تەنیا توانا یان خزمایەتی و وەفاو ئەخلاق بەســن ؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن کەپێویستە لەباسکردنی کاریــار باســیان لێوە بکرێت بەڵام با ئێمە سەرەتا بزانین کاریار چییەو چ مەبەستێکی هەیە .((کاریار ووشەیەکی بارگاویکراوی بــەهێزە هــەم پۆزەتیــف وهەم نێگەتیفە کاریار هەنــدێک جــار بەســتراوەتەوە بەهــەواداری، واتای سەرەکیشی لە ژیان ئەوەیە کە بە دیار بکەوێت وســەربکەوێ ئامادەشە پرنسیبەکانی ئەخلاق بکاتە قوربانی بۆ ئــەوەی بــە ئامــانج بگات ئەخلاق ومرۆڤ بۆ ئەو تەنها ئامرازن بەهایەکی تریان نیــە)) . ( Braw 1997 : 1p 16)

بەڵام لەهەمان کاتدا ســەرمایەکی تــری هەیــە ئــەویش کامڵــی ولێهــاتووی کەســایەتیەکەن کــە لــەبواری کــارکردن لــەناو ڕێکخراوەکەدا بەدیاری خستووە یان دۆزیویەتــەوە ،مانــەوەی ئــەو سەرمایە بەهێزەی کەهەیەتی لەئاستێکدا و بــەکاری نــەهێناوە واتــە لەدەست دانی ئەو ئامانجە کەکەسەکە مەبەستیەتی هــەروەها لــەناو چوونی ئارەزووی کاریارە ، بۆیە ئەرکی لێپرســراوانی ســەرەوەترە کە پارێزگاری لەوتوانایە بکەن وئەو کەسایەتیە بپارێزن .پارێزگاری کردن لــەو کەســەی کەلــەدەرەوەی ڕێکخراوەکەیــە یــان هێشــتا

لەئاستێکی زۆر نزمی ڕێکخراوەکەدایە ئەرکی بەڕێوەبەری گشتیە تا ئەم پارێزگاری کردنە ببێتە هۆیەک کەدەرگایەک بۆ ئەو کەسەی ئـــارەزووی بـــوونی بـــەکاریاری هەیـــە بکرێتـــەوە لەوەشـــەوە بەسەرکردایەتی بگات . خودی لێپرسراوەکەش ئەبێ ئـەوە بزانێـت وەک« براو» گوتەنی کـات ئـەویش ڕاو دەکـات ( Braw 1997:p) 18کەسێک کە بەڕێوەبەری گشتی هەڵدەبژێرێت ئەبێ پارێزگاریشی بکات ،چونکە ئەمە پەیوەندی بە بواری بینینی بەڕێوەبەرەکەوە هەیە . بەڕێوەبەرێکی خەراپ خەڵکەکە تەنیا لەناو ڕێکخراوەکەدا دەبینێ ،یان لەو ئاستەوە دەیان بینێ ، کەخۆی زۆر لێ نزیکـە « : Braw 1997 p18 » بەڕێوەبەریش ئەبێ ئاگاداری ئەو هەلانە بێت کە دێتە ڕێگای، لەوانە دەست نیشانکردنی خزمەکان یان ئەو گروپەی کەخۆیان لێ نزیکـە بـۆ کاریـار هـەروەها ئـەبێ لـەو بـیر تەسـکیەش بچێتـە دەرەوەوکەتەنیا لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە بۆ خەڵـکەکە بڕوانـێ ، چونکە ئەمە سنورێک بۆ کەسەکان دادەنێ لەوانەشە توانای سسـت بێتە ناو ئەو بوارە کەپارێزگاری لێ دەکات ، هـەروەها بەڕێوەبـەر نابێ بیر لە ڕەگەزو پایەی کۆمەلایەتی ونەتەوەیی ورەگـەزی نێـر ومێ بکاتەوە . ئەبێ بۆ دەست نیشانکردنی کاریار تاکە پایەیەک کە هەبێ توانایە ،ئەو توانایە ئەبێ پارێزگاری لێ بکرێت ،ئەبێ ئـەوەش بزاندرێت وەک «براو» ووتەنی ((پارێزگاری لێ کردن، بەواتای لە ئەستۆگرتنی ریسکە ،لەوانەشـە پارێزگـاری کردنەکـە بەتـەواوی نەپێورێت بەلام پێویستە ئـەم ریسـکە بەئەسـتوە بگرێـت ،چونکـە

ریسک بەشێکە لە سیفەتەکانی سەرکردایەتی ))(Braw 1997 : 1 p 19) . هەروەها ئەبێ ئەوەش باش لێبکۆڵدرێتەوە ،ئایا ئەو کەسەی دەیەوێت رێگای کاریار بگرێتە بەر شایانی ئەوەیە شەقامەکەی بۆ بکرێتەوە ،چونکە هەمیشە مەترسی ئەوەیە هەیە کە مرۆڤی واش هەیە ، بەبێ بیر لە تواناو لێهاتوویی خۆی ئامادەیی خۆی دەردەبرێت ، بەبێ ئەوەی بیر لەرێکخراوەکەو دەوروبەری خۆی بکاتەوە . بۆیە پێویستە سەرنج بۆ دوو بۆ چوون ڕابکێشین :یەکەم بە گشتی بۆ رێکخراوەیەک باش نیە ، کەکەسێک توانای ئەوەی نەبێت بەلام لە هەمان کاتدا بەردەوام بێت لە سەر کاریارەکەی چونکە ئەبێ دڵسۆزی بەرێوەبەر بۆ رێکخراوەکە لە پێشەوەی دڵسۆزی بۆ کەسایەتیەکە بێت .دووەمیان بۆ کەسایەتیەکەش باش نیە شوێنێک بگرێت .کە توانایی خۆی بەش ناکات ،گەرچی خۆی واش ببینێ)) (Braw , 1997 : 1 p 20 ) . بەلام نابێ ئەوەش لەیاد بکرێت ئەوتوانایەی مرۆڤەکە هەیەتی لە کاتی دەست بەکارکردنی ، نا توانێ تا سەرکاری پێ بکات ، بەلام توانایی لە رێگوزاری کاریارەکە ،گەشە دەکات ئەزموونی باشیش پەیدا دەبێت ، کە لە بوارەکانی تر یان لە ئاستی بەرزتر پێویستی پێیەتی بێجگە لە توانا چەند هۆکاری تریش هەن کەکاریگەری زۆریان بە نەگەتیف و پۆزەتییف لەسەر کاریاردا هەیە . لەوانە شێوەی پەروەردە بوون لە منداڵییەوە هەروەها خێزانی بەختەوەر رێگای ئاوەلا تردەکات بۆ منداڵەکەی کە ملی رێگا بگرێت ، لەوەی کەسێک ئازاری هەژاری کێشابێ و چەندین کۆسپی

ناخۆشی بڕیبێت . لەوانەشە ناخۆشیەکان هەندێ جار پۆزەتیف بـن ، بەلام ئەشێ لەهەمان کاتدا ڕێگریش بن بۆ گەشەکردن ،چونکـە لـە هەر حالەتێک دا کە هەست بەگرتنی ڕێگایەکە دەکات ، کەسـەکە تەواوی ئێش و ئازارەکانی تەمەنی دێتەوە یـاد ئەگـەر زۆر بـەهێز نەبێت لەوانەیە بیروخێنێ ، چونکـە چارەنووسـی خـۆی بەرەشـبین دەبینێ . خێزان ڕۆڵێکی تریش دەبینی لەبەردەم کاریار بەتایبەتی لـە وولاتە پێشکەوتووەکاندا ژن و منداڵ ئەتوانن راسـتەوخۆ کاریگـەر لەسەر کەسایەتی کاریاردا بنێن، بەتایبەتی منداڵی یەکەم کەکەسەکە والێ دەکات بیر لە چۆنیەتی پـەروەردە بـوونی بکاتـەوە .ئەمـەش ڕەنگ دانەوەی لەسەر ئەنجام دانی کارەکـانی دەبێـت بـە هـەمان شێوەش کاتێ دوا منداڵ ماڵەوە جێ دەهێڵـێت دووبـارە کەسـەکە تووشی نەخۆشی خەمۆکی دەکات و هەست بەتەنیا دەکات ،ئەمەش کاریگەری دادەنێت لەسەر ئیشەکانی و بەرەو سسـتی دەبـات . ژن ومێرد هەریەکە بە جیا کە لە هەمان کاتدا کاری کاریاری دەگرنـە ئەستۆ ،کۆمەڵێ کێشەی خێزانیان دێتە پێشەوە کە ڕەنگدانەوەیـەکی نەگەتیفی لەسەر ئاییندەیان دەبێت ، بۆیە ئەبێ پێش هـەموو شـتێک بیر لەپەیوەندی نێوانیان بکەنەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتن چاوەروانیـان بکات . پەیوەندی لەگەڵ هاورێیەکان چ لەناو ڕێکخراوەکـان یـان داموودەزگاکان یان بازرگانی کاریگـەری پۆزەتیـف و نەگـەتیفی هەیە ،کاتێکیش کاتەکانی بێ ئیشی پێکەوە بەسەر دەبـەن یـان بـە خێزانەوە سەردانی یەکتر دەکەن لە خۆشی وشادی کاتیـدا دەژیـن

.بەلاَم كاتــێ هاورێیــەك لــەناو رێكخراوەیەكــدا پشــتی هــاورێ كاریارەكەی خۆیی ناگرێت ، بۆ دیاری كــردنی ئاراســتی نــوێ ی سیاسی یان لە دەزگایەك بەرێوەبەری گشتی هاورێ كاریارەكــەی خۆی دەر دەكات بەهۆی ئەوەی كە جێگای ئەو نەماوە لە دروســت كردنەوەی بەرێوەبەرایەتی نوێدا یان كاتی كارگەیــەكی بازرگــانی (افلاس) دەكات پشت لە هاورێیەكانی خۆی دەكات ، ئەمانە دەبنــە بەربەستی گەورە بۆ گەیشتن بەئامانجەكانی خــۆی و مەترســی لــە دەست دانی كاریارەكەشی لێ دەكەن .بۆیە« برگێتە» كە دێت باس لەو جۆرە پەیوەندیانە دەكات دەڵێت:- «بۆ زۆربەی ئەم هاورێ یان برادەرانە هاورێ یەتی بەتەنیا شتێكی گاڵتەجارانەیە ».( Birgitta 1998 : 1 p 84 )

هاوڕێیەتی هاوڕێ ی باش ئەوەیە پشتیوانی هاورێکەی بکات لەکاتی قەیرانەکاندا . دەست نیشانی هەڵەکان بکات و ڕێگا چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە . بەڵام ئەبێ کاریارەکە خۆی هەست بەولایەنە چاک و خەراپانە بکات . خۆپێ گەیاندنی خۆی کارێکی سەرەکی بێت وخۆ لە چەقی ڕووداوەکاندا بنێ و کەسانی دەوروپشتی شی بکاتەوە بەجورئەتەوە کاربکات و خۆماندوو بکات .« ئەتیلا» دەڵێت :ئێوە پێویستە ئەوەتان لەبیر بێت کە پێشکەوتنەکەتان بەشێکی هەرەزۆری پەیوەندی بەئارەزووەکانی خۆتانەوە هەیە.

چونکە ئارەق باشترە لە ئیلهام « Birgita 1998 :1 p 72 » گەیشتن بەلێپرسراوەتی یان سەرکردایەتی کاتی دەوێت .چینەکان دەڵێن: ژیان سێ قۆناغی هەیە هەر قۆناغەی **٢٠** ساڵە .بیست ساڵی یەکەم بۆ فێربوونە، بیست ساڵی دووەم بۆ هەولدان ، بیست ساڵی سێیەم بۆتێگەیشتن ،کاتێکیش سەرکردەیەکی ژیر دوای ٦٠ساڵ گوێ دەگرێت و رابەرایەتیەکی تێگەیشتوانە دەکات ، ژیان بۆ زۆربەی هاوتەمەنەکانی بەرەو لێژیە ، واتە ئەو سەرکردایەتی نەوەیەکی نوێ تر دەکات. بۆیە گەیشتن بەسەرکردایەتی درێژ خایەنە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت سەر کەوتووبێت . ئەو کەسەی خۆی بۆ سەرکردایەتی ئامادە دەکات و وەک کاریار ڕێگا دەگرێتەبەر دەبێ ئەو هێزە جوولێنەرانەی (قوە المحرک) لەبەر چاو بن.

١. کارێکی پڕ واتا ئەنجام بدات.

٢. ناوێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە ناوبانگ دەربکات .
٣. دارایی وتوانایی مێشک پەیدا بکات .
٤. زەمینەیەکی تر ببڕێت .
٥. بەدوای قەناعەتەکانی دەرونیدا بچێت.
٦. دانی پێدا بنرێت وەک شارەزایەک .
٧. بەگوێرەی قانوون کاربکات.
٨. گەشە بەمرۆڤەکان بدات.
٩. لەکاتی پێویستدا ئامادە بێت .
١٠. دڵسۆزبێت بەرامبەر لێپرسراوەتیەکەی .
١١. خاسیەتەکانی سەرکردایەتی کە هەیەتی بەکاربێنێ .
١٢. بیرەکانی حەقیقی بێ.(Birgitta 1998 : I p62 ).

ئەگەر کەسێک ئەم خالانەی پەیرەوکرد ئەوا بەمسۆگەری رۆژێک دێت دەگات بەسەرکردایەتی یان بەرێوەبەری گشتی .ئەگەر کات نەبێتە بەربەستی .بەلام ئەبێ ئەوەش باش بزانێ سەرکردایەتی نەموڵکی ئەوە نەهی ئەو سەرکردەیە کە ئێستا سەرکردایەتی دەکات .بۆیە باشترین شت ئەوەیە کەسانی دوای خۆی پێبگەیەنێ ورێگاش بداتە ئەوانەی لەو بەتواناترن بەبەردەمیا تێبپەرن و پشتیوانیان بکات .ئەمە دەبێتە کارێکی مرۆڤایەتی و ئەبێ شانازیش بەو مرۆڤانە بکات ،کەبەلێهاتوویی وکاملی خۆی لەوەوە رەت دەکەن.

# ئەزموون

باس کردن لەئەزموون کاتێکی زۆری دەوێت ،چونکە زۆربــەی لێکۆڵــەرەوەکان لــەو بــاوەرەدان کەئــەو کەســانەی بەئــەزمون بەسەرکردایەتی دەگەن سەرکەوتنی باشتر بەدەست دەهێنن لەوانەی کە دادەمەزرێن یا بەهەڵکەوت یان لەرِێگای تیــوری ناوکتێبــەکان بەسەرکردایەتی دەگەن . من لێرە بەکورتی باس لەئەزموون دەکــەم .مرۆڤ لەسەرەتای هەست کردن بەبوونی خۆی تا مــردن کۆمەڵــێ ئەزموونی لاکەڵــەکە دەبــێ ،ئەگــەر بتوانــێ بەشــێوەیەکی ڕاســت بــەکاریان بێنــێ ، لەوانەیــە ســوودێکی باشــیان بــۆ خــۆیی و بــۆ دەوروپشتەکەی هەبێت . ئەگەر بەشێوەیەکی خــراپیش هەڵــس و کەوتیان لەگەڵدا بکات لەوانەیە کارەساتی گەورەی بەدواوە بێــت ، مەرجیش نیە مرۆڤ تەنیا لــەو ئەزموونانــە ســوود وەرگرێــت کــە سەرکەوتوون ،بەڵکو گــەلێک جــار ئەزموونــە تێــک شــکاوەکان ڕوحێکی زیندوو دەدەن بە ئەزموونــە نوێیــە لــە دایــک بووەکــان ،ئەزموون لەشێوەی قسەکردن تا دەسەلاَت دەگرێتەوە .کەسێک کە گووتار بێژی باش بێت ،ئەوا زۆربەی هۆیەکانی پەیوەندی کردن بە دەوروبەری بۆ دەکرێتەوە ،کە دەسەلاَتیش هــەبوو ئــەوە ئــەتوانێ ئەزموونی چاک و خەراپ هەڵێنجێ .نووسینەوەی ئەزموونــەکانیش

بۆ مێژووی مرۆڤایەتی کارێکی سوود بەخشەو بەلام مرۆڤی نوێ بۆی هەیە بەسەر ئەو ئەزموونانەدا باز بدات کە لە ئەرشیفەکاندا پاراستراون ،چونکە تەمەنی مرۆڤ رێگا نادات ئەو ئەزموونانە کەلەلایەن کەسانی ترەوە کراون دووبارە بکاتەوە. لەو شوێنەش کە ئەزموونی دوێنێ لێ کۆتایی هاتووە هی ئەمرۆی لەسەر بنیات دەنردرێت . ئەوانەیی رابردوو تەتڵە دەکرێن و ئەزموونە مەترسیدارەکان دوور دەخرێتەوە .

کەڵەکەبوونی ئەزموونیش لەلای سەرکردە رێگای لێ داناخرێ ،بەڵکو پردێک لەسەر ئەو رووبارە هەڵدەچنن کەلەوانەیە ئەگەر بەسەریدا تێنەپەرێت ئاوەکە بیخنکێنێ .دایک ،باوک ،مامۆستا ،بەرێوەبەر ،سەربازی ،خۆشەویستی ،هاورێیەتی ،کار ئەمانە هەموویان کۆمەڵێ ئەزموونن و رەنگدانەوەی تایبەتیان دەبێت لەسەر پێ گەیاندنی کەسایەتیەکان .گەشەکردنی پرۆسەی کۆمەلایەتی «کشتوکاڵ و پیشەسازی » تارادەیەکی زۆر تەنیا روویان لەگەشەکردنی کالاکان و تەکنەلۆژیا کردوە. کۆمەڵگایان لەیادکردووەو مرۆڤایەتیان سڕیوەتەوە. چونکە بەو عەقڵە کۆنیە کە تەنیا گەشەکردنی تەکنەلۆژیا و مرۆڤ رزگار دەکات ،ناتوانێت سیستەمی کۆمەلایەتی زیاتر بەرەو پێشەوە ببات ،بۆیە ئەبێ گرنگی بە گەشەکردنی کەسایەتی بدات نەک تەنیا بەکالاو تەکنەلۆژیا . مرۆڤ تەکنەلۆژیا دەخولقێنێ ،بەلام خودی مرۆڤ مەزنترین سەرمایەی جیهانە و مێشکی مرۆڤیش زۆر زیاتری لەبارە لەوەی

تائێستا زانراوەو بەکارهێنراوە توانایی مـرۆڤ زۆر زیـاترەو ئەشـێ مرۆڤ بوروژێنـدرێت و تواناکـەی بەشـێوەیەکی ڕاسـت بخرێتـە گەڕەوەو خونچەکان بپشکوون ، چونکە بێ پشـکوتنی خونچـەکان نەگوڵمان دەبێت نە خونچەی نوێ.

براو دەڵێت« مرۆڤ دەبێتە سەرکردەی باش ئەگەر بنەمایەکانی ئەزموونبن، ڕێکخراوەیەکیش کە بیـەوێ بەشـێوەیەکی پۆزەتیـف گەشە بکات پێویستە ئەندامی بەتەمەن و گەنج لەکارە هاوبەشـەکان بەشداری بکەن .بەتەمەنەکان سـەرچاوەی زانسـتن، داواکارییـەکی ناوخۆی ئۆرگانەکەشە کە ئەندامی پەروەردەکراوی هەبێت ،چونکـە پـەروەردەکردن شـێوازێکی چالاکانەیـە بـۆ سـوود وەرگـرتن لە(مەعریفە) و ئەزموونە بـەپێزەکان (Braw 1997 :1 p 12 ). ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کەسـەرکردایەتی ئـەتوانێ سـوودێکی زۆر لـەو ئەزموونـە وەربگرێـت کەلـەناو ڕێکخراوەکـە کەڵـەکە بـووەو بەکاربهێنێت بۆ پەروەردەکردنی ئەندامەکانی و ئەو کەسانەی وەک کاریار کاردەکەن.

لێهاتوویی سەرکردایەتیش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە خزمەتی زیاتر بەنەتەوەو دەوڵەت وکارگەکان و داموو دەزگاکان بکات وهەروەها کاری مرۆڤانەی باش بکات کەکاریگەری پۆزەتیفی بەسەر ڕەوشـی گەشـەکردنی مێـژووی مرۆڤـایەتیەوە هـەبێت . بـراو دەڵـێت : سەرکردایەتی بە ئەزموون پەیوەندی بە بیری هاوبەشی نەتـەوەیی و مرۆڤایەتیەوە هەیە هەروەها هۆشیارییەکی مێژوویی بەهێزیشی هەیە

(Braw 1990 :1 p16). سەرکردایەتی کردن خۆیی تایبەتمەندییەک نییە کە سەرکردە دەبێ هەیبێت ، بەڵکو زیاتر کارێکی مرۆڤانەیە و لەمیانی ئەزموونەکاندا پێ دەگات ،پێویست بەوە ناکات سـەرکردە تایبەت مەند بێت لە کێشەکانی بەڵکو باشترە مرۆڤی تایبـەت مەنـد لەدەورەوپشتی خۆی هەبن و خۆشی سەرکردەیەکی بە ئـەزموون و تایبەتمەند بێت لە سیستەمی سەرکردایەتی .

« براو » دە بنەمای سەرکردە بە ئەزموون دیاردەکات و بەمەرجی سـەرکەوتنی سەرکردەشـیان دەزانـێ کـە ئەمانـەن .شـرعی ،کەسایەتی،معرفە ،ئـاویزە ،هاوکـاری ،هۆشـیاری لـە ئامانجـەکان ،ئارەزوی قوربانی ،ووردبینین ،ئیلهام ،راستگۆ.

بـەلام هـەبوونی ئـەم دەبنەمایانـە بـەتێکرایی لـە کەسـایەتی سەرکردەیەکدا بەدەگمەن هەن ،نـەبوونی هەریەکەشـیان لەوانەیـە بەشێوەیەک لـە شـێوەکانی کاریگـەر پەیـدا بکـات لەسـەر رۆلی سـەرکردایەتی کـردن، بـۆ ئـەوەی کاریگـەرە نەگەتیفـەکانی سەرکردەکە کەم بکرێتەوە ئەتواندرێت سوود لە ئەزموونەکانی تـر وەربگرێت و گەشە بەکەسایەتی خۆی بـدات و هاوکـاری لەگـەڵ هاوکارەکانی خۆی بکات و هەروەها ووردبین بێت لەو بریارانـەی کە دەدات . هەر بەم شێوەیەش دەتوانێ جیاوازی خۆی بکات لەگەڵ ئەو کەسەی بـەدوای دەسـەلاتدا دەگـەرێت ودەیـەوێت تـەواوی دەسەلات بکـات بەمولـکی خـۆی .داخـوازی بنەمایـەکانیش لـە سەرکردەیەک ئەوەیە کە سادەبێت بەگشتی هەولی کـامڵ بـوونی

خۆیی بدات و گوێ لەو کەسانە بگرێت کە سەرکردایەتیان دەکات ولە ئاخافتنا قسە خۆش بێت و لە بریاردان جەسووربێت .بەلام ئەو داخوازییە بنەمایانەی سەرکردایەتی لە گۆڕاندان وچ بەئاستی پۆزەتیف و چ بە نەگەتیف .

بۆیە کاتی« براو» باس لەو گۆڕانانە دەکات کە بەسەر داخوازییە بنەماکانی سەرکردەیەک دادێت لایەنە باش و خەراپەکانیش لێک دەداتەوە ،پێنج شێوەی داخوازی بنەمایی گۆڕاویش دیاری دەکات .

«توانا، راستی ئەزموون، بۆچوونەکان، جێگری (استقرار) هەروەها هێزی رەوشت و ژیر ، ئەگەر ئەو گۆڕانکاریانەش بە ئاراستەیەکی پۆزەتیف بن وئەوا سەرکردە دەتوانێ ببێتە داهێنەرێکی باش لەبواری ئەو شوێنەی کە سەرکردایەتی تێدادەکات .ئەگەر گۆرانکارییەکانیش بەئاقاری نێگەتیف بن ئەوا زیانی بۆ خۆیی و بۆ ئەو دەزگایە دەبێت کە سەرکردایەتی دەکات . بۆ دەربازبوون لە بارە نەگەتیفەکان باشترین شت ئەوەیە کە دوو یان چەند سەرکردەیەک پێکەوە کاربکەن بۆ ئەنجامدانی بڕیارەکان . پێکەوە کارکردن و بریاردان و گەشە بەرێکخراوەکەوکەسایەتی سەرکردایەتیش دەدەن و ئەشبێتە هۆی بەهێزبوونی هێزی بنەمایی بوون .بەلام بوونیش دوو بنەمایەی هەیە ،ژیان و مردن. ژیان گەشە دەکات و کامڵ دەبێت ، بەلام «مردن وەستانەو بەرەو لە بەریەک هەڵوەشانەوە چوونە ، ئەم دوو هێزانە واتا مردن و ژیان لە دەروونی هەمووکەسێک وکۆمەڵگایەک ورێکخراوەیەک،کاریگەیان هەیە»

(Braw 1990 : 1 p 38) ئەو سەرکردەی هەست بەو هێزانــە بکــات و ئەوا هەست کردنە بە گۆرانکــاری و فــەراژووبون . ئــەم دووانــەش هاوتاریب نین یەک واتاشیان نیە «فەراژووبوون بەگوێرەی رێسایی ئۆرگانەکان و واتایی گەورە بوون و گەشەکردنی هێزە ناوکۆیەکانە کە بەردەوام دەبێت و تەواوکەری ئەو پرۆسیسەیە کەهەیەتی .

بەڵام گۆرانکاری ئەشێ واتای هەرەشــەلێکردنی کەســایەتی بێــت (Braw: 1990 : 1 p38).بۆیــە ســەرکردەیەک کەهەســتی بەمانــەکرد پێویستە جیاوازی لە نێوانیان بکات و کاتی پێناسەی هێزەکانی مــردن و هێزەکانی ژیانیش دەکات ،ئەو دیاردانە دیاربکــات کــە دەبنــە هــۆی ئیــدارەی فــەراژووبوون و تێــک شــکانی ئــیرادەی گۆرانکارییــە پۆزەتیفەکان .سەرکردەیەک کە ئیرادەی گەشەکردن و هەست کردن بەناسنامە و کەسایەتی خۆی نەکات نابێتە هاندەرێکیش بۆ فراژووبوونی ئەو رێکخراوە یان دەزگایەی کە سەرکردایەتی دەکات . چونکە هێــزە پاڵنەرەکانی مردن زیــاترن لــە هێــزە پاڵــنەرەکانی ژیــان و توانــایی بەرپرسیاری کارکردنی نەستەکانی زۆر لەوە کەمترن کــە گەشــە بــە هاوکارەکانی بدات و رێکخراوەکە بەرەو ئاقارەکانی نوێ بوون ببــات وهەروەها ناشتوانێ کەسایەتی بۆ خۆی دروست بکات چونکە بەتەواوی لەو ئەزموونە نەگەیشتووە ،کە لە ئەنجامی ململانێــی نێــوان هێزەکــانی ژیان و مردن بەدەست دێت .هەرگیزیش ئەو پرسیارانە لە خۆی ناکات بۆ سەرکردەیە؟بۆ بووە بەسەرکردە؟ بۆکــوێ بەرێوەیــە؟ ئەمانــە ئــەو پرسیارانەن کە سەرکردەی هۆشمەند هەمیشە چەند لە خۆی دەکــات و

سەرە داوی وەلامی پرسیارەکانیش لەناو ئەزموونی سەرکردەکانی تردا دەدۆزێتەوە ،بەلام هەرگیز ئەو وەلامە تەواوە نادۆزێتەوە کە لـە نـاخی خودی ئەو دوو هێزە خۆیان دا حەشـارداوە داوە.سـەرکردەی خـاوەن ئەزموون و لێهاتوو ئەوە باش دەزانێ کەکەسایەتی خۆی بەتەنیا واتـایی نەبوونی ئەو کەسایەتییەیە کە وەک مرۆڤێک هەیـەتی بۆیـە هەمیشـە کەسـایەتی خـۆی لـە کەسـایەتی گشـتیدا دەدۆزێتـەوە، یەکـەی کەسایەتییەکانی رێکخراوەکـە بـە کەسـایەتی گشـتی رێکخراوەکـە دادەنێ. چونکە ئەم کەسـایەتیە گشـتی یـە ، ئـیرادەی فـەراژووبوونی یەکەی کەسایەتیەکان و گەشەکردنی رێکخراوەکەش بەهێزتر دەکات و زیاتر لە ئەنجامەکانی نزیک دەخاتەوە .

بێجگە لەو هێزانەیی کە سەرکردە لە ناخی خـۆی هەیـەتی هێـزی تریش هەن کەلەناو کۆمەڵدا خەزن کـراون پێویسـتە سـەرکردە یـان بەرێوەبەری گشتی بە دوایاندا بگـەرێت بـۆ ئـەوەی بیـان کـات بـە ئامرازێکی بەهێز بۆ خزمەتکردنی هاوولاتیان ، ئەوانـەی هـەر بـەدوای یارمەتی و پارەوەن ،زۆر بەدەگمەن نـەبێت ،سـەرکەوتن بـە دەسـت ناهێنن ،چونکە ئەو ئامرازە لەگەڵ کەسایەتی ئەواندا ناگونجێ خۆشـیان ناتوانن خۆیان لەگەڵ ئەو ئامرازانەدا بگـونجێنن ،ئـەو ئامرازانـەی کـە «براو» باسیان دەکـات مـەرجی سـەرەکین بـۆ سـەرکردەیەک یـان بەرێوەبەرێک کە دەیەوێ خزمەت بەکۆمەڵ بگەیەنێت.

ئەو ئامرازانەش لەوانەیە لە هەموو سـەرکردەیەکی سیاسـی دا نـەبن ،بەلام مەرجێکی پێویستە بۆ بەرێوەبەری گشتی کە ئەو ئامرازانە بناسـێ

و بتوانێ واتایی تەواویان بدۆزێتەوە .چونکە گـەلێک جـار ئەمانـە لـە قانوونی دەوڵەتەکەدا بەتەواوی لێـک نەدرایتـەوە . لەئـەنجامی کـاری بەردەوامی بەرێوەبەرەکان ئەتواندرێت ئەزموون تەواو پەیدا بکرێت کە بەشێوەی ڕاست هەڵـس و کـەوتیان لەگـەڵ بکرێـت ئامرازەکـانیش ئەمانەن:- مورال، ئابڕو، پـێش برکـێ، سـوودمەندی و بەرپرسـیارەتی ،هـەروەها ئاسـایش دابـین کـردن . ئـەم شـەش ئامرازانـە کاتـێ بەرێوەبەرەکان بەشـێوەیەکی داد پەروەرانـە بـەکاریان دێـنن ، ئابـڕو هەیبـەتی دام ودەزگاکـان و دەوڵـەت بـەرز دەکەنـەوە هـەروەها بەرێوەبەرەکانیش ئەبێ سمبولی ڕاستی بن لە دەزگاکان و چەمکەکانی داد پەروەری واتا «ڕاستی بەڕاست بـزانن» ڕەخنـە بـەکاربێنن بـۆ لـە بێژینگ دانی بیرەکان و هەڵاوردنی بیرە خەراپەکان هـەروەها بـاوەڕ پەیداکردن وبەیەک چاو تەماشاکردن و بەیەکسانی ودلسۆزی وژیرانـە کاربکەن ،خزمەت بگەیـەنن «چونکـە بەرێوەبـەر زەلم دارنیـە بـەلکو خزمـەتکارە» هـەروەها چاودێرکـەربێت بـەگوێرەی قـانوونی ڕوح بەرێوەبەر هەڵسو کەوت بکات » « بـراو »ئـەم ڕەفتارانـە بـەهۆکاری گرنگ دەزانێ بۆ ئەوەی بەرێوەبەرێک سـەرکەوتن بەدەسـت بێنـێ و بتوانێ لەناو کۆمەڵ شوێنی خـۆی بکاتـەوە ،لەوانەشـە ئـەو کەسـانەی هەوڵدەدەن ئەزموونی ئەو بەرێوەبەرانە وەرگرن کە بەو شێوە خزمـەت دەکەن ببێتە هۆکارێکی باش بۆیان کەلە بواری سیاسی و ئابووری واتـا لە ناورێکخراو و دەزگاکان سەرکەوتن بەدەست بێنن ، چونکە زۆربەی ئەوانەی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکان دەکـەن ،دەسـەڵات بەباشـترین

هۆکار دەزانێ و ئەوانەیی لەکارگەکانیش بەرێوەبەرن پـارە بەباشـترین هۆکار دەزانن بۆ ئەوەی سەرکەوتن لەکارەکانی بەدەست بێنن ،بـەلام مرۆڤی بێ ئەزموون ناتوانن لە شوێنی خـۆی جولـە بکـات هەرچەنـدە دەسەلات یان پارەی هەبێت ،چونکە هەبوونی دەسـەلات و پـارە لـە ئەنجامدا لەوانەیە سەرکردایەتی لەدەست بدات .

# موراڵ

موراڵ چەمکێکی نوێ نیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بـە لـکو لـەو کاتەوە مرۆڤ لەسەر زەمین پەیدا بووە ، ئەو چەمکەش لەگـەڵ لـە دایک بوونی زمان پەیدا بووەو رەوتی خۆیی وەرگرتـووە ، بـەلام لێکدانەوە بۆ چەمکەکە گۆرانکاری زۆری بەسەردا هاتووە .چونکـە ئایین و فەلسەفەو کولتور کاریگـەری زۆریـان لەسـەر هـەبووە .... موراڵ لە هەموو ئاینەکان زیاتر پاکێتی مرۆڤ لە خـۆوە دەگرێـت بناغەیەکی بەهێزیشە بۆ ئەوەی چۆنایەتی کەسەکەی پێ لێکبدرێتەوە ، فەلسەفەش بـە گـوێرەی توانـای خـۆی گرنگـی پـێ داوەو لـە بوارەکانی کارکردنیدا شتەکانی پـێ راڤـە کـردووە .... هـەروەها کولتوریش موراڵی لە چوارچێوەی گەشەکردنی خۆی شوێنێکی بـۆ داناوە بە گوێرەی گۆرانکارییەکان گۆرانیشی بەسـەر ئـەو چەمکـە داهێناوە ، لە زمانی کوردیشدا ووشەی ڕەوشت ،ئاکار،سنج بارانبـەر

موراڵ بەکار هاتوون ،بەلاَم کاریگەری دەورووپشــت وای کــردووە زیاتر ووشەی ئەخلاق باوبێ ، بۆیە مــن لێــرەدا ووشــەی لاتینیەکــە «موراڵ » بەکار دەهێنم .

بۆ باشتر تێگەیشتنیش لە مــوراڵ پێویســتە ســەرەتا لێکدانــەوەی هێندێک نووسەر بخەینە ڕوو .

لەوانەیە چەمکی موراڵ لەلایەن نووســەرەکانیش ئاڵــۆزبێ و بــە تەواوی پێناسەیەکی هاوبەشیان بــۆ هەڵــنەبژاردبێ .چونکــە مــوراڵ لەوانەیە پەیوەندی بە ئایین و کەسایەتی و هەڵوێست و بیرکردنەوەو چۆنیەتی هەڵس و کەوتەوە هەبێ ... هەریەکیش لە نووسەرەکان بە شێوەیەک چەمکی موراڵ بە مانەوە دەبەســتێتەوە ... بــەلاَم ئەگــەر بەشێوەیەکی زانستی لێوەبکرێت ئەبێ مرۆڤ خۆی لــە لێکدانــەوەی سادە بپارێزێ ئەو لێکدانەوانە هەڵبژێرێ کە توانیویانە تا ســنورێکی باش شوێنی موراڵ لە کۆمەڵدا دیاری بکەن.بۆیــە «سڤــێری مــۆی» <Sverre Moe> مــوڕاڵ وەک نووســەرێک دەبینــێ و گــەلێک جــار دەیبەستێتەوە بە هارمۆنی < Valsmord integ ratran> کە پڕە لــە کێشــە < Sverre : 1996: p106 > «فرانسیسۆ » دەڵێت موراڵ ژیــان نیــە بەڵــکو بەشێکە لە ژیان و مرۆڤیش بەیەکێتی نێوان هەست و هۆش هەم لــە ناوەڕۆکی ژیان و هەم لە ڕەفتاردا دەزانێ ،بۆیە بە پێویستی دەزانــێ کە موراڵ ئەو یەکێتیە رابگرێ < Francesco 1994> «ماتس لوند سترۆم» چــەمکی مــوراڵ وەک چــەمکی بەرپرســیاری لــە لێکدانــەوەدا بــەکاردەهێنرێ بــۆ پــۆلێن کــردنی داب و نــەریتی هەمــەجۆر و

تێگەیشتنەکان کە رەفتارەکانی مرۆڤ رابەرایەتی دەکات . ئەگــەر بە ووردی بەسەر ئەو پێناسەی مۆراڵدا بچینەوە ئەوا موراڵ سنورێکی هەیە ، واتا مرۆڤ ئەبێ ئەو سنورە بەدی بکات کە ســنوری مــوراڵ کۆتایی پێ دێت ،بەلام ئەم سنورە لەوانەیە لە کات و ساتێکی تــردا سنورەکەی فرەوانتر بێ ،چونکــە پەیوەنــدی بــە هەســت و هۆشــی مرۆڤەوە هەیە . واتا بەشێکە لە ژیان و ژیانیش سنورەکانی فرەوەان دەبێت یان تەسک دەبنەوە ،بۆ ئەوەی باشــتریش لەبەرپرســیاریەتی بگەین ئەبێ داب و نەریتەکانی موراڵ بزانین و بزانین کەی مــوراڵ دەبێــت بــە بەرپرســیارەتی ، بــۆچی دەبێتــە بەرپرســیارەتی یــان بەرپرسیارەتی بۆ دەبێت بە موراڵ و چــۆن مــرۆڤ رەفتــار لەگــەڵ موراڵ دەکات و رابەرایەتی دەکات .ئەگەر مرۆڤ بۆ رێســایەکانی مــوراڵ بگەرێتــەوە ئــەوە ئەتوانــدرێت هەنــدێ لــە رێســایەکانی بەدیاربخات چونکە لــە نــاو خــودی هــەر کولتورێــک واتایــەک دەگەیەنێ ،هەروەها نابێت چی بکرێت بۆ ئەوەی پیرۆزی موراڵ و بە تێگەیشتنی زانستیانە بوونی خۆی لە دەست نەدا .بۆ ئەوەی زیــاتر لەمە بگەین باشتر وایە هەندێ لــە داب و نەریتیــەکانی مــوراڵ کــە «گونــار فرێدیکســۆن < Gunnar Fredriksson باســی لێــوە دەکــات بنوسینەوە :- رێسای موراڵ لە فۆرمی پیرۆزی شتەکان پەیدا بــووە ، بۆ نموونە مرۆڤ نابێ گۆشت بخوا یان نابێ گۆشتی بەراز بخــوات یان نابێت پەتاتە بچێنێ کە مانگ پڕبوو ، یان هەندێک کەس دەڵێن

حیوان حەرامە ،یان پیاو لە کاتی مردنی ژنی نابێ خوشکە ژنی مارە بکات< Gunnar :1992 p 123 >.

دیارە ئەم داب و نەریتانەش لە خۆرا پەیدا نەبوینە بەڵکو پەیوەندی بە مێژوویەکی قوڵەوە هەیە.

ئینگلیزەکان حەرامیان کردووە خوشکی خێزانیان مارە بکەن ، لەبەرئەوەی نەک جوانی خوشکەکەی وا لە پیاوەکە بکات ژنەکەی خۆی بکوژێ زۆربەی داب و نەریتەکان زیاتر پەیوەندییان بە لایەن ئایینیەکەوە هەیە .لێرەدا زیاتر لێکدانەوەی موراڵ بۆ سەرکردایەتی چڕ دەکەمەوە چونکە مەبەستی سەرەکیمە لە باسەکەدا .سەرکردە بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی خۆی بەدیاربخات بەرانبەر بەشتە پۆزەتیف و نەگەتیفەکان ، ئەبێ بەدوای ئەو پیرۆزیانە ی موراڵدا بگەرێت تا بتوانێ ئەو ئەرکانەی کە پێی سپێردراوە یان خستویانەتە سەر شانی جێ بە جێ بکات، ، «گۆسپێ مازێنی » ئیتاڵی لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەم هەوڵی بە هێزکردنی روحی نەتەوایەتی ئیتاڵی داو شۆرشێکی شۆرشگێرانە بەرپابوو .بەلام موراڵی سەرکردەکانی ئەو کاتی ئیتاڵیا ئەوەیان پێ هەرس نەکراو پێیان وابوو ئەوە لە موراڵی ئیتالیەکان نایەتەوە بە هاوبەشی سوپای فەرەنسا و نەمسا شۆرشەکەیان شکاند و واتا موراڵی خەڵکی ئیتالیایان لە رووی سایکۆلۆژی تێک شکاندکە داوای یەک پارچەیی هەموو خاکی ئیتاڵییان دەکرد بە گوێرەی تیۆرەکانی گۆسپی ، بۆیە ئەبێ سەرکردە ئاگاداری ئەوەبێ کە سایکۆلۆژی موراڵ چ کاریگەرێکی لەسەر پایەکانی رەفتاری موراڵ

هەیە ،هەر بۆیەش «لوند سترۆم» دەڵـێت لـە فەلسـەفەی مـوراڵ و سایکۆلۆژی موراڵدا بە دیاردەکەوێت کـە مـرۆڤ کـام پایـە بـۆ رەفتارەکانی موراڵ دابمەزرێنێ ، عقیدەی موراڵ بە دیاری خسـتووە کە موراڵ سەربەخۆ بێ و خۆ وویست نەبێ و گشتی بێت <Lundstvom 1994 p 41>.

خودی موراڵ کۆمەڵێک کودی هەیـە یـەکێکیش لـەو کودانـە حەقیقەتی سایکۆلۆژی و کۆمەڵگایەکی چەسپاوە کە «لوند سترۆم » دەسـت نیشـانی دەکـات دەڵـێت بێجگـە لەمـەش ئەگـەر ئایدیۆلۆژیەکیش لەسەر ئەساسی بەهای موراڵ دابمەزرێ ئەوە وەک کودێکی موراڵ بەکار دێت بە تایبەتی بۆ ئەوانەی لە بوارەکانی بـۆ چوونی سیاسی بەکار دەهێنن.<Lundstrom 1993 :p 44>

واتا سەرکردە یان کەسێکی سیاسی یان ئیداری ئـەبێ شـارەزایی دەربارەی چۆنیەتی کردنەوەی ئەو کودانە هەبێ ، تا بتوانێ لە کاتی کردنەوەی کودەکان ، زیان بە خـودی موراڵـی خـۆیی و کۆمـەڵ نەگەیەنێ .چونکە بریندارکردنی موراڵی خۆی لەوانەیـە بـە پاکانـە کردن یان بە پاراستنی دەسەلات برینەکە لە دەرەوە سـاریژ بکـات ،بەلام برینی تاکەکانی کۆمەڵ پانتاییەکی فرەوانتریان هەیـە و بـە پاکانەکردن ساریژ ناکریت ،بۆ خۆ دەربازکردن لـەو سـایکۆلۆژیە روحی یە کە هەرێمی خەڵـکەکەی گرتۆتـەوە بـەدوور نازانرێـت هەموو بەرپرسیاریەتیەکە بخەنە ئەسـتۆی سـەرکردە .لـە ژێـرەوەدا هەولی بنیات نانی موراڵێکی نوێ بکرێـت تـا داب و نـەریتی ئـەو

مورالەی کە سەرکردەکە بۆی خوڵقاندون بسرنەوە.... ســەرکردەی خاوەن ئەزموونیش راستیەکانی موراڵ دەبینێ هەوڵــی ئــەوە دەدات کە تاوانەکەی بخاتە ئەستۆی کەسانی ترو داوای لێبوردنیش بکات . سەرکردە پاکانەو لێبوردن لە حاڵەتێکدا دەکات کە لێشاوێکی بەهێز دیموکراتی لە جولاندن دابن و دەنگی کەل لە ناو پەرلەمان بە یاسایە راستەقینەکانە قسەبکات ئەگەر ئەو حاڵەتە نەبوو ئەوە ســەرکردەکە داوای پاکانە لە خەڵک دەکات کە بۆی بکەن چونکە دیموکراتێکی چەواشەکراو «بالوری» لێدانی راستکردنەوەی موراڵ لێدەدات ، بەلام ئەبێ سەرکردە هەست بە لێکدانەوەی راستی چەمکی تاوان و پاکانە بکات ،چونکە مەبەستی لە پاکانە ئەوەیــە کــە کەســەکە لــە رووی جەستەوە لەوێ نەبووە کاتێ تاوانەکە رووی داوە واتا بەرپرسیارنیە هەروەها چەمکی پاکانە بۆ باســکردنی هزرەکــانی کــە بــاس لــە هەڵــبژاردنی پرنســیپەکانی داب و نــەریتی کەســەکە دەکـــات بەکاردەهێنرێت < Lundstrom 1993: p58 >واتا ئامادە نەبوونی سەرکردە لە رووداوەکە پێویست بەوە ناکات پاکانە بکات .بەلام کە پاکانەی کرد واتا تاوانی کردووە کە تاوانیشی کردبێ واتــا بەرپرســیارە ، « تۆمپسۆم < Thompsom چــەمکی بەرپرســیاری بــە چــەمکی ئــازادی هەڵبژاردن و رەفتار و عەقلانیەت دەبەستێتەوە کە لە بنچینەدا باس لە پەیوەندی نێوان کەسەکەو رووداوەکە دەکـات < Thompsom 1993: p 547 >

واتا بە ڕێسای خۆویست مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی ڕەفتارو کردەوەکانی بەلاَم عەقلانیەت لەوانەیە ئەمە قبوڵ نەکاو هەموو پرۆسیسی سیستەمی موراڵ ئاڵۆز بکات ،چونکە «لومان < Luhmann سیستەمی موراڵ وەک مەرجەگشتیەکان بۆ نرخاندنی بنچینەکانی ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتن تێ دەگات < Luhmann 1984 : p 319 > واتا موراڵ ئەتواندرێت وەک پایە یان مەرجەکانی ڕێزگرتن یان ڕێزلێ نەگرتن دیاربکرێت ،ڕێزگرتنیش واتای ئەوەیە کە مرۆڤ دان بە ڕەفتارە «ئەتۆنۆمیەکان » و بەرپرسیاریەتی ئەوانەی تردابنێ ،بەلاَم هەمیشە ئەوە دوولایەنە چونکە ڕێز ئەوەیە کە ئێمە لە ئەوانی تر وەردەگرین ،نەک ئێمە خۆمان دابەشی بکەین .ڕێزگرتن تەواوی جەستەی کەسەکە دەگرێتەوە ،چونکە ناگونجێ مرۆڤ لەیەک کاتدا هەم خۆشی بوێ هەم ڕقی لێ بێتەوە <Sverre 1996 : p 106> واتا سەرکردە ئەبێ ئاگاداری ئەوەبێ کە ڕێزی لێ بگرێت وچونکە لە دەست دانی ڕێز واتا لە دەست دانی یەکێک لە خاسیەتەکانی سەرکردە ،کە لەوانەیە ئەو هەموو خاسیەتانەی کە چەندین ساڵە پاراستوونی لە ئەنجامی دۆراندنی موراڵ لە دەستیان بدات...

موراليش هەر بە پەیوەندی کردن بە لایەنێکی دژ لە دەست نادرێت ،بەڵکو سیستەمی کۆمەلایەتی سنورەکانی موراڵ دیاری دەکات لەوانە «نەدانی باج»پەیوەندی پەیداکردن لەگەڵ ژنی تر ڕێز نەگرتنی هەندێ داب ونەریتی کۆمەڵ وکۆکردنەوەی سەرمایە بەرێگای ناقانوونی هەروەها پێشێلکردنی سەروەرییەکانی نەتەوە

یان دام و دەزگاکان. ئەمانە هەندێک لەو خالانـەن کـە سـەرکردە خۆی تێدا دەدۆرێنێ و دەسـەلات لـە دەسـت دەدات ،بـۆ ئـەوەی دووربێ لەو حالەتانە ئەبێ سەرکردە ئەمانەی سەرەوە بە شـێوەیەک لە شێوەکانی لە خەلک بگەینێ کـە خـۆی وەک تاکـە کەسـێک سالانە باج دەدات بۆیە مافی ئەوەی هەیە وەکو تاکێکی کۆمەڵ بـە گوێرەی ماندووبونی خۆی یارمـەتی بـدرێت ، ئـەو سـامانەی کـە هەیەتیشـی داهـاتی قـانوونی سـالانەی خۆیـەتی . پاراسـتنی سەروەرییەکانی گەل و نەتەوەش و هێشتنەوەی مێـژووی خۆیـەتی بە پاکی بۆ ئایندە . هەموو ئەمانەش زیـادبوونی رێزیـەتی لەلایـەن تاکەکانی کۆمـەڵ ،چونکـە ئەمانـە بەشـێوەیەک پەیوەنـدییان بـە مورالەوە هەیە و بەگشتی رێچکەیەکن بۆ مورال.

«سڤێری» دەلێت: مورال شتێکە کە پێویستە هەمیشە گشتی بێ و بوارێکی زۆریشـی هـەبێ بـۆ لێکدانـەوەی بۆیـە مـورال هەمیشـە چەمکێکی ئالۆزە لە هەمانکاتیشدا لە میانی مەرالەوەیە کە مـرۆڤ و سیتەمی کۆمەڵ بە واتایەکی بە هادار پێکەوە بەسـتراونەتەوە <Sverre :1996: p 106> .

بۆیە ئەگەر سەرکردە بە کاملی و دەسەلات و کاریزما ناوبانـگ بۆ خۆی پەیدا نەکات ئەوا بە مورال خۆشەویستی دەباتەوە ،تا ئێسـتا هیچ کەسێک نـەبووە ئەگـەر بـە زۆرداری نـەبێ تـوانیبێتی وازی دەسەلاتی خۆی بکات و هاوسـەنگەکان رابگـرێ ئەگـەر مورالـی لەگەڵ نەبێ .

«لوند سترۆم» دەڵێت: ئیندڤید بەرپرسیارە بەرانبەر بە کەسایەتی خۆی و موراڵی خۆی هەروەها بە گوێرەی بەشێکی پێناسەی «ئەرستوتالس» مرۆڤ گیانەوەرێکی سیاسیە ، بەشەکەی تر ئەوەیە کە مرۆڤ ئەو توانایەی هەیە کە فۆرم و یاسا بۆ بوونی کۆمەڵگاکەی هەڵبژێرێ ، هەروەها ئازادی هەڵبژاردنی رەفتارەکانیش واتای بەرپرسیاری موراڵە « Lundstrom 1993:p41 » .

کە ئەمەش لە بواری سیاسی و یان ئیداری ئەتواندرێت وا لێکبدرێتەوە کە سەرکردە ئازادە لە هەڵبژاردنی رەفتارەکان بەلام ئەبێ بەرپرسیاری موراڵیش بگرێتە ئەستۆی خۆی وەلام دانەوەی بۆ رووداوەکان هەبێ و هەوڵبدا تەواوی کۆمەڵ بە دوای خۆی رابکێشێت ،چونکە هیچ «عەقلانیەتێک» لەوەدانیە کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ یەکەیەکی رەفتارەکانی سەرکردەیان لاپەسند بێ و بەڵکو «عەقلانیەت» لەوەدایە کە سەرکردە چۆن بۆ کارە جوانەکانی خۆیی دەروانێ ، ئەوەش کارە جوانەکانی کۆمەڵ بخەملێنێ ، هیچ سەرکردەیەکیش ناتوانێ هەمووکارەجوانەکان ببینێ، تا ئەو دەرگایانە نەکاتەوە کە موراڵی کۆمەڵ لەسەربنیات دەندرێت،چونکە موراڵ زیاتر باس لە هەست دەکات ،نەک ژیری هەر بۆیەشە «شاڵوتە» دەڵێت: ئەوانەی تەوندتر بەدوای نوێکردنەوەی موراڵ دەکەون ،مەترسی ئەوەیان هەیە خۆیان بە شێوەیەکی ناموراڵ هەلس وکەوت بکەن. ئەمەش خەتەرترین هەنگاوەکانی سەرکردەیەک دەبێت کە دەیەوێ خۆی باوکی موراڵ

بێ ،بەلام نامورالانە هەڵس و کەوت بکـات و پەردەیـەک بەسـەر تیشکە رووناکەکانـدا بـدات.هـەر لـە ئـەنجامی ئەمـەش بـوو لـە لێکدانـەوەی چـەمکی «بێرەوشـتی» گـەلێک جـار نـاکۆکی زۆر کەوتۆتە نێوان ئەوانەی کـە دەیانـەوێ مـوراڵ یـان بـێ رەوشـتی سەرکردەیەک دیاربکەن بە دوو شـێوەی جیـا ڕەوشـتی «هیتلـرو سـتالین »نیـان دیـارکردووە پێیـان وایـە کـە چـەمکی مـوراڵ پێچەوانەکـەی «بێرەوشـتی» نیـە بەڵـکو نـا ووشـیارە لـە داب و نەریتەکانی موراڵ کە زیاتر پەیوەندی بە ناوەڕۆکێکی سـایکۆلۆژی هەیە «ماتس»یـش دێـت ئـەو دوو چەمکـە لـە روانگـەی چەنـد نووسەرێکی تر بەو شێوەیە بـاس دەکـات . پێشـەوایەک لەوانەیـە پەیوەندیەکی ((نەسـنجیamoral ))ی بـە چەشـنێک بـە سیسـتەمی موراڵەوە هەبێ ،ئەگـەر سـەرکردەیەک نـا ووشـیاربێ دەربـارەی ناوەڕۆکی پایەکانی سیستەمەکە ،کە رەفتارەکانی موراڵ دەنوێنێ .

«گیلبێرت هارمان «Gilbert Herman » شیکردنەوەی بە ناوبانگی لە نێوان بێ رەوشتی و نەسنجی هەیە دەڵێت: هیتلەر پیاوێکی نەسـنجی بوو بەلام ستالین پیاوێکی بێ ڕەوشت بوو .بـە پێچەوانـەی سـتالین «هیتلەر» ئامادەی گفتۆگۆکردنی موراڵ نەبوو بە گوێرەی «هارمان» هیتلەر ئەو توانایەی نەبوو لە ناوەرۆکی چەمکی موراڵ بگات .ستالین بە پێچەوانەوە گوماندار بوو ، بەلام ئەو توانای هەبوو باس لە مـوراڵ بکات ، لەبری ئەوەی ووشیارانە لە سەرەوەی بۆ چوونی موراڵـەوە بۆ سیاسەتی دەڕوانی واتا خۆی لەسەرووی موراڵەوە دەبینی ،کەواتە

بــە گــوێرەی «هارمــان» هیتلــەر پیــاوێکی نەســنجی بــوو .بــەلام کردەوەکانی بێ ڕەوشتی بوون ، ســتالینیش بــە پێچەوانــەوە هــەم کەسایەتی خۆیی و هەم رەفتارەکانی بێ ڕەوشت بوون .

بە گوێرەی ئەم بــۆ چوونــە نەســنجی بــە هێمــای ســایکۆلۆژی کەسایەتی دیاری دەکرێت ،واتا ئەو توانایەی کە ناتوانێ لە بــەهای مورالْ بگــا. مــرۆڤ ئــەتوانێ چــەمکی نەســنجی بــەکار بێنــێ بــۆ رەخنەگرتن لە بەشێکی تیوری عــادەت و تقالیــد بــیری «هــۆبس» و«میکافیلی» وەک نەســنجی باســکراون و چونکــە ئــەوان دان بــە رەفتارێک دادەنێن کــە لەســەربناغەیەکی بەرژەوەنــدی خوازانــەی خۆیان کە بێ بیرکردنەوە بنیات نراوە ،هــەروەها تیــوری مورالْــی «نیتچە»ش بە تێۆرێکی«نەسنجی ناو دەبــەن هۆیەکەشــی ئەوەیەکــە نیتچەش وەک «هۆبس و میکافیلی »حاشا دەکات لە هەبوونی واتای بەهای مورالْ چ وەک خەراپە چ وەک چاکــە ،راســت و ناراســتی پەیوەندی بە دەسەلاتەوە نیە دەسەلات خــۆی راســتیە .« Mats : 1993 «p43

بە گوێرەی ئەمەی سەرەوە مورالّی ســەرکردە تارادەیــەکی زۆر پەیوەندی بەو ســایکۆلۆژیەتی کەســایەتی خۆیــەوە هەیــە ،ئەگــەر دەسەلات لەلای هەموو شتێک بوو ئەوا گرنگ نیە بە دوای کامــەدا بگەرێت، ئەشێ لەیەک کاتدا هەم کەسایەتی «هیتلــەری» هــەبێ و هەم کەسایەتی «ستالین» . دروست بوونی ئــارەزووی دەســەلاتیش لەوانەیە سەرکردەکە بخەنە بەر ئەو واقیعەکە مورالّی خۆی لە دەست

بدات ،بەلام من بە تـەواوی لەگـەڵ بـۆ چـوونی ئـەوە نیمـە کـە ڕەفتارەکانی «میکافیلی »نەسنجی بن ،چونکە میکافیلی هەوڵـی داوە کیانێک بۆ ئیتالیا دروست بکات بۆیە وویستویەتی دەسەلات بکاتـە بناغەیەکی سەرەتایی بۆ دروست کردنی ئەو موراڵە کـە هـەبوونی یەک میر زیاتر ئیتالیا لە یەک پارچەیی نزیک دەخاتەوەو دەسـتی دەرەکی دەبڕێت .چونکە هـەر سـەرکردەیەک ئەگـەر لـە پێنـاو بەرزکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیەک و ڕزگارکردنی سایکۆلۆژی تێک شکاوی تاکەکانی کۆمەڵ کاربکات ، ئەوە واتای ئەوەیە کـە سەرکردەکە زیاتر ئەیەوێ لـە دەسـەلات دووربێـت و تاکـەکانی کۆمەڵ هاوبەشی بکەن لە بنیـات نانـەوەی سـاکۆلۆژیەتی کۆمـەڵ بەگشتی ، چونکە لەوکاتەدا سەرکردە ناتوانێ چاو ببرێتـە داهـات و تاپۆکردنی مێژووی نەتەوەکەی یان ڕێکخراوەکەی ، لەبەر ئـەوەی خۆی هەوڵی داوە کەسانی تر پێبگەیـەنێ و هاوکـاری بکـەن لـە بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری کەسایەتی و فرەوان کردنی شـوێنی موراڵ کە خودی موراڵی سەرکردەکە یان ڕێکخراوەکە دەکەوێتـە بەر لێکۆلینەوە ، ئەگەر ویستی بواری شوێنی موراڵ تەسک بکاتەوە ، بـەلام بـۆ ئـەبێ لێکۆڵـینەوەی موراڵـی ڕێکخـراوەک یـان سەرکردەکەی دیکـۆمێنتی مێـژووی لەبـەرچاو بگرێـت و لایەنـە نەگـەتیف و پۆزەتیفـەکانی دیـاری بکرێـت ،چونکـە ڕاسـتەوخۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بوارەی کە خـودی موراڵـی سـەرکردەکە یـان ڕێکخراوەکە وازی تێدا دەکات واتـا ڕەتکردنـەوەی ئـەو موراڵـە

راستیەیە کە دەیەوێت نەسنجی یان بێ رەوشتی سەرکردەکە یان ڕێکخراوەکە بە دیاربخات . ڕەتکردنەوش گەلێک جار بە قەدەغەکردنی پەیامی ڕێکخراوەکە یان چالاکیەکانی سەرکردەکە دەبێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی جەماوەرێک بۆ ئەو پەیامە پەیدا ببێت ،چونکە موراڵی مرۆڤ تا رادەیەکی زۆر وا خوڵقاوە کە شتی قەدەغە ئەگەر چی زیانبەخشیش بێ ئارەزووی لە ناو خەڵک زیاتر دەبێ و خەڵک بە دوای دا دەگەڕێت و پشتیوانی لێ دەکات.

«تێنشو» دەڵێت : کاتێ ئێمە باس لە کردارەکانی نازیستەکان دەکەین بە داخەوە لەبری ئەوەی بە دیکۆمێنت باسی بکەین دێین پەیامی نازیستەکان قەدەغە دەکەین ، ئا لەوکاتەدا ئێمە موراڵی نازیستەکان دەشارینەوە ،کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاکارەکانی ئەوان ئاسانتر بێت بۆ ئەو نازیانەی ئێستا هەن کە باسی بکەین « Sverre:1996;p116 ». بۆیە سەرکردەیەک نابێ لەوە بترسێت و پەیامی کەسێکی تر قەدەغە بکات یان رەتبکاتەوە گەرچی هەرەشەیی دەسەلاتیشی لێ بکات ،چونکە دەسەلاتی سەرکردە ناپارێزێ بەڵکو خەڵک ئەو دەسەلاتە دەپارێزن کە سەرکردەیەکی خاوەن موراڵی هەیە .تەنیا لە کاتێکدا دەسەلاتی سەرکردە دەپارێزرێ کە لە ڕێگای نا قانوونی و پێداویستەکانی دەسەلات پێداگرن ، کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو خاسیەتانەیە کە سەرکردەیەک ئەبێ هەیبێت .

«گونار»دەڵێت : موراڵ لە پراکتیکدا لەکاتێ پێویستیدا بەراورد دەکرێت لەگەڵ دەسەڵاتێکی رووت ، ئەو لەوکاتەشدا تەنیا بۆ ماوەیەک راستی و سوودی بەدواوەیە،تاکە فەرمانێکیش کە هاندەرێکی دان پێدانراوبێ ئارەزووی پارتەکە یان دیکتاتۆرەکەیە ، پارتەکە هەمیشە خۆی پێ راستە لەو کاتەوەش پارتەکە بریاری داوە، کە پرسیارەکە وەلامی تەواوی دراوەتەوەو گەرچی تاوانیش بێت ، گفتوگۆی زیاتریشی پێویست نیە . بەلام لە کۆمەڵگای مۆدێرندا کە هاوولاتیان پەروەردەیەکی بەرزیان هەیە ، ئەوە نیشان دراوە کە ئیمکان نیە موراڵ لەسەر دەستورێکی پێش وەخت بریاردراو دابمەزرێ <Guunnar 1992 p:124> .

بۆیە چەمکی موراڵی سەرکردە لە کۆمەڵگایەک تا کۆمەڵگایەکی تر ناتواندرێت بە هەمان میتۆد لێک بدرێتەوە ،ئەوەش نەک لەبەرئەوەی خۆی چەمکی موراڵی جیاوازە بەڵکو لەبەر ئەوەیە سەرکردە خاوەنی چ دەسەلاتێکە یان سەرکردایەتی کام سیستەم دەکات ، لە سیستەمی دیموکراتیدا هەمیشە هاوولاتیان بەشدارن لە لێک دانەوەی چەمکەکە کاریگەریشیان هەیە لەسەر ئەو سیستەمەی کە دەوڵەتەکە بەرێوە دەبات و بەلام لە دەوڵەتێکدا کە سیستەمی دیموکراتی تێدا نەبێ سەرکردە بەچەمکی دیموکراتی کە خۆی لێ تێدەگات موراڵ لێک دەداتەوە و بەشداری هاوولاتیانیش بوونی نیە ، هەرلێکدانەوەیەکیش لە دەرەوەی ئەو سیستەمە بە هەرەشە دەزانێ لەسەر خۆی و دەسەلاتەکەی ، هیچ کاتێکیش سەرکردە نایەوێت

مورال رۆلی خۆی ببینێ و بەرژەوەندییە گشتیەکان هارمۆنیزە بکات .گونار دەڵێت:« ئەرکی مورالی دیموکراتی ئەوەیە کە بەرژەوەندیە گشتیەکان و هیوایەکانی نێوان ئیندیڤـیدەکان هـارمۆنیزە بکـات و دیموکراتیش لەو بۆ چونەوە دەبێتە یاسای وازی کردنی سیستەمەکە بۆ ئەوەی بەگەورەترین شێوە «گرانتی »ئـارام گـرتن بکـات و تـا دەکرێت ئیرەیی کەم بکاتەوە . ئـەم ڕێسـایانەش مـاف و ئـەرکی کۆمەڵ پێناسە دەکەن < Gunnar 1992 p 127 >.

سـەرکردەیەک ئـەبێ ئاگـاداری ڕێسـایەکانی مـورال بـێ و هاوولاتیان لە پرۆسەی بە مورال کردنی کۆمـەڵ نەخاتـە دەرەوە ، لەوانەیە هەمیشە مورال پەیوەندی نەبێ بە دەسەلاتی سیاسیەوە ، بەلام کاریگەری زۆری لەسەر هەیە بە تایبەتی کاتێ پرسەکانی مورال لـە دەزگاکانی تری کۆمەڵ دێنە ئاراوە ، بـۆ نموونـە لـە دەزگاکـانی تەندروستی و خوێندن کە دەپرسن ئایا ڕەوایە ژن منداڵ لەبەر خۆی ببات یان خوێندکارێکی مەسیحی یان ئیسلام ئاینێکی تـر بخوێنـێ ، ئەم جۆرە وتووێژانـە دەنگدانـەوەی زۆریـان هەیـە لـە کۆمەڵـگا مەدەنیەکاندا بۆ یەک لاکردنەوەی بریارەکانیش بریارەکان دەکەونە دەنگ دان و ڕاپرسینەوە لە کۆتایی دەگاتە پەرلەمان ،لـە پەرلـەمان سـەرکردەکان وازی لەسـەر ڕێسـاکانی مـورال و دیمـوکراتی و سیاسەت دەکەن .چونکە هێشتنەوەی ئەو پرسـیارانە بـە نیـوە چلـی ڕاستەوخۆ سەرکردەکان دەکەونە بەر گومانی هاوولاتیان و ئەبێتـە هۆی پەیدا بوونی دژ و هەوادار بۆ ئەم جۆرە پرسـیارانە کـە زیـاتر

پەیوەندییان بە مۆراڵەوە هەیە ، هەم سەرکردە هەم هاووڵاتیان بۆ ئەوەی بەتەواوەرە لە واتا جیاوازەکانی بەهاکانی سیاسی و مۆراڵ بگەن پشت بە چەند گوزارشتێک دەبەستن کە قەناعەت بە دەورو پشت بکەن ،لەوانە «گونار» بە درێژی باس لە دوویان دەکات:-

١. بەڵگەکان کە بەهۆیانەوە سەرکەوتن یان ژێر کەوتن بە دەست دێنن ، دان پێدانانی ئەو بەڵگانەش پەیوەندی بەزیرەک هەیە ، بۆ ئەوەی قەناعەت بە خەڵکەکە بێنن .ئەوکەسە لەوانەیە مۆراڵێکی چەوتی هەبێ بەڵام لەگەڵ ئەوەش بتوانێ قەناعەت بە خەڵکەکە بێنێ کە ئەو ڕاست دەکات.

٢. میتۆی قەناعەت پێ کردن کە لە سیاسەت پێ دەڵێن پڕوپاگەندە یان گوتاربێژی ، ئەمەش تەنیا خەملاندنێکی مۆراڵە بەگشتی بۆ ڕەفتارەکانی < Gunnar : 1992 p142 >

سەرکردە کە بەڵگەکانی خۆی باس دەکات بۆ ئەوەی پەیرەوی مۆراڵی ئەو بکەن یان ئەو ڕەفتارەی کە ئەنجامی داوە لەگەڵ مۆراڵ بەگشتی دێتەوە ، هەمیشە دەبنە سەکۆیەکی باش بۆ دیموکراتی کردنی مۆراڵ و فرەوانکردنی شوێنی مۆراڵ لە کۆمەڵدا ، بەڵام مەرج نیە سەرکردە ئەگەر بە هەڵبژاردن دیاری نەکرابێ ماوەی دەسەڵاتەکەشی دیاریکراو نەبێ ئارەزووی ئەوەی هەبێ و ڕازی بێت خەڵک باسی ئەو پڕوپاگەندەیە بکەن کە ئەو بۆ مۆڕاڵ دەیکات ، چونکە ئەو جۆرە سەرکردانە هەمیشە ئەو بەڵگانە کە بەکاردەهێنن لەسەر ئەساسی ڕاستی دامەزراون و دەسەڵاتیش پشتیوانییان لێوە

دەکات بۆیە زۆرگرنگە سەرکردە خاوەنی ویژدانێکی راست و دروست بێ هەر بریارێک کە دەدات لەویژدانەوە بێت و لەگەڵ یاسا گشتییەکانی مۆراڵیش گونجاو بێت ، چونکە ویژدان پەیوەندییەکی ڕوحی بەژیانەوە هەیە لەوانەیە سەرکردەیەک کە لەپێناو بەرژەوەندی دەسەلات یان دەستکەوتەکانی هەندێ بریاردەدات ویان هەندێ کاردەکات ، کە ڕاستەوخۆ موراڵ لە کۆمەڵ ، ئەخاتە بەرهەڵوێستێک کە ئایندەی سایکۆلۆژی تاکەکانی کۆمەڵی پێوەبەندە و ویژدانی هەمووان دەهەژێنێ و ئاسایشی یەکێتی نەتەوەیش دەکەوێتە بەرخەتەرێک کە بەرژەوەندی هاوسێیەکانی وادەکات ئەو گومانەی ویژدان و تێک شکانی موراڵی نەتەوەکە لێکۆلینەوەی لەسەر بکەن و بریارێکی وابدەن کە زیاتر موڕالییان تێک بشکێنن یان خەونەکانییان بکوژن . لەو کاتەشدا کەسایەتی سەرکردەکە دەکەوێتە بەرکۆمەڵێک پرسیارو لێهاتوویی سەرکردەکە ئاقارێکی تەواو پێچەوانە بەخۆوە دەگرێت و ڕاستییەکانی ویژدان و موراڵی سەرکردەکە بەدیاردەکەون ، کە سەرکردەیەک بووە لە پێناو پەیداکردنی سەرمایەو دەسەلات ، ئارەزووی دەسەلات وای لێکردووە کۆمەڵ بکاتە بەردەبازی پێبەدەسەلات گەیشتن، بۆ هێشتنەوەی ئەو دەسەلاتەش بەهەمان شێوە یەکە یەکە بەردەبازەکانی لەبەریەک هەڵوەشاندۆتەوەو داروخانێکی گشتی لە موڕالی تاکەکان کردووە ،تاکە ڕەهەندی خۆی کەسەرکردایەتی لەسەر بنیات ناوە بە باشتری دەزانێت

لەبەرژەوەندی گشتی کەسایەتی کۆمەڵ کــە چاوشــکابێ بەرامبــەر کەسی کۆمەلا نی تر .لەبەر ئەوەی سەرکردە تــاکێکی کۆمەڵــە بــە هەمان پرنسیپ هــەموو تاکــەکان مافییــان هەیــە ببنــە ســەرکردە کاتێکیش موراڵی کۆمەڵ کەوتبێتە بەرتاقیکردەوەیەکی سەخت کە لەسەر دەستی سەرکردەیەکی تر تووشی هاتووە ، ئەوا ئەو کەســەی دەیەوێت موراڵی کۆمەڵ بنیاتبنێتەوە ئەبێ خۆی بــۆ ســەرکردایەتی ئامادەبکات و چۆنیەتی بەرزکردنەوەی ئاستی مورالیش بەرزبکاتەوە و نەترسیشــبێ و ئــەو خالانــەی ســەرکردەی موراڵــی رووخــاو روونبکاتــەوە ، چونکــە بەشــێکی زۆری بنیــات نانــەوەی مــوراڵ بەستراوەتەوە بەدەرخستنی موراڵی سەرکردەی رووخاو و بەتایبەتی چۆنییــەتی پــەروەردە بــوونی داب و نــەریتی نــاو خێزانەکــەی ئاشکراکردنی جەوهەری ئەو پیرۆزییانــەی کــە کەســایەتی خــۆی لەسەر بنیات ناوەو کردوویەتی بە گوتارێکی سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ پاراســتنی دەســەلاتی سیاســییەکەی ، چونکــە لێکۆڵــەرەوەکان ئەوەیان بە دیارخستووە هــەر لــە بنچینــەدا ئــەو پیرۆزیانــە ســاختە دروستکراون و زۆر لە راستییە زانستیەکانەوە دوورن ، بۆیە «ماتس» دەڵێت سەرکردە لە دەرەوەی پرەنسیپە گشتیەکانی بــاس ناکرێــت بەڵــکو رەفتــاری مــوراڵ لــە دەرەوەی غــەریزەی بارودۆخــە گیروگرفتەکان هەڵدەبژێردرێن، کە «ئەرستۆ تالیش» ئەمە بە کودی موراڵی بارودۆخی گیروگرفتــەکان دەبەســتێتەوە کــە ناتوانــدرێت وەک پرەنسیپەکانی جەستەی موراڵ فۆرموڵــە بکــرێن بەڵــکو لــە

چەمکی ڕێزگرتن و خاسیەتی کەسایەتییەکەوە سەرچاوە دەگــرن . ڕێزگرتن بەگوێرەی ئەرستۆ تالس ئارەزووە ، تــاکیش بەرپرســیارە بەرامبەر بەکەسایەتی خۆی «( Mats: 1993 :p 21 »).

مادام ئیندیڤید بەرپرسیارە بەرانبەر بە کەسایەتی خۆی و ڕێزیشی هەیە کەواتە بۆ ڕاگرتنی کەسایەتی خۆی مافی ئەوەی هەیە مورالی ئەوانی تر بخاتە بەر لێکۆلینەوەو بە ئاشــکرایی لایەنــە پۆزەتیــف و نەگەتیفەکانیان دیاری بکات ، چونکە بەرپرسیاریەتی شوێنێکی زۆر لە پانتایی سەرکردە دەگرێتەوە ، بەلام بەرپرسیاریەتی هەر ئەوە نیە کە خۆی بەبەرپرسیاری کۆمــەڵ یــان دەزگایەکــە بزانــێ ، بەڵــکو ئەوەشە چون لایەنە لاوازەکانی تاکەکانی کۆمەڵ بــەدیاردەخات و هەولی بە هێز کردنی لایەنە بە هێزەکان دەدات .

ماتس دەلێت : سەرکردەیەکی سیاسی کە باوەری بەخۆی نــەبێ بە هەندێک ئامانج بگات ، ناتوانێ بەرپرسیاری خۆی بەرانبــەر ئــەو ئامانجە بخاتە ئەستۆی خۆی کە ئەگەرەکانی ئامانجی ئاراستەکراوو دەزگای عقلانی سیاسی حاشای لێدەکات ،کە ئەمەش شوێنی مورالی سیاسی کەم دەکاتەوە».

« Mats :1993 p:61» هــەروەها ناتوانــێ ئــەوەش بکــات تــا ڕاستیەکانی بەرپرســیاریەتی ئەوانــەی پــێش خــۆی دیــارە نــەکا و هەڵەکانیان نەخاتە ڕوو سەرکردەش بۆ ئەمە بێجگە لە بەرپرســیارەتی، پێویستی بە هێزێکی چالاک هەیە کــە پرۆسێســەکەی لەگــەڵ بینــە پێشــەوەو لەوانــە پســپۆری تایبــەت بــە لێکۆلینــەوەی ســایکۆلۆژی

کەسـایەتی و راوێژکـاری سیاسـی بـەهێز کـە بتـوانن بێلایەنـە بارودۆخەکان لێک بدەنەوەو هەروەها خۆشی سەلیقەی ئەوەی هـەبێ مێـژووی گەشـەکردنی کۆمـەڵ و داب و نەریتـەکانی کۆمـەڵ بخوێنێتەوەو ئەو شتانەی کە حەرامن « نەک بە مانا ئایینییەکە » لێک بداتەوە و سنورێک بکێشێ بۆ ئەو سنورانەی کـە ویـژدان و مورالـی مرۆڤی تێدا لە ناو دەچێت و سایکۆلۆژی مرۆڤ هەرەس دەهێنێ.

# شێوازەکانی سەرکردە

تا ئێستا چەند شێوازی تایبەت هەن بەسـەرکردە ،بـەلام نـاتوانین بڵێین ئەوە ی تەواوی ئەو مەرجانەی تێدا نین سەرکردەیەکی کـامڵ نییـە . هـەروەکو لـە پێشـەوە باسمـان کـرد ، لەوانەیـە نـەبوونی خاسیەتەکانی ببێتە هـۆی لاوازی یـان چـالاکی ئـەو شـوێنەی کـە سەرکردایەتی دەکات بۆ لابـردنی لاوازییـەکانی و چـالاکترکردنی ڕۆڵی خۆشی ئەتوانێ لایەنە نەگەتیفەکانی یان بێ هێزەکـان هەوڵـی گۆرانکاریـان بەسـەردا بـدات، مـن لێـرەدا دەمـەوێت هەنـدێ شێواز«مۆدێل» وەک خۆی بنوسمەوە بۆ ئەوەی ببێتە دەروازەیەک بۆ لێکدانەوەی کەسایەتی سـەرکردەی کـورد بـەلام ئـەبێ ئاگـاداری کولتورو شوێنی جوگرافی و ئایینیش بن ،چونکە ئەمانـە بـەگوێرەی خۆیـان کاریگـەری مـەزنیان هەیـە لـە چۆنیـەتی پێگەیانـدن و

بیرکردنەوەی سەرکردە لە کـاتی هـەبوونی دەسـەلاتدا .« برگیتـە ئالتۆرپ » شێوازێکی داهێناوە بەناوی رۆنس- مۆدیل «Rons -modelln » کەشێوە جیاوازەکانی رەفتـار لـە خـۆی دەگرێـت ،بەپایـە کیشـان دەزانێت بۆ ئەوەی بەرێوەبـەری گشـتی ئـەو رەفتارانـەی هـەبێت و لەکاتی سەرکردایەتی کردن پەیرەویان بکات ، ئەم شێوازەش مـەرج نیە تەنیا لەگەڵ سەرکردەی پلەی یەکەم بگەنجێ ، ئەتواندرێت هەموو کەسێک لە پایەی جیاوازدا سوودیان لێ وەربگرێت بناغەیەکیش بـن بۆ ئەوەی لێوە نەش و نما بکات و پلەی بەرزتر بەدەست بێنـێ بـەلام ئـەم شـێوازەش هەنـدێ جـار مەترسـی دارە، چونکـە لەوانەیـە سەرکردەیەک هەست بەوە بکات کە ئەم رەفتارانـە یـان مەرجانـەی تێدایە پشتی خۆی لێ بکاتەوە هەوڵـی گەشـە بـوونی نـەدات یـان سەرکردەیەک ئەو مەرجانەی تێدا نـەبێت دەوروبەرەکـەی هەوڵـی لابردنی بدەن کە لە وانەیە بەکەسی باشـتر شـوێنی نەگرێتـەوە یـان ئاژاوەیی بەدواوەبێت ،شێوازی رۆنس :بریتی یە لە راوکەری ئـەنجام، داهێنـەری بـیری نـوێ، بەرنامـە دارێـژەر، هـەروەها پەیوەنـدی رێکخەر( Coordination ).

١- راوکەری ئەنجام
- ئەنجام
- چالاکی
- ووشیارکردنەوە


٢- داهێنەری بیری نوێ
- بیر
- دیدگا
- گۆڕانکاری

| | |
|---|---|
| ❖ جولانەوە | ❖ ئایندە |
| ٣- بەرنامە داڕێژەر | ٤- ڕێکخەری پەیوەندی |
| ❖ ستروکتور | ❖ پەیوەندییەکان |
| ❖ پلان دانان | ❖ هاوکارییە کۆمەلایەتیەکان |
| ❖ چۆنایەتی | ❖ بەکۆمەڵ بیرکردنەوە |
| ❖ داب و نەریتەکان | ❖ خۆش گوزەرانی |

برگیتە پێیوایە ئەم شێوازەی سەرکردە زۆر باونیە بۆیە هاتووە ئەمانەی لێک داوەو شێوازێکی تری سەرکردایەتی و ڕۆڵی بەرێوەبەری گشتی هێلکاری کردووە کە لە نموونەی گروپی ڕێکخەرو پێش گوێکەر (Visionarer) .

شێوازی سەرکردایەتی و ڕۆڵی بەرێوەبەر


وێنەی ژمارە ١



- ❖ راڤەی وازیکەرانی(رۆنس ) :- ئەگەر کەسێک ،راوکەری ئەنجام و پەیوەندی رێک خەربوو، ئەوا توخمێکی چالاکی راڤەی وازی کەرانی لێ دەردەچێت و شارەزایش پەیدا دەکات.
- ❖ بەڵێندەر ( رۆنس ) :- ئەگەر مرۆڤ تەواوکەری راوکەر ی ئەنجام و داهێنەری بیری نوێ بێت ، باشترین جۆری شێوازی سەرکردایەتی ، ئەنجامەکەی دەبێت کە ئەتوانین بە بەڵێندەری بچوێنین .
- ❖ جێ بەجێ کەری ( رۆنس ) :-شێوازی تەواوکەری جێ بە جێ کەر بەشێکی زۆری راوکەری ئەنجام و بەرنامە دارێژەر دەگرێتە خۆی وهەروەها جێ بە جێ کەرێکی چالاکیش دەبێت .
- ❖ سەرپەرشتکاری ( رۆنس ) شێوازی تەواو کەری سەرپەرشتیکاری کە بەشێکی زۆری داهێنەری بیری نوێ هەیە و هەروەها بۆ خۆشی پەیوەندی رێک خەرێک دەبێت لە شێوازی سەرکردایەتی کە ئەتوانێت بە پێش گۆی کەر یان سەرپەرشتیارکار باسی بکەین .
- ❖ گەشە کەری کامل ( رۆنس ) ئەم شێوازی تەواوکەری زۆری لە بەرنامەرێژی هەیە ،هەروەها لە هەمان کاتدا ،پەیوەندی رێک خەرێکیشە ،بۆ تەواو کردنی شێوازی سەرکردایەتی و کە ئەتواندرێت بە گەشەکەری کامل دەست نیشان بکرێت .

❖ ستراتیژی ( رۆنس ) :- لـە کۆتایـدا و ئێمـە شـێوازیەکی تەواوکەرمان هەیە ،کە ئەتواندرێت بە ستراتیژی سستەمەکەی دەست نیشان بکەین « Birgitta : 1998: 1p 143,144,145 »

بەڵام نووسەرەکان کتێبی ستراتیژی سەرکردایەتی لە کۆمەڵگای پەروەردەدا ،شێوازێکی تر دیاری دەکـەن ، بـۆ ئـەوەی سـەرکردە بتوانێ ، سەرکەوتن بە دەست بێنـێ ئـەم شـێوازەش نـاو دەنـێن و شێوازی سەرپەرشتیاری میلس (Mils Management moddell ) .




{ Mils Magamendell}

وێنەی ژمارە ٢

سەركردایەتی ستراتیژی و بۆ چوونی مرۆڤ

باروودۆخەکان کە کاریگەری لەسەر شێوازی سەرکردایەتی و ڕۆڵی بەڕێوەبەری گشتی دادەنێن . خشتەی برگیتە «Birgitta 1998:1p169»

وێنەی ژمارە ٣



خاسیەتە باشەکانی بەرێوەبەری گشتی ئەبێ ئەمانەی تیا بێت:-

- ❖ داد پەروەرو توانــایی هــەبێت لەکێشــەکاندا داد پــەروەری بنوێنێت.
- ❖ سەر ڕاست بێت.
- ❖ هاوڕێی گشتیان بێ.
- ❖ چالاک بێت و یارمەتی هەریەکێکیان بدات وکاتێ نــەزانن چۆن ئەو کارە بکەن .
- ❖ کارەکانی خۆی جێ بەجێ بکات وخۆی لە ئیشەکانی تــر هەڵ نەقورتێنێ.
- ❖ پارێزگــاری لەبەشــەکەی خــۆی بەرامبــەر دەزگاکــانی سەرووتر بکات.
- ❖ شارەزایی لە زۆربەی کارەکان هەبێ تا ئەوانی تر رێزی لێ بگرن.
- ❖ وەلامی تەواو بداتەوەو هەمیشە رەوشت داربێت.
- ❖ دەمارگرژ نەبێ و داد پەروەربێت و بەیەک چــاو تەماشــای هەموان بکات.
- ❖ کارمەندانی خۆش بوێت و هەست بەوە بکات کە ئــەوانیش ئەو شێوە کارکردنەیان پێ خۆشە .
- ❖ بە هەلوێست بێ و هەڵەکانیش بە ڕاشکاوی بڵێ.
- ❖ پشت ئەستووربێ و پێ لەسەر قسەکانی دابگرێت و ئەگــەر پایەی خۆشی بکەوێتە خەتەر.

❖ سەرکردایەتی بە «جدی» وەربگرێت ، نەک تەنیا ڕۆلی بەرێوەبەرایەتی. «Birgitta 1998: 1 p 197»

ئەو سەرکردەی ئەیەوێت گەشە بەخۆی بدات ئەبێ نەترس بێت و ئەمانەی خوارەوەی لەلا ئاسایی بن .

١. هونەرە کە شێوازی سەرکردایەتی بگۆرێ.

٢. دیالۆگ باشترین ئامراز بێت .

٣. پێداویستەکانی پلان دانان و گەشەکردنی هەبێ .

٤. بۆ ئەوەی لەگەڵ دەورو پشتی بگونجێ پێویستە خۆی بە مرۆڤێکی ئاسایی بزانێ و لایەنە چاک و خەراپەکان دیاربکات وسینگی کراوە بێت وگوێ لە ئەوانی تر بگرێت .

ئەو شێوازانەی کە باسیشمان کردن پێویستە لەگەڵ دەوروبەری بگونجێنێ و . توند ڕەو نەبێت و لە ژیانی کۆمەلایەتیدا وشک نەبێ .

ئەمەش بەشێکن کە «برگیتە» دەست نیشانیان دەکات بۆ گەشەکردنی کەسایەتی سەرکردە.

١. راوکەری ئەنجام: پێویستە خۆی رابهێنێ بۆ حەسانەوە «هەوڵبدات بحەسێتەوە»

٢. ڕێک خەر: پێویستە ڕاهێنانی خۆ ئامادەکردن بکات.

٣. داهێنەری بیری نوێ پێویستە ڕاهێنانی گوێ لێ گرتن بکات.

٤. ڕێک خەری پەیوەندییەکان پێویستە ڕاهێنانی ئەوە بکات کەبلێ «نەخێر».

لەوانەشە لەناکاو گۆرانکاری نویێ بێتە پێشەوە ئەگەر سەرکردە خۆی بۆ ئامادە نەکردبێت ئەوا کێشەی گەورەی بۆ دروست دەبێت بۆیە پێویستە:-

- ❖ بیر لەوە بکاتەوە کە هەموو گۆرانکارییەک لە سەرەوە دەست پێ دەکات.
- ❖ هەبوونی شتێک لە لووتکە ، پارێزەرێکی زیرەک هەڵبژێرە. ئەگەر شتێک لە لوتکە بێت ئەبێ تۆش پارێزەرێکی زمان لووست هەبێ.

پێویستە بوونی کەسێک لە سەرکردایەتی کە هەمیشە بۆ چوونی دژی ئەوانەی تر هەیە ، پێویستیکی حەتمیە نەک بۆ تێک دانی سەرکردایەتی ، بەڵکو بۆ زیاتر چوونە ناو باسەکان و چۆنیەتی بریاردان .ئەمەش کوتانێکە «Vaccin» دژی رەشوەو فشاری ئابووری و خەراپ بەکارهێنانی دەسەڵات. پارێزەری زمان لوسیش هەمووشت دەبینێ و دەبیستێ.

- ❖ زیاتر خۆ تێهەڵقورتاندن بکە.
- ❖ هوشیاری رۆڵت بە لە سەرکردایەتی کردن (واتا لایەنە نەگەتیف و پۆزەتیفەکان بزانە)
- ❖ قسە خۆش بەو تێکەلاوی هەوکارانت بە.
- ❖ هەستەکانت بە هێزکە بۆ پێویستیەکانی هاوکارانت کە لە ژێر دەستت کار دەکەن.
- ❖ هەوڵبدە خۆت سنورەکانت بپارێزە.

- کەمتر بەسەر بیر بکەوە زیاتر بەلەش . واتا نابێ لەشی خۆت هەمیشە وەک دەزگایەک بزانێ و رەفتاری لەگەڵ بکەیت.
- ژیان بەیەک پارچە ببینە واتا کاتەکانی (منالْ وگەنج وپیرو سەڵت و خێزان)
- پلانی ستراتیژی بەکاربهێنە تەنانەت لە ماڵەوەش ، خێـزان وەک کارگەیەک بزانە
- رۆلی رەگەز بە هەمیشەیی مەزانە. واتا لەوانەیە هەندێ جـار ژن لە جیاتی پیاو کەی کاربکات یان بە پێچەوانـەوە ئـەبێ خـۆت راستی یەکە بزانی و واز لەو داب و نەریتە بهێنە.
- پلان دانانی پشوودان باشترە لە گرتنەوەی گـۆڵ . واتـا لـە رووی دەرونیەوە پێویستە پشوو بدەیت لە بری ئەوەی هەر خەریکی کارکردن بیت بۆ ئەوەی رەخنەیەکت نە یەتەسەر.
- کاتێک بۆ خۆت دیاربکە بۆ وەلآم دانەوەو بیر کردنەوە .
- ئارەزووەکانی ژیانت ڕاگــرە . هەولــبدە وەک کەسـێکی ئاسایی بژیت کە ئەمەش بۆ کەسایەتی سیاســی زۆر پێویســتە ، بـۆ ئەوەی توشی پاشگەزی سیاسی نەبیت.بۆ نموونە ئارەزووی گەشــت کردن ،چاندنی میوەو سەوزە ، شارەزایی پەیدا کردن لـە کـەلتوری نەتەوەکان.
- بیرکەوە کە ژیان تەنیا ئەرک نیە بەڵکو ئەگەرەکانیشە .
- تۆری پەیوەندی ئەو هاورێ یانە بپارێزە کە لەگەڵتا هەن و کە هیچ پەیوەندیەکی راستەوخۆیان بەکاری تۆوە نیە.

❖ هەمیشە ئافەرین تەنیا لەوانە مەکە کە بەردەوام کاردەکەن . ئافەرین کردن لەوانە واتا تێک دانی ژیانی ئەوانی تر.

❖ سنورێک بۆ کاتەکانی کار دابنێ.

❖ بەشێکی توانایی سیستەمەکە تەرخان بکە بۆ ئەوەی هاوکارانت سەرکردایەتی بکەن و بەرێوەی ببەن.

❖ یارمەتی لە سەرچاوەکانی تری وەکو خێزان و هاوڕێ وەرگرە.

«ڕۆجەر. ی.ئالین» کارەکانی سەرکردەیەک بەو شێوەیە دیاردەکات:-

❑ دیارکردنی ئامانج × ڕێکخستن × جولاندنی ئەوانی تر (بەکار خستنی ئەوانی تر) × گەشە پێدانی مرۆڤ × پەیوەندی کردن × پێوان و ئەنالیزە کردن. «Roger E . Allen : 1995 : 1p 35»

بۆ ئەوەی تواناو کارامای سەرکردەیەک بە تەواوی بە دیار بکەوێت ئەبێ هەمیشە هەوڵی ئەوە بدرێت لە ڕێگای ئەو ڕێبازانە کە هەن بێ ئاگاداری سەرکردەکە تاقی بکرێتەوە و بەلام سەرکردەی لێهاتوو خۆی شارەزایی ئەو ڕێبازانەیە بۆ ئەوەی لە ئاستی بەر پرسیارەتی و سەرکردایەتی کردن نێتە خوارەوە ئەبێ خۆیی هەمیشە گەشە پێبدات و نەش و نما بکات ، مەرجیش نیە لە هەموو بارودۆخێکدا لایەنە پۆزەتیف و نەگەتیفەکانی بەدیار بکەون ، چونکە هۆکاری دەرەکی یان ناوەکی هەیە ، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە .

«لاش لونـد گـارد» « Lars Lundgaard » میتـۆریکی ترمـان بـۆ هیلکاری دەکات بەناوی «پەنجەرەی یوهاری » بۆ ئەوەی سەرکردە خۆی وشیارانە یان نا ووشیارانە ئـەو پەنجەرانـە بـەدی بکـات کـە کاریگەریان لەسەر هەیە.

من خۆم

| | ووشیارم | نا ووشیارم |
|---|---|---|
| ووشیار | دیـار بـوونی خودی من | کـــویرەی خودی من |
| ناووشیا | شـــاراوەی خودی من | نەناســـراوە خودی من |

پەنجەرەکان بەم شێوەیە لێک دەدرێتەوە .

ووشیاری خودی من

هەڵوێســـت ، رەفتـــاری ســـەرکردە ، هـــۆ ، ســـەرچاوە، هەلاویرکردن، ناسینەوە و تێگەیشتن لە دەوروبەرو خودی تۆ.

| | |
|---|---|
| ❑ | |
| | |

شاراوەی من یا خودی من

| | |
|---|---|
| | |
| | ❑ |

ووشیاری خودی من

کەمی لە سەرچاوەکان ،کەمی لە زانیاری و تێگەیشتنی تەنیایی وکێشەی کەسایەتی و نەناسراو بۆ دەوروبەر، من ئەمە دەشێرمەوە

کوێرەی خودی من

نا ووشیاری خودی من:-

بەشێکی کەسایەتی تۆ شاراوەن بۆ خۆت بەلام ئەوانیتر تێ دەگەن.

١- نادیارە بۆ تۆکە تۆ ناتوانی پێکەوەی ببەستیتەوە

٢- تۆ هەروەها خۆشت ئارەزووت نییە

| | |
|---|---|
| ❑ | |
| | |

نەناسراوی خودی من

| | |
|---|---|
| | |
| ❑ | |

ناوچەیەکی نادیار (نەناسراو) بۆ گشت :لێرە ئەوە هەیە:-

١- کەسێک ووشیاری هەبووە بەلام ئێستا لەیاد کراوە.
٢-- کەسێک هەرگیز لەوێ نەبووە /تا ئێستا ووشیار نیە.
٣ - بەشی سەرەکی تۆ لە داب و نەریتی کۆمەلایەتی.

« 1993: 1 p 30,31 Fars»


هەموو دەزگاکان پێویستیان بەسەرکردەیەکی دیار هەیە ، ئـەوە بەو مانایە نی یە ،کە خۆی بەشێوازێکی ڕەهای سەرکردایەتی بزانێ ، بەڵکو ئەبێ لەبری ئەوە بەم شێوەیە بێت:-

- سەرکردە ئامانجەکە دەبینێ و دیاری دەکات.
- ئامانج بۆ هەمووکەسێک ناسراوە (دیارە).
- سەرکردە ،مەرج دادەنێ . سـەرکردە پەیوەنـدی دروسـت دەکات / هەلاوێردیان دەکات .
- سـەرکردە مـل ملانێـی دەسـەلات بـێ لایـەن دەکـات «Neutanliseran » بۆ ئەوەی سەرمایەکان لە دەست نەدرێن.
- بڕیارەکان دەدرێن ، بۆ ئەوەی گشت بزانن ،کە لە راسـتیدا بریاردراوە.
- سەرکردە دەبێ لەو مەیدانە بێت و سوودی لێ وەربگرێت.

« Lars 1993 : 1 p 15»

وێنەی ژمارە ٤

چاڵە هەڵکەندراوەکان بۆ سەرکردە



# کۆسپەکانی سەرکردە

سەرکردە تەنیا کاری ئەوە نیە کە سەرکردایەتی بکات بەڵکو ئەبێ ئەو کۆسپانەش ببینێ کە دێنە پێشەوەی لە کاتی سەرکردایەتی کردندا . گەلێک جار گوێمان لێ دەبێت کە دەڵێن هەموو سەرکردەیەک ژنێکی لە پشتەو «یان سەرکردەی ژن پیاوی لە پشتە » ژن یان پیاو ئەتوانێ سەرکردە دروست بکات یان بیروخێنێ . ژیانی بەختەوەری خێزان وا لە سەرکردەیەک دەکات کە زۆر بەئارامی ئاگاداری ئەو رێکخراوەیە بێت کە سەرکردایەتی دەکات .و هەروەها کاتی ئەوەش هەیە کە بیر لە چۆنیەتی نەش و نمایی خۆیی بکات و هەمیشە گیانێکی نوێی تر بدات بە رێکخراوەکە . بەڵام کاتێ سەرکردە هەست بە کۆسپەکان دەکات ئەوا ئەبێ زۆر زانستانە چارەسەریان بکات تا سەرکردایەتی خۆی لە دەست نەدات من لێرەدا بەکورتی تەنیا باس لە پێنج کۆسپ دەکەم.

کۆسپی یەکەم :سەرکردە کاتێ کۆمەڵێ کێشەی خێزانی هەبێت ئەوا تووشی قەیرانێکی دەرونی دەبێت کە رەنگدانەوەیی تەواوی لەسەر هاوکارەکانی و ئەندامەکانی رێکخراوەکەش دەبێت . ئەو کێشەی کە ناشتوانێ لەماڵەوە چارەسەری بکات دێنێتە ناو رێکخراوەکە. ئاڵۆزییەکی دەرونی وا دروست دەکات

،کەکاریگەری تەواوی لەسەر ستراتیژو ئامانجی ئاینده دا دەبێت .ئەو کاتانەش لەدەست دەدات کە داینراون بۆ پەروەردەکردنی منداڵ یان پێگەیاندنی خۆی کەئەمەش راستەوخۆ رەورەوەی رێکخراوەکە پەک دەخات . لەوانەش لە بیرۆکراتی نزیک بکاتەوە جیا بوونەوەش لەهاوسەر لەوانەیە چارەسەری کێشەکە نەکات بگرە زیاتر بەرەو خەمۆکی و دابڕانی دەبات ، بەتایبەتی کە منداڵی هاوبەشیان هەبێ گەورەترین مەترسیش ئەوەیە کاتێ کێشەکە دەگاتە رادەیەک ماڵەوەی لێ دەبێتە دۆزەخ ، ئەوا بۆ خۆ دەرباز کردن لەو حاڵەتە دەرونییە هەوڵدەدات زیاتر لەسەر ئیشەکەی بمێنێتەوە ، زۆربەی کاتەکانی بۆ ئیش تەرخان بکات یان بەقول تر باس لە شتەکان بکات یان تیوری ئاڵۆزتر بنوسێ ئەگەر رێکخراوەکە سیاسی بووە . ئەمانەش دەبنە کۆسپی راستەوخۆ ، بۆ سەر یەکەیەکی ئەندامەکان و زۆر سەخت دەبێت کە لەگەل ئەو بارو دۆخە رابێن ،چونکە بەجێ هێشتنی لێپرسراو لە ئیش یان درێژە پێدانی گفتوگۆ لەگەڵی دەبێتە هۆی دروست بوونی دڵەراوکێ لەلایەن سەرکردەکە .

گەلێک جار ئەنجامەکەی بەوە دەگات کە دەزگایەکە لەبەر یەک هەڵبوەشێتەوە یان بریاری رەق دەربکات کە لەگەڵ پرنسیپەکانی سەرەتایی رێکخراوەکە نەگونجێن و ناکۆک بن لەگەڵ ئەو بەرنامەیە کە کاری پێ دەکەن . ئەو کێشانەش تەنیا دەروونی سەرکردەکە ناگرنەوە ، بەڵکو بەرواڵەتیش کاری تێ

دەکەن لە یاد کردنی گۆرینی جل و بەرگ و ریش تاشین ،دەفتەری تێبینیەکان ،ئامێرەکانی بەکارهێنان «وەک تەلەفۆن،قەڵەم ، کۆمپیوتەری دەست ، سویچی ئوتومبیل »کە ئەمە کاتێکی زۆری لێ بەفیرۆ دەروات .لە هەمووش مەترسیدارتر ئەوەیە لەو حاڵەتەیی کە قەیرانەکە لەگەڵ هاوسەرەکەی دەگاتە ئاستێک کە پێکەوە ژیان مەحاڵەو بیر لە جیابوونەوە دەکەنەوە.

سەرکردە لە نێوان دەریایەکی ئەندێشەدا خول دەخواتەوە ، چونکە بیر لەپای خۆی و ئایندە دەکات تارادەیەک تەواوی ئیش و کارەکانی رێکخراوەکە لە یاد دەکات و دەیەوێت هەرچۆنێک بێت خۆیی لەو حاڵەتە دەرونیە روخاوە رزگار بکات ، باشترین بیریش کە بە مێشکیا دابێتەوە پەیوەندی بەستنە لەگەڵ ژنێکی تر یان پیاوێکی تر . ئەو کەسەی کە هەڵی دەبژێرێت ئەبێ سەرکردە باش بزانێت بۆیە بەدوای هەوسەرێکی تر دەگەرێت ،چونکە قەیرانی پێکەوە ژیان بەو ئەنجامەی گەیاندەوەوکەسە هەڵبژاردەکەش هەست بەو خاڵە لاوازانەی دەکات بۆ ئەوەی خۆشی لە کاتی دروست کردنی خێزان لەگەلیا تووشی هەمان قەیران ئەبێت کۆمەڵێ مەرجی بۆ دادەنێت کە دەبێتە بارێکی قورس بۆی ، بەلام ناچارە شانی بداتە بەر ، زۆربەی ژنەکان لەوە را دەست پێ دەکەن کە بەپیاوەکە بلێن ئەوجل وبەرگە لەگەڵ تۆ ناگونجێ ، بۆنەکە ناخۆشە ،ئوتومبێلەکەت مۆدیل کۆنە ، خانووەکەت بچوکە ، حەزی لە چارەی ئەو هاورێیەت ناکەم ، تۆ بۆ خەڵک زۆر خۆت ماندوو

دەکەیت ، ئەو یارمەتییە کە وەری دەگریت کەمە ، کەم کەمە ریشت دەتاشی «کەم سۆراوسپیاو دەکەیت » ئەو چێشتخانەیە خواردنی خۆش نیە و هوتێلەکەم بە دڵ نیە ،گەشتەکانت درێژن .ئەمانە لەبری ئەوەی حاڵەتە دەرونیەکەی سەرکردەکە باشتر بکەن ، رووبارێکی تری کۆسپی دێتە پێش کە دەربازبوونی لێی سەختە .ئەوەندە هیواو ئامانجەکەی کە ماویەتی لەدەست دەدات بۆ دەرباز بوونیش لە حاڵەتە دەروونی تاکە رێگایەک نەبێ هیچی ترنیە کە بەسەر و گوێلاکی رێکخراوەکە دابێتە خوارەوە گوێ لە هاوکارەکان و ئەندامەکانی نەگرێت و هەوڵ دەدات خۆیی لەو قەیرانە بدزێتەوە ، بەلام واقیعەکان باس لەشتێکی تر دەکەن بە تایبەتی لە سەردەمی نوێیدا ، سەرکردەکە تووشی کۆمەڵێ قەیرانی تر دەبێت کە چاوەروان نەکراون لەوانە بێ پارەیی کەوتنە بەر هێرشی ماس میدیا و کۆمەلانی خەڵک و هاوکارەکانی کە کاریگەری نێگەتیفی دەبێت لەسەر سەرکردایەتی بەگشتی ، لەوانەیە ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی چارەسەری نەکرێت ئەوا نەک هەر بەزیانی سەرکردەکە تەواو دەبێت بەڵکو واز هێنان یان دابەزین لەو پلەی کە هەیەتی یان دەرکردنی ، کاریگەری راستەوخۆش لەسەر رێکخراوەکە دادەنێ و دۆست و دڵسۆز و وەفاداری بۆ کەم دەبێتەوە ،ئەگەر دەزگاکەش ئابووری بێت لە وانەیە لە ساغ کردنەوەی کالاکان بەربەستی زۆری بێتە پێش. کاتێ لە هاوسەرەکەشی جیا نەبێتەوە ، لەوانەیە خۆشەویستی لەگەڵ کەسێکی تر دروست بکات کە دووجار

کێشەکەی زیاد دەکات ، چونکە هەم دەبێت کێشەکانی خۆی بشارێتەوەو هەم ئەو خۆشەویستیە «نارەسمی یە»ی کە هەیەتی لە قۆناغێکی پێشکەوتووی تەکنەلۆجیای ئەمرۆی جیهان زۆر ئاستەمە شتەکان داپۆشرێن بە تایبەتی کە هاوولاتیان دیموکراسیان هەبێت و ماس میدیا ئازاد بێت .گەلێک جار ئەو جۆرە خۆشەویستیە ئەبێتە دژی قانوون بە تایبەتی کە سەرکردەکە خۆی بەباوکی یان دایکی نەتەوەکە بزانێ ئەو جۆرە کێشانە لە ئاستی بالادا دەچنە پەرلەمان یان دادگا لە ئاستی نزمتریش دا بۆ ناو سەرکردایەتی رێکخراوەکە و یان ئەو گروپەی کە سەرپەرشتی دەزگاکە دەکات . لەوانەیە کاریگەری زۆریش لەسەر هەڵبژاردنەکان هەبێت و پشتیوانانی کەم ببێتەوەو حاڵەتە هەرە خەراپەکەشی لەوانەیە سەرکردەکە بەرەو ئەلکحولیستی رابکێشێت .

کۆسپ دووەم : بریتی یە لە تەنیایی سەرکردەکە کە ئەتوانین ئەمە بە حالەتێکی دەروونی گشتی ئەندامانی رێکخراوەکە پێناسە بکەین ، سەرکردە یان بەرێوەبەری گشتی پێویستی بە پالپشت هەیە . کاتێ ئەو پالپشتییە بە دەست دێنێ پشتگیری کەران چاوەروانی ئەوە لە سەرکردەکە دەکەن کە وەلامی پشتگیری کەرەکانی بداتەوە . بەلام سەرکردە دەکەوێتە حاڵەتێکی تر کە زۆر دوورە لەوەیی کە پێی هاتۆتە سەرکردایەتی یان دیاریان کردووە بۆ سەرکردایەتی ، چونکە بریاردان بۆ گشت جیاوازە لەوەیە بەڵێن بدات ، ئەگەر دەنگی پێ بدەن گۆرانکارییەکان دەکات . لە نێوان

بریارو گۆرانکاریە بەڵێن دارەکانیشدا سەرکردەکە قـەتیس دەمێنـێ هەم ئەبێ «مراعاتی» دەستور یـان بەرنامـەکان بکـات هـەم ئـەبێ هەوڵیش بدات پشتگیریەکەی رابگرێت .

سەرکردە لێرەدا دەبێتە «هدف» یان ئەتوانین بڵێین لەگەڵ ئامانج تێکەڵاو دەبێت کەواتە ئەبێ سەرکردە هەم لە ناوەوەو هـەم دەرەوە هەوڵبدات ئامرازەکانی پێکانی ئەو ئامانجـە پەیـدا بکـات ئـا لـەو حاڵەتەشدا کۆسپەکانی بـە دیـار دەکـەون ، گـەلێک جـار یـش سەرکردەکە ناچار دەبێت بێ دەنگی بێ یان زیاتر دڵـنەوایی خـۆی بکات ، رەخنە قبـوڵ بکـات و گـوێ بگرێـت . لـە وانەیـە شـتە شاراوەکانیش لەو قۆناغەدا بە دیار بکەون بەتایبەتی چۆنیەتی هێنانی دەنگەکان و دابین کردنی ئەو پارەیەی بـۆ خولـەکانی هەڵـبژاردن بەکار هاتووە، کە لەوانەیە نەک کارەسات بێـت بـۆ سـەرکردەکە لەوانەیە قەیرانی ئابووری و نەتەوەی گەورەی لێ بکەوێتەوە .

کۆسپی سـێیەم: رێکخراوەکـە خۆیـەتی ئـەو سیسـتەمەی کـە رێکخراوەکە لەسەری پێک هاتووە گەلێک جار دەبێتـە کۆسـپێکی گەورە بۆ ئەوەی سەرکردەکە بتوانێ بـە گـوێرەی توانـا کارامـاو دەسەڵاتی خۆی وازی بکات . کاتـێ سـەرکردەیەکی نـوێ هـەڵ دەبژێردرێت لەوانەیە دەستەیەکی تر وەک خـۆیی بمێنێتـەوە کـە ناکۆکیەک دروست دەکات بە تایبەتی کاتێ سەرکردەی تر هەبێت خۆیی بە شیاوتر بزانێت بۆ ئەو پلەیە، بێجگە لەو هـەموو رۆتینانـەی کە دینە پێشەوە و کە زۆر بـەیان نـوێن بـۆ سـەرکردەکە لەوانـە

کولتـــوری نـــاو ڕێکخراوەکـــە و ڕێگاکـــانی بڕیـــاردان هـــەروەها ڕۆتینیەکان ئەمانە کاریگەریان لەسەر شێوازی ســـەرکردە دەبێـــت « . « Birgitta : 1998 p 193

کۆســـپی چـــوارەم : کاریگـــەری جیهـــان و ئـــەو سیســـتەمەی ڕێکخراوەکە هەیەتی سلاحیات دەدات بەسەرکردە کـە دەسـەلاتی خۆی بەگەڕ بخات بۆ بڕیاردانی ئەنجامەکان ، بەڵام ئەو گۆرانکاری جیهانیانەی کە ڕوو دەدەن ، لەوانەیە کۆسپی گەورە دروست بکـەن بـــۆ پێکـــانی ئامانجەکـــە ، لەوانـــەش کێشـــەی سیاســـی وئـــابوری وکۆمەلایەتی و ئایینی هەروەها ململانێی بازارکە هەمیشە لەگەڵ ئەو سیستەمە نایێنەوە ،کـە سـەرکردەکە سـەرکردایەتی دەکـات بۆیـە پێویستی بە ڕیفـۆرمی بـەردەوام هەیـە .بـەلام ئـەم ڕیفۆرمانـەش کۆسپێکن لەگەڵ سیستەمەکەی خۆی بۆ نزیک بوونەوە لە سیستەمی جیهانی ،ئەمەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی تارادەیـەک لـە ناوبـانگی سەرکردەکە کەم ببێتەوە ، بەتایبەتی لـە لایـەن ئەوانـەیی کـە لـە گۆرانکارییەکان ناگەن . «برگیتە» دەڵێت ئەگەر مـرۆڤ جیهـان و بازار وەک جەنگێک نەبینێ ،ئەوا دەبێت وەک وازییـەک ببینـێ« .« Birgitta: 199 p 193

کۆسپی پێنجەم: کاریگەری هاوکارەکـان ڕۆڵـی هاوکارەکـان لەسەر سەرکردە دیارە ، چونکە ئەوانیش تواناو دەسەلاتێکی زۆریان هەیە ، لەسەر شێوازی سەرکردایەتی بە چاکەو خەراپـە . سـەرکردە ئـــەبێ زۆربـــاش هاوکارەکـــانی هەڵســـەنگێنێ و توانـــاو توانـــای

گەشــەکردنی و کارامــەیان بزانێــت و تارادەیــەکیش لــە رووی دەروونیەوە ئاگاداریان بێت ، بۆیە خوێندنەوەی بابەتەکانی دەروونی یان چون بۆ کۆرسی دەروونی کــارێکی پێویســتە بــۆ ســەرکردە . چونکو لەوانەیە سەرکردەو هاوکارەکانی هەمان بۆ چوونیان هەبێت بەڵام بە دووشێوەی جیــاواز دەری دەبــڕن یــان جیاوازییــان ت لــە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشــەکان و دارشــتنی بەرنامەکــە ،نابــێ ئەوەش لەیادبکات ئەوانیش هاوسەریان هەیــە تــەنیانین لــە شــوێنی بریاردان و گۆرانکارییەکانی جیهــان و سیســتەمی رێکخراوەکــەش کاریگەری لەسەر ئەوانیش هەیە .بۆیە پشت لەوان کردن داروخــانی سەرکردەکە نزیک دەکاتەوە . گەرچی جیاوازی بیرکردنەویان بــۆ چارەسەری کێشەکە شێوازی سەرکردایەتی بــەهێزتر هەبێــدەکات ، ئەگەر لە ململانێ یە سروشتیەکان بگەن و بــە شــێوەیەکی زانســتی هەڵسووکەوتیان لەگەڵدا بکەن . سەرکردە نابــێ بیرێکــی موتڵــەقی هەبێ ، تەنیا بیرەکانی خۆی بەراست بزانێ و هاوکارانیش نابێ تەنیا لایەنە نەگەتیفەکانی سەرکردە گرنگی پێبدەن و گەورەیان بکــەن . چونکە ئەمە دەبێتە هۆی دروست بوونی دەرز لە نێــوان ســەرکردەو هاوکارەکانی کە کــەلێنێکی گــەورە لــە ســەرکردایەتی دروســت دەبێت.

# سەرکردە و کێشە

کێشە لە نێوان کۆمەڵ وسروشت و رێکخراوو گروپ و هەروەها لە نێوان خودی مرۆڤدا بوونی هەیە . ژیانی بێ کێشە بوونی نیە کۆمەڵگایەک بێ کێشە بوونی نیە ، مرۆڤ بێ کێشە بوونی نیە ، کەواتە سەرکردەی بێ کێشەش بوونی نیە و سەرکردە نیە .بەڵام بۆ تێگەیشتن لە کێشە رێبازی جیا جیا و لێکدانەوەی هەمە جۆرهەن هەندێک لە مورالەوە بۆ کێشە دەڕوانن یان لە پێک هاتەی کۆمەڵ یان لە خودی کەسایەتییەوە ،ئەوە پەیوەندی بە چۆنیەتی سەرهەڵدانی کێشەکان و هۆیەکانیەوە هەیە . لەروانگەی ئایینیەوە مورال گیرۆدەی کێشە دەبێت ، هەر مورالیش ئەبێ چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە . لە گۆمەڵگادا لەوانەیە کێشەکە ئابووری سیاسی یان سایکۆلۆژی بێت ،بۆ چارەسەریشیان ئەبێ پایەی هاوبەش هەبێت و بەدوای چارەسەریدا بگەرێن ، چۆن کۆمەڵگایەک بێ کێشە بوونی نیە ، بە هەمان شێوەش کێشەش نیە کە لە رەگەوە چارەسەر بکرێت وەک «کاروش» وایە ،ئەگەر بە تەواویش لە رەگەوە هەڵی کێشی ئەوەندەی دەمێنێتەوە کە کێشەیەکی تری لەسەر شین بێتەوە .کێشەش لە گۆرانکاریدایە گۆرانکارییەکانیش گەشەیەکی شاراوەن

یان بەرەو کەم بوون دەچن ، بۆیە هونەری سەرکردە لەوە دانیە کـە کێشـەکان بدۆزێتـەوە بەڵـکو لەوەدایـە چۆنیـان تێـدەگات و چارەسەریان دەکات ،یان بـە ئاسـتێکی پۆزەتیفیـان دەبـات . ئـەو سەرکردەی لە کێشەکان نەگات لەوەش ناگات چۆن بۆتە سەرکردە و ناتوانێ چەمکی سەرکردەش لێک بداتەوە چونکەئەگـەر خـودی کێشە بەشێکی هەرە گرنگی لێکدانەوەی چەمکی سەرکردە نەبێت ، ئەوە چی لەوە کەمتر نییە .

« رۆجێر »دەڵێت :- چەمکی کێشە ئاڵۆزە ، کێشە ئەتواندرێت لە ئاستی جۆراوجۆر ولە بواری کەسایەتی لە ئاستی کۆمەلێک یـان لـە ئاستی کۆمەڵگادا ببینین ، بواری کێشە ئەتواندرێت دابەش بکرێـت بەسەر کێشـەی نـاوەوەی کەسـایەتی «خـودی کەسـایەتی» یـان دەرەوەی کەسـایەتی .کـە ئەمانـەش رەگیـان لـە سـتورکتورو رێکخراوەی کۆمەڵگادا هەیە .(Reger Ellmin 1992 : 1 p 36) .

هەروەها «یوهان گالتونـگ» (Johan Galtung)یـش کێشـە بـەم شێوەیە پێناسە دەکات.

« لێکدانەوەی سیستەمێک ئەتوانین بڵـێین لـە کێشـەدایە کاتـێ سیستەمەکە دوو یان چەند ئامانجێکی نا یەک بوونی هەیە ».« Svente : 1992 I p 74»

کێشە حاڵەتێکی گرژیە لە نێوان تاکەکەس و ئەو گروپەی کـە خۆی سـەر بـە ئەگـەری و شکسـتی پەیوەنـدی بەرئەنجامەکانـە « Newcomb ,coser ,1971»

هەروەها « وەچ »دەڵێت :- «ئەتوانین بڵێین کێشــە لــەو شــوێنە پەیدادەبێت کە نــاکۆکی چالاکیــەکان بــە دیاردەکــەوێت ،کاتــێ دەزگایەک دادەخرێت و تێک دەدرێــت و قەدەغــەدەکرێت یــان بەشێوەیەکی تر کێشەیەک بۆ دەزگاکانی تر دەخولقێت» « Peutsch 1973 »

هەروەها « ئارنێ » دەڵــێت : کێشــە لــە ڕوو بــەروو بونــەوەی بەریەککەوتنەکان یا یەک نەبوونی نێــوان ئامــانج و بەرژەوەنــدی تێڕوانین و سیستەمی بەهایەکان و پێویستە بنچینەییەکان و شــێوەی کەسایەتی پەیدا دەبێت « Arne Malten.2000 p227»

ئارنێ شێوەکانی کێشــە دابــەش دەکــات بــە کێشــەی ئاســتی تاکەکەسی ، کێشەی ئاستی گروپ ،کێشەی ئاستی ڕێکخراوە ، بــۆ ئەم سێ شێوە کێشــەیەش لێکدانــەوەی تایبــەتی هەیــە و پێیوایــە زۆربەی کێشەکان خۆیان لە ناو ئەو چەشــنە کێشــانەدا دەبینــەوە . کێشەی ئاستی تاکە کەسی کە لە خودی کەسەکەدا دروست دەبێت ، ڕووبــەرووی حاڵــەتێکی دەرونی دەبێــت کــە ناتوانــێ لــە دوو ئەڵتەرناتیف کامەیان هەڵبژێرێ ، یان خۆی بەکەسێک دەنوێنێ کە دوو ڕۆڵی ناکۆک بەیەکتر دەبینێ .

هەروەها دەڵێت لەوانە کێشەی کەسەکە لــە نێــوان دوو ئەڵــتەر ناتیڤی سەرنج ڕاکێش بێت یــان لــە نێــوان ئەڵــتەرناتیفێکی ســەرنج ڕاکێش و یەکی سەرنج ڕانەکێش ، لەو حاڵەتەدا سەرکردە دەخاتــە

بەردەمی بارودۆخێکی دژوار کە لەوانەیە پەردەیەک لەبەر چاوی دروست بێت بۆ دیتنی ئامانجەکەی .

بەڵام کێشەی ئاستی گروپ دابەش دەکات بۆ شەش خاڵ :-

١. نیوە کێشە یان کێشەی پەیوەندییەکان کە لەسەر ئەساسی تێنەگەیشتنی کێشەکەیە.

٢. کێشەی حەقیقی کە لایەنەکانی تێدایە یەکگرتونین.

٣. ڕۆڵی کێشە .کێ کامە ڕۆڵ دەبینێ .

٤. کێشەی ئامانج و بەرژەوەندییەکان .

٥. کێشەی بەهایەکان کە خەتەرترین کێشەیە لەوانەیە تەنیا بەسازش چارەسەری بکرێت .

٦. کێشەی میتوود یان ستر تیژی. Arne Maltn 2000.» .

«

٧. کێشەی ئاستی ڕێکخراوەکان کە دابەشیان دەکات بەسەر کێشەی سیستەم و کێشەی سترۆکتورەکان ، کێشەی دڵسۆزی.

٨. سەرکردەیەک بۆ ئەوەی لە کێشەکان بگات ئەبێ بەلایەنی کەم بتوانێت کێشەکان پۆلێن بکات ، ئەو میتۆدە بەکاربێنێ کە شێوەی کێشەکەی پێ چارەسەر دەکرێت ، چونکە چارەسەرکردنی کێشەیەک بە میتۆدێکی نەگونجاو زیاتر کێشەکە قوڵ دەکات ، لەوانەیە لەبری کێشەیەک کۆمەڵێک کێشەی تریش پەیدا ببن ، کە سەرکردە لە سەرەتا بە هیچ شێوەیەک لە فکری دانەبووە کە بەو ئاستە بگات . ئەبێ سەرکردە بە دوای ئەو ستراتیژە ڕاستەقینە دا

بگەڕێت کە بــە مێــژووی بــاش دەتوانــێ چارەســەریان بکــات و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات . مەرجیش نیــە یــەک ســتراتیژ بــە هەموو کێشەکان هەبێ هەروەک یەک میتوود بە هەموو کێشــەکان نیە .

ستراتیژەکانیش ئەبێ تاکتیکەکان و مێتوودەکان بخاتە خزمــەتی چارەسەری کێشــەکان بــۆ ئــەوەی لــە کۆتــایی چارەســەرکردنی کێشەکانی ستراتیژەکە هەرەس نەهێنێ .

ئارنێ شێوەکانی ستراتیژی« ئولســون و کــرۆن ڤــال» دەکاتــە پێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کە چوار شێوەیە :-

- مۆدیلی ستراتیژی پارێزخوازانە- هارمۆنی و جیاوازکارانە.
- مۆدیلی خۆدانە بە دەســتەوە – ســتراتیژی زۆردارەکــان و دەسەلات.
- مۆدیلی بەشەکان – ستراتیژی عادەت و تەقالید.
- مۆدیلی هاوکاری – ستراتیژی و هاوکاری کردن . » Arne, « 2000

ئەم مۆدیلانە لە وانەیە لــە نــاو هــەموو دام و دەزگاکــانی بــە دیاربکەون ، بەلام لە هەموویان خەتەرتر مۆدیلی خۆ بە دەستەوەدان و ســـتراتیژی زۆرداری کـــردن و دەســـەلاتە ، گـــەلێک جـــار سەرکردەیەک ناتوانێ چارەسەرێکی زانستی و واقیعیانە بدۆزێتــەوە پەنا دەبــات بــۆ هۆکــارێکی دەرەکــی بــۆ چارەســەرکردن واتــە دۆزینەوەی لایەنی سێیەم کە یارمەتیان بدات ، لەوانەشە لایەنــە بــێ

هێزەکە زۆربەی دەسەڵات لـە دەسـت بـدات و خۆبەدەسـتەوەدان قەبووڵی بکات ، بەڵام کاریگەرێکی دەروونی بەسەردا دەمێنێتەوە لە وانەیە لە داهاتوودا سەرهەڵبداتەوە ،بۆیە دەڵێم ....

کێشە بەرجەستە نیە بەڵکو پەیوەندییەکی بەردەوامی ژیانـە بـۆ بەرەوپێشەوە چوونی ڕەوتی جووڵانەوەی مرۆڤایەتی . چونکـە بـە پلەی یەکەم مرۆڤ خۆی سـەرچاوەی کێشـەکانەو بەشێکیشـە لـە سروشت و لە رێگای ئەو کێشە سروشتیەوە ،مـرۆڤ هـەوڵ دەدات کە رێکخراوەیەک یان پارتێک دروست بکات کە بەگوێرەی ئـەو ئامانجەی کە هەیەتی بە شێوەی جیا جیا لە کێشەکان کەم بکاتەوەو ژیانێکی ئاسوودەتر دروست بکات.

« براو » دەڵێت لە سروشتدا کێشە هەیـە یـەکێک لـە کێشـە گرینگەکان پەیوەندی بە ئامانجی رێکخراوەکە هەیە . کە لێرەدا ئەو رێکخراوە دوو یان چەند گۆرانکاری یان چەند مەبەسـتی جیـاوازی هەیە .بۆیە لە دەوڵەتدا ئـەم رێکخـراو و گروپانـە پـارتی سیاسـی دروست دەکـەن « ئەوانـە تـا ئـەو کاتـەی بەهایـەکی بنچینـەیی هاوبەشیان هەیە ئەتوانن کێشەکانیان، بـۆ نموونـە لـە پەرلـەمانێکی دیموکرات رێک بخەن » .بەڵام ئەگـەر کێشـەکە ئاقـارێکی تـری بەخۆیەوە گرت لە کۆتاییدا شەری ناوخۆ یان شۆرش بەرپا دەبێت .

«Braw : 1997 : 1 p 46 »

هەروەها ئەو پێی وایە کێشە پێچەوانەی هەوکارییە .هەمیشـە لـە مل ملانێدا خۆی لەگـەڵ دەدۆزێتـەوە ، بیرێکیشـە خـۆی لـە پـەنا

ڕێکخراوەکەدا مات داوە ، هەروەها کێشە ئارەزوومەندانە نیە لە نـاو ڕێکخراوەکەدا .بەڵام ئەوەش هەموو ڕاستی کێشـە نیـە . « Braw : 1997 : 1 p 46 »

کاتێ ئێمە لەو پێناسانە وورد دەبینەوە دەگەینە ئەو سەرئەنجامەی کە سەرکردەیەک چ ئەرکێکی قورسـی لەسـەر شـانە بـۆ ئـەوەی بەشێوەیەکی ڕێک وپێک و دروست کار لەگەڵ کێشەکان بکـات . چونکە کێشەکان هەر ناوخۆیی نین ، بەڵکو بەقەد ئەوەی ناوخۆ هی دەرەکیش هەن ،گەلێک جار ئەتواندرێت گۆڕانکـار بەسـەر کێشـە ناوخۆییەکاندا بە ئاراستەیی باشدا بهێندرێت و بەلاّم دەرەکی یەکان لەوانەیە ئەگەر زیرەکانە هەڵسو کەوتیان لەگەڵ نەکرێت کارەساتی گەورەیی نەتەوەیی و کۆمەلاّیەتی یان ڕێکخراوەیی بە دواوە بێـت .ئەگەر کێشەکانیش ڕووبەرووی سـەرکردەیەکی سیاسـی بوونـەوە ئەوا لە ناچاری وەک یاسایەکی بنچینەی ژیان ئـەبێ شـەری خـۆی هەڵبژێرێت . سەرکردە بێجگە لەوەش ئەبێ فاکتەرو زانیاری باشـی لەسەر کێشەکان هەبێت ،چونکـە باشـترین چـەکی خـەباتێتی بـۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .

براو دەڵێت :- «زانیاری و فاکتەرەکان» لە کۆتاییدا ڕاستیەکانیان پـێ بـەدیار دەکـەوێت، سـەرکردەی کارامـاو بـە توانـاش ئـەو سەرکردەیەیە کە کێشەکان ببات بۆ پەرلەمان «ئەگەر حکومـەتێک دیموکراتی بێت ».. یان لەگەڵ هاورێکانی بەهاوبەشی بـڕیاری بـە کۆمەڵ بدەن .

ڕۆجێر دەڵێت :- ئەگەر مرۆڤێک سەرکردە بێت بۆ ئەوەی تەداخولی کێشەکان بکات یان نەکات پێویستە ئاگاداری ئەم خالانەبێت :

١. لێکۆلینەوە لە هەوڵ و مەرجەکان بکات .
٢. بە جدی خەملاندنی کێشەکان.
٣. توێژینەوەی پێداویستی یە یارمەتی دەرەکان.
٤. هەڵبژاردنی پسپۆرێک بۆ یارمەتی دانی . ( Roger : 1992 :I p 11 )

کاتێ سەرکردە ئەم خالانەی پەیرەوکرد ئەوا زەمینەیەکی فرەوانی بۆ دەکرێتەوە ئەگەرێکی زۆرتریشی بۆ دەرەخسێ کە لەوانەیە کێشەکان بباتەوە .بەلام ئەگەر چاوپۆشی لەمانە کرد ، بێجگە لەوەی کێشەکانی زیاتر لێ ئالۆز دەبن ، لایەنی تاک رەویەتیشی تێدا بەدیار دەکەوێت کە زیانی بۆ خودی سەرکردە و دەزگاکەش دەبێت کە سەرکردایەتی دەکات.

«تۆم پێتەر» «Tom Peter » رووی خۆی دەکاتە ئەو جۆرە سەرکردانە کە نایانەوێ لە کێشەکان بگەن و چارەسەریان بدۆزنەوە دەڵێت:- تۆ خۆت کێشە چارەسەر دەکەیت گەلێک جار پێش ئەوەی کێشەکە روون ببێتەوە تۆ هەرگیز نایەڵی کەس تاکۆتایی قسە بکات .هەمیشە بۆ چوونی خۆت پێش دەخەیی . کێ حەز دەکات لەگەڵ تۆ گفتوگۆ بکات ؟ تۆ لەکاتی کۆبونەوەکاندا پاش و پێش دەکەیی شتی تر دێنیتە پێشەوە کە هیچ کەسێک «چانسی »

نیە بۆ چوونی خۆی بلێ هاوکارەکانت کۆبونەوەکان بەنا بـە دڵـی بەجێ دێڵن و دەبێتە تێک قژان هیچ لەلات سەیر نەبێت کە مـرۆڤ بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ نەگرێ تۆ ناهێڵی ئەوان ئەوە بکەن « Hansik 1994: I p84»

سەرکردەیی لێهاتوو لەوانەیە ناوی هەموو جۆرە کێشەکان بزانێ بەلام زەحمەتە بتوانێ بە تەنها چارەسەری هەموو کێشەکان بکـات ،چونکە جۆری کێشەکان زۆرن هەندێ جار ئەو کێشانە بوونیان لـە سوودی سەرکردە دایە ، بەلام دژ بە کۆمەڵە یان هاورێکانییە بۆیە بە تەواوەتی بێلایەنی نـەکردن و بەیـەک چـاو تەماشـای کێشـەکان نەکردن و قولایەکی تر بۆ کێشەکان دروست دەکات .

هەروەها بێجگە لەو سێ کێشەیەی « ئارنێ » باسیان دەکات ، لە کتێبی « هەڵس و کەوت کردن لەگـەڵ کێشـەکان »یـش نـاوی کۆمەڵێ کێشەی تر هاتووە کە ئەوانە بەشێکن ئەگەر گشـت نـەبن لەوانە:-

کێشـەی کەسـایەتی وکێشـەی پەیوەنـدی وکێشـەی رۆل (نائاسایش)و کێشەی بەرژەوەنـدی وکێشـەی دلسـۆزی وکێشـەی دەسەلات «زیادبوونی دەسەلات » وکێشەی نـاوگروپ وکێشـەی نێوان گروپەکان کێشەی شەرعی «گوێ گرتن وگوێ نـەگرتن » هەروەها کێشەی لەیەکتر نەگەیشتن «Roger 1992 : 1 p 43 » .

ئـەم کێشـانە لەوانەیـە هەنـدێکیان بـایلۆژی و سـایکۆلۆژی و کۆمەلایەتی بن هەندێکیشیان هاوبەش بن هەندێکیشیان لە سیستەمی

پێکهاتەی کۆمەڵدا هەبن .بەڵام هۆیــەکانی پەیــدابوونیان لەوانەیــە فاکتــەری ســایکۆلۆژی ئــابووری و بــارودۆخی نەتەوایــەتی بــن .سەرکردەش لەوانەیە فاکتەرەکان باش بناسـێتەوە و هەسـتیان پــێ بکات .بەڵام شارەزاییەکی تەواویی لە هەموو بابەتەکانی زانسـتی « سایکۆلۆژی و بایلۆژی و... هتد » نەبێ بۆیە بەتەنیا چارەسەرکردن و بیرلــێ کردنــەوەیان تووشــی دەردەســەرێکی زۆری دەکــەن و دووریش نیە کە فاکتەرە هەست پێ کراوەکــانیش تێکــەڵاوبکات .سەرکردە یان هەر مرۆڤێکی ئاسایی رووبە رووی یــەکێک لەمانــە دەبێتەوە کە « رۆجێر » دەست نیشانی کردون:-

١- دوو ئەلتەرناتیف بۆ ئامانجێــک هــەن بــەڵام دەبێــت تــەنیا یەکێکیان هەڵبژێرێ.

٢- یــەک ئامــانج هەیــە کــە هــەم ئەلتەرناتیفــە و هــەم دژە ئەلتەرناتیفە .

٣- دوو ئامانج هەن کە هەردووکیان نــەگونجاون ،بــەڵام ئــەبێ یەکیان هەڵبژێری .«Roger 1992 : I p 37»

لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەم ئەلفەرناتیفانە ، سەرکردە بە تــەواوی لە مرۆڤی ئاسایی جیا دەبێتەوە ، هەروەها سەرکردەی کارامەش لــە سەرکردەیی بێ توانا هەلاوێرد دەکرێت . ئەلتەرناتیفەکان لەوانەیــە لێکدانەوەیان سەخت بێت و ئامانجە سوود مەندەکانیشیان بە تەواوی روون نەبێت ، بەڵام ناچاری وا دەکات بۆ دەربازبوون لەو کێشــەی کەهاتۆتە رێگاوە یەکیان هەڵبژێرێ ،کە زیاتر لەگەڵ ئــەو ئامانجــە

بگونجێ کە سەرکردەکە خەباتی لە پێنـاو دەکـات و خەڵـکی لـە دەوری کۆکردۆتەوە ، لەوانەیە هەڵبژاردنی ئامانجەکە بۆ هەندێ لـە هاوڕێیانی سەرکردەکە شاراوە بێت و بـە زەحمـەت هەسـت پـێ بکرێت ، بەلام کاتێ دەخرێتە بـەرباس و لێکۆلینـەوە ئاسـۆییەکان زیاتر بەدیاردەکەون ، بۆیە سەرکردە ئـەبێ زانسـتیانە ئاسـۆیەکانی روون بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ هێزێکـی گـەورە لـە دەوری ئـەو کێشەیە کۆبکاتەوە کە دەیـەوێت هـەنگاوی چارەسـەرکردنی بـۆ بهاوێژێت ، چونکە بە تەنیا چوونە ناو قـولایی کێشـەکە سـەر لـێ شێواوی بۆ دروست دەکات . تەنیا ئـەو سـەرکردەیە بـە تـەنیا بـۆ کێشەکان دەروانێ کە هەست بە کـەمی خـۆی دەکـات «الشـعور بالنقص» لەوەش دەترسـێ کـە هاوکـارانی بەشـداری بکـەن لـە چارەسەرکردنی کێشەکان وکێشەیەکی دەسەلات بۆ خودی خـۆی دروست ببێت و هەرەشەی لاچوون لێ بکات . بەلام سەرکردەی بە توانا لـە چارەسـەری بەکۆمـەڵ بـۆ کێشـەکان بـە بـەهێز بـوونی سەرکردایەتی وخۆی دەزانێ دەشبێتە ئەزموونێکی کەلەکە بـوو بـۆ ئەو کێشانەی کە لە داهـاتوو پەیـدا دەبـن .ئـەوە بـەس نیـە کـە سەرکردەو توانایی لێکدانـەوەی کێشـەکانی هـەبێت یـان لەگـەڵ هاوکارەکانی باس بکات ئەبێ چۆنیەتی رەفتارکردنیش لە کێشەکان لەبەرچاو بگرێت ، دوو خاسیەتەکانی مێشک کە « هارولد » دەست نیشانیان دەکات «لە وانەیە بایلۆژی بن» بەکاربێنێ .خاسیەتی توانای بـوونی بریـاری ژیرانـەدان و چۆنیـەتی کـارکردن و خاسـیەتی

«جورئەت» کە چۆنیەتی ڕەفتارکردنە لەگەڵ بڕیارە ئەنجام دراوەکە کە ئەتوانین ئەمانە بەجیا لەناو « کاتۆ گۆریەکە» شوێنیان بکەینــەوە ،چونکە سەرکردە ئەبێ هەم جورئەتی هەبێ هەم مێشک بەڵام ئەگەر «کاتەگۆریە»کە بەم شێوەی خوارەوە بوو، ئــەوا هــەڵاوردن ئــەبێ بکرێت «ئەمەش بە زۆر لە ناو ســوپا بــەکار دێــت » « مێشــک و جورئەت» «مێشک بێ جورئەت» «جورئەت بێ مێشک» هــەروەها «بێ مێشک و بێ جورئــەت» ســەرئەنجامەکەی دەبێتــە :- ئــەوەی نەمێشکی هەیە نە جورئەت ئەبێ دەرکرێن ، ئەوەی مێشــکی هەیــە ،بەڵام جورئەت نا ئەوە لەناو بــە تالیۆنەکــەدا دەمێنێتــەوە ، ئــەوەی بەتەنیا جورئەتی هەیە کارێکی میکانیکی پێ دەسپێردرێ قورسترین و بارگرانترین پۆستیش بەو کەسە دەسپێردرێت کە خاوەنی مێشک و جورئەتە «Harold 1985 : I p 30» لە چارە سەرکردنی کێشــەکانیش مێشک بۆ ئەوە باشە کێشەکانی پێ لێک بدرێتەوە جورئــەتیش بــۆ ئەوەی بە گژ کێشەکاندا بچێتەوە ، هەرچەندە ئاڵۆزیش بــن چونکــە مانەوەی کێشەکان وەک خۆیی واتا کەڵەکە بوونی کێشــەکان لــە سەر یەکترو دارمانی ئەو سترۆکتورەی کە سەرکردەکە خەباتی بــۆ دەکات .

سەرکردەش پێویستی بە هێزەکانی تری مرۆڤە. ئەو کەسەی بێ مێشکە بەڵام بــە جورئەتــە ، ئــەو باشــە بــۆ کــارە مەیدانیــەکان و هەڵسوڕاندن بــۆ ئــەوەی لــە کــاتی ڕووبــەڕوو بونــەوەی لەگــەڵ

بەرامبەرەکەی مەیدانی کارەکـانی دیاربـێ و ئـەو کەسـەی تـەنیا مێشکی هەیە ، دەبێتە هێزێکی گەورە کە بەرانبەرەکەی پێ بترسێنێ.

سەرکردە کە ئەم کاتە گۆریەی بەکارهێنا ئەگەر سـەرکەوتنیش لە کێشەکان بە دەست نەهێنێ ئەوا بواری ئەوەی دەبێت سازشـێکی «ماقولانە» بکات کە بە سـەرکەوتن بـۆی حسـاب بێـت .چونکـە سازیش شێوەیە کە لە شێوەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان ،بەلام سەرکردە کە زانی ئەبێ بە سازش چارەسـەری کێشـەکان بکـات ، ئەبێ ئەو خالانەی کە ئامادەیان دەکـات بـۆ بـاس کـردن لەگـەڵ بەرامبەرەکەی ، ئەبێ زۆر لە «منتیقی» زیاتر بن ،چونکە ئەبێ بـاش بزانێ بەرامبەرەکەشی بیر لە سازش دەکاتەوە.

سەرکردە ئەبێ ئەوە بزانێ کێشەکەی لەگەڵ کێ یـە ؟ چـۆنیش رووبەرووی دەبێتەوە ، چونکە کێشەکان هەمیشە دوولایەنەیە ئەگەر لایەنێکیش کاریگەری کەمتر بێت یان گوناهی نەبێت ئەبێ خۆشـی لە دووربگرێت لەوەی کە خوا چارەسەری کێشەکەی بۆ دەکات.

«سڤانتێ» «Svante » سێ شێوەی بەشداربوانی کێشە دیار دەکات،

یەکەم : ئەوانەی هیچیان بەشدار نابن بـۆ چارەسـەری کێشـەکە واتـە چـاوەروانی «قـودرەتی قـادر» دەکـەن کێشـەکانیان بـۆ چارەسەربکات وەک ئەوەیە بیانەوێ لە رێگای (قومـار) کێشـەکە ببەنەوە . کە هەرگیز چارەسەری کێشەکە «دادوەرانە » نابێت .

دووەم : تەنیا یەک لا بەشـداری بکـات ئـەوەش وەک ئەوەیـە مرۆڤێکی سەحرباز قاچ و دەستەکانی ببەستن بیخەنە ناو رووبارێـک

ئەگەر سەرئاو کەوت ئەوە تاوان بارە و لە ئاگردا دەیسوتێنن ئەگەر ژێر ئاویش کەوت ئەوە بێ گوناهە .

سێیەمیشیان : کە لە هەموویان باوترو داد پەروەرانەترە هەردوولا بەشداری دەکەن .

دەیانەوێ کێشەکە چارەسەربکەن لە ڕێگـای گفتوگـۆ ، لەشـەر دوور کەوتنەوە یان یەک بۆ ئەوەی تـر واز لـە کێشـەکە بێنـێ و سازش و هاوکاری و هەوڵی پێک هاتنـەوە بـدات یـان «گـەردنی یەکتر ئازاد بکەن» کە ئەمەش گەلێک جار بەهۆی لایەنی ناوبژیکەر دەبێت .« Svante : 1992 :I p 84-90 » ئەگەر کێشە ویسترا لـە ڕێگـای لایەنی سێ یەم چارەسەربکرێت ، ئەبێ لایەنەکان ئاگاداری ئەوەبن ، ئایا لایەنی سێیەم ئەگەر کێشەکە چارەسەر بکات چ سوود دەبینـێ ، یان ئەگەر کێشەکە بێ چارەسەرکردن بهێڵێتەوە بەرژەوەندی لایەنی سێیەم لە کێشەکەدا لە چی دایە، لایەنـە شـاراوەکانی بەرژەوەنـدی لایەنی سێیەم چین لە ڕووی بەرژەوەندی ، نەتـەوەیی، دەوڵـەتی ، سیاسی ،ئابوری ، ناوچەیی ....هتد، بەگوێرەی چۆنیـەتی کێشـەکە ئەوەی لەوەش بڤـەتر ئەوەیـە ئایـا لایـەنی سـێیەم ئەیـەوێ وەک ناوبژیوان بمێنێتەوە تاکۆتـایی چارەسـەری کێشـەکە یـان دەبێتـە تەرەفێک .

«ڕۆجێر» دەڵێت: ئەبێ سـەرکردە ئاگـاداری ئـەوەبێت ئەگـەر لایەنی سێیەم ویستی نێوانیان بکات نەبێت بە لایەنێک ( Roger: 1992 p 8 ) ئەگەر سەرکردە زانێ لایەنی سێیەم بێ لایەن نیە ، ئەبێ بەهانەیی

خۆ دزینەوە پەیدا بکات ، یان لــە مــاس میــدیاکان بــە ئاشــکرایی هەڵوێســتەکان روون بکاتــەوە . چونکــە مەترســی گــەورە هەیــە دوولایەنەکەی تر پلانی گەورەتریان دارشتبێ بۆ بردنەوەی کێشەکە ئەگەر چــی لەســەر حــەقیش نــەبن دەربــارەی ئاشــکرا نــەکردنی هەڵوێستی ناوبژیوانەکە ، ڕۆجێر دەڵێت : «دەبێتــە هــۆی ترســان و خەمۆکی بۆ لایەنەکەی ترو هەڵس و کەوت کــردنی نــاواقیعی لــە بارودۆخی کێشەکەدا ، ئەگەر کێشەکەش بــە ئاشــکرایی هەڵــس و کەوتی لەگەڵ نــەکردبێ ، ئــەو ناراســتەخۆ کاریگــەری دەبێــت و لەوانەیە هەوڵەکان بەرەو لەبەریەک هەڵوەشــانەوە بچــن »( Roger : 1992 p 13 ) .

«بێنگ و سڤێن » دەڵێن کێشــە گــەلێک جــار لــە هۆیــەکانی پەیوەندی پەیدا دەبێت و زرە کێشە یــان ڕوونــە کێشــە کاتــێ بــە دیاردەکەون کە مرۆڤ بەتــەواوی بــاس لەکێشــە بنچینەییــەکانی نەکردبێت . لێکدانەوەی جیاوازیشیان بۆ واتایەکە هــەبێ و ووشــەی جیاوازیش بەکاربێنن و لە هەمان کاتدا لە واتادا یەک بن و بەلام بە ووشەی جیا باسی لێوە بکەن . « p 202 »

سەرکردە ئەبێ شارەزایی تەواوی لە سەر ئــەو کێشــەیە هــەبێ ، چونکە بە پێچەوانەوە لەوانەیــە ببێتــە هــۆی لــە دەســت دانی ئــەو ئەنجامانەی کەکاری بــۆ دەکــات ، بــۆ چارەســەرکردنی ئــەو دوو کێشەیە پێویستی بە شارەزاییەکی باشی زمانەوانی هەیــە تــا خــۆی دووربگرێت لــەوەی نــەوەک لایەنەکــەی تــر بــە تــاوان بــار و

خۆدزینەوە بزانــێ و جەماوەرەکــە هەڵبخەڵــەتێنێ کــە ئاگــاداری کێشەکان نــین . کــاتیش باشــترین دەرمانــە بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکان و ئەساســی سەرهەڵــدانی کێشــەکانیش ئــەبێ بــاش لێکبداتەوەو بۆ کێشە لاوەکیەکان نەچێ.

چونکە لە میانی چارەسەرکردنی ئەو کێشــانە لەوانەیــە کێشــەی تریش سەرهەڵبدات کە ئەم دوو نووسەرە بەم شێوەیە دیاری دەکەن.

یەکــەم:- «کێشــەی کاردانــەوەکان کەلــە خــودی پرۆســەی پەیوەندییەکان پەیدا دەبێ .لەوانەیە لایەنێک ووشەیەک بــەکاربێنێ لایەنەکەی تر حەزی لێ نەکات ، کاتێکیش هەستی پێ دەکەن کــە کێشەکە چەقی خواردووە ،کێشەی کاردانەوەکە لە بنچینەدا نائارامەو هەرەشە لە سێبەری خۆی دەکات لەوانەیە ئەم جۆرە کێشانە کە لــە میانی گفتو گۆ دێنە ئاراوە بە لێبوردنێک چارەسەربکرێن .

دووەم:- کێشەی واقعی لەبنچینەدا لەسەر ئەوە پەیدا بووە کامیان ڕاستە یان هەڵەیە.

سێ شێوەش هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی واقیعی.

شێوەی یەکەم: بارودۆخی بردنەوە . بارودۆخی دۆرانــدن ، .دوو کەس بەشەڕدێن .یــەکیان دەباتــەوە ،ئــەوەی تریــان دەدۆڕێنــێ ، دۆراوەکــە خــۆی ئامادەدەکــات جــارێکی تــر بباتــەوە .چونکــە هەریەکێکیان لەوانە نازانێ کامەیان بەهێزترین کورتی«وەرەقــەی » هەیە یان ئەوەی دەدۆڕێنێ چ ئــەنجامێکی دەبــێ . گــەلێک جــار ئەکرێ هەوڵبدرێت ئەو بارودۆخە دووربخرێتەوە .

شـێوەی دووەم :-بـارودۆخی بردنـەوە – بـارودۆخی بردنـەوە. ئەوەش کاتێ بەدیاردەکەوێت و کە لایەنەکانی بەشداری کێشـەکە ڕێگای سێیەم دەدۆزنەوە کە بەئارەزووی هەردوو لایەن بێ . ئەمەش باشترین چارەسەرە چونکە ئەبێتە هۆی دروست بوونی هاوپەیمانیەتی و ئایندەیەکی سەرکەوتووی دەبێت .

شێوەی سـێیەم:- بـارودۆخی دۆڕاو- بـارودۆخی دۆڕاو ئەمـەش گەلێک جار لە ئەنجامی ڕەفتارو کردارەکان دەبێت » p202

بۆیە سەرکردەی بەهێز ئەزانێ چـۆن هەڵـس وکـەوت لەگـەڵ کێشەکان دەکات ، هەوڵدەدات ئەگەر وەرەقەی باشی هـەبێ وازی لەسەر بارودۆخی یەکەم بکات .ئەگەر بە هیـوای هاوپەیمانـەکانیش بێت ئەبێ بارودۆخی دووەم بە کاربێنێ ، سەرکردە ئـەبێ ئاگـاداری ئەوە بێ کە بەرانبەر هەرەشەی لە ناوچوونی لێ بکرێت یـان خـۆی هەرەشەی لەناو چوونی لەسـەربێت ، ئـەوا چارەسـەری کێشـەکان کاتێکی زۆرتریان دەوێت ، چونکە لە دەسـت چـوونی دەسـەلات واتا لە دەست دانی پایەی سەرکردایەتی بۆ ئەوەی پایەکەی بمێنـێ هەوڵدەدات کە هـەموو ڕێگایـەکان هەڵـبژێرێت بـە تایبـەتی لـە کۆمەڵگایەکە سستەمێکی دیموکراتی هەبێ و قانون دەسەلاتداربێ ، چونکە لە ڕێگای قانون و دیموکراتیەوە دەسەلاتی دەست کەوتووە ،بەلام ئەگەر لەو ڕێگایە نەبێ ئەوا شێوازی تـر بـەکاردێنێ کـە لـە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیی وپاراستنی دەسەلاتی لەلا گرنگتـرە لـە پاراستنی ئەو کەسانەی کە سەرکردایەتیان دەکات.

سەرکردە ئەبێ ئاگاداری ئەوە بێت ئـەو هەولانـەی دراون بـۆ چارەسەری کێشەکە «ئاشتی» بەرەو لەبەریەک هەڵوەشانەوە نـەچن .« لێندسترۆم» دەڵێت: کێشەکە بچوک بێت یان گەورەبێت بـەرەو توندوتیژی ودابران دەچێت هەندێ جاریش بەرەو پێک دادان بۆیـە بەجێ هێشتنی کێشە بەبەهانەیی نەبوونی کـات و هەڵسـەنگاندنێکی هەڵەیە و ئەبێ کێشەکە بە هاوبەشی چارەسەری بـۆ بدۆزرێتـەوە .( Lindstrom : 1995 p 77 ) هەم کـات هـەم لایـەنی سـێیەم لـە کـاتی گرژییەکان ئەبێ حسابی تایبەتیان بۆ بکرێت ، چونکـە کێشـەکانی جیهان ئەوەیان بەدیار خستووە کـە درێژکردنـەوەی کـات و یـان نەبوونی کات کاریگەری خـەراپیان هەیـە .کـاتێکیش لایەنـەکان دەیانـەوێ بـە زووتـرین کـات چارەسـەری کێشـەکان بکـەن ، هۆکارەکـانی پەیـدابوونی کێشـەکان رەچـاو ناکـەن کـە چەنـد کاریگەری هەیە ، بۆیە بۆ کورت کردنەوەی کات هانا دەبەنە بـەر لایەنی سێیەم ، ئەگەر لایەنی سـێیەمیش بەرژەوەندییـەکانی خـۆی هەست پێکرد هەوڵی درێژکردنەوەی کاتی گفتوگۆیـەکان دەدات ،بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا پیلانەکانی خۆی هەڵچنێ.

سـەرکردە بەشـێکی زۆری کاتـەکانی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەکان تەرخان دەکات ، ئەو سەرکردە توانایی زاڵ بوونی بەسەر کێشەکان هەیە ، توانایی زاڵ بـوون بەسـەر لێپرسـراویەتیش وەک سەرکردە هەیە .

« لیزەلۆت ئولسۆن »کە باس لە چارەسەری کێشەکان دەکــات ، سایکۆلۆژیەتی سەرکردەکانیش بە ووردی روون دەکاتەوە ، دەست نیشانی ئەوەش دەکات کە ژن یان پیــاو کامــە چ شــێوەو رۆلێــک دەبینن و بۆیە ئەبێ لە کــاتی هەڵــبژاردنی ئــەو ســەرکردەیەی بــە نوێنەرایەتی بەشدارانی چارەسەری کێشەکان دەکات ، ئەبێ ئەمانەی خوارەوەی لەبەرچاو بن:-

سەرکردەی بێ دەسەڵات : جورئــەت ناکــات بــۆ بــڕیار دان و خۆشی بەکارەکان هەڵناستێ.

سەرکردەی لێهاتوو : بە دڵنیاییەوە بریاردەدات خــۆی ئامادەیــە سوود لە نەخشەکانی خۆی وەرگرێت .

سەرکردەی بێ حەوسەڵە : دوودڵە نەک لە خــۆیی لــە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی هەڵس و کەوت دەکات.

# سەرکردەی ژن وپیاو

لەبەر ئەوەی سیستەمی دامەزراندنی کۆمەڵگا لەزۆربەی هەرە زۆری شوێنەکان پیاو پێی هەڵساوە کەواتە کولتوری پیاو رەنگ دانەوەیەکی گشتی هەیە لەسەر بەشی هەرە زۆری ژیانی مرۆڤایەتی ، ئەم کولتورە تەنیا لە پلەیەکی کۆمەلایەتیدا نەوەستاوە بەڵکو بۆتە هەوێنێک هەموو ئاستەکانی کۆمەڵی گرتۆتەوە زۆربەی ئەو تیۆرو لێکۆلینەوانەی کە کراون لەلایەن پیاوکراون یان کاریگەری ئەویان بەسەرەوەیە ، بۆیە کەباس لەسەرکردەش بکەین بەهەمان پێوەر خاسیەتەکان تایبەت بەسەرکردەی پیاو بونەتە خاسیەتی سەرکردەی ژنیش ، ئەمەش بەباشی لە ژیاننامەی سەرکردە ژنەکان بەدیاردەکەوێت واتا سەرکردەی ژن تا ئێستا نەیتوانیوە خاسیەتە تایبەکانی خۆی هەبێ ، بۆ ئەوە بتوانێ سەرکردەیەکی باشی لێ دەربچێت و لەزۆربەی خاسیەتەکانی لە پیاو جیاوازبێت . رەنگە چەند دەنگێک لەولاو لەملا هەبن کەباس لەو خاسیەتانە دەکەن ، کە پێویستە ژنی سەرکردە هەیبێت ،بەلام ئەمە بەس نیە بۆ ئەوە بەو خاسیەتانە بتوانێ جارێکی تر بەسەر ستر کتوری کۆمەڵدا بچینەوەو گۆرانکاری ریشەی تێدابکات ، ئەگەر تەماشای دەسەلاتدارانی ئەمرۆ بکەین ئەوا زۆربەیان پیاون ئەو ژنانەی بە دەسەلاتیش گەیشتوون لە

ڕێگای پارتەکان یان ڕێکخراوەکان ئەوە لە ناو ئەو ئیدارانــەن کــە پیاوی تێیدا زۆرایەتیەو بەرنامەی زۆربەشیان لە ســەرەتاوە پیــاو دای ڕێشتووەو ژن توانیویەتی بەرەبەرە لە ناویدا شوێنی خۆی بکاتــەوە ، بەڵام وەک پێویستی نەی توانیووە ئەوەی کــە ژن وەک ژنایــەتی واتا وەک پێکهاتەی بایلۆژی کە دەیەوێت بیکات و ئەنجامی بدات .

ژن وەک ســـەرکردەش کۆمەڵـــێک کێشـــەی خێـــزانی و کۆمەلایەتی بۆ دروست دەبێت کە ئاسان نیە پشت گۆیان بخـات ، هەموو ئەوکۆرو کۆبونەوانــەی کــە بــۆ پیــاو دەرەخسـێت بــۆ ژن نارەخسێت ، سەرەرای ئــەوەش ژن زیــاتر بەســۆزەوە بــۆ جیهــان دەڕوانێ ،کەواتە ئەو سۆزەی زیاترە بــۆ بەرانبەرەکــەی بەتایبــەتی هاوسەرو منداڵەکانی ، پیاو گەلێک جار واز لەو سۆزە دێنێ روو لە دەسەلات دەکات.

پیاو زیاتر بە توند و تیژی دەروانێت بۆ رۆلی وەک ســەرکردە ، سەرکردایەتی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەکات. وەلام دانەوەکەشی لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە.

سەرکردەی ژن : خۆی وەک داپیرۆکە لــە چــەقی تەونەکــەی جێگیر دەکات شوێنی خۆی لە چەقدا دەبینێ.

ئەو تیۆرەش پشتیوانێکی بەهێزە کە دەڵێت : ژن هەستدارترە لــە پیاو بۆ بیرو بۆچوونەکانی دەوروبەری و خاسیەتەکانی سەرکردەی پیاو بریاردەرو خاوەن بریاری بەهێزە بە فــەرمان ئاراســتەکراوە بــۆ ئامانج و ململانێ و خۆبەگەورە گرو سەربەخۆ و بەهێز دەزانێ.

ســـەرکردەی ژن : گـــوێگرو نـــەرم و بەســـۆز و ئـــارەزووی هاوکاریکردن و پاراستنی پەیوەندییەکانی ئاشتی هەیە و هەســتدارو غەریزەدارە.

« Liselotte,ledarskap 1996»

ژن گیروگرفتێکــی تریشــی هەیــە ئــەویش کەســایەتیە لــەناو کاروباری ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیدا هەروەک دەست نیشــانمان کــرد کولتــوری پیــاو دامودەزگاکانیشــی گرتۆتــەوە ، واتــا پیــاو کارکەری راستەقینە بووە لە دەرەوە ژن کارکەری راستەقینە بووە لە ماڵەوە .... ئەم بۆ چوونە وای کــردووە کــە ژن هــەم بــەو چــاوە تەماشای خۆی بکات کە پیاو تەماشای دەکات هەم پیاویش نایەوێت دەسەلاتی لە دەست خۆی بدات ،کەواتە ناکۆکیەکی دوولایەنە هەیە کە هەمیشە بەرۆکی سەرکردەی ژن دەگرێتەوە ئەویش ئەوەیە چۆن هەڵس وکەوت لەگەڵ خۆی بکات ، هەروەها چۆن لەگەڵ پیاو هەم وەک پیاو وهەم وەک ئــەوەی زۆرینــە لــە بریــاردان و هــەبوونی دەسەلاتی بەرز.

بۆیە ئەو خاسیەتانەی بــۆ ســەرکردە دیــاری کــراون یــان ئــەو ئیدارانەی کە دارژراون تا ئێستا لە روانگەی پیــاوەوە بوونینــە ، بــۆ ئەوەی سەرکردەی کامڵ لەژن هەبێ ، ئەبێ لێکدانەوەیــەکی تــەواو جیاواز بۆ تیۆرەکان و خاسیەتەکانی بکرێت کە هەستە ناســکەکانی ژنی تێدا بدۆزرێتەوە .

«هێررمان » دەڵێت «لێکۆڵــەرەوەکان ئــەوەیان نیشــانداوە کــە جیاوازی نێوان سروشتی راستەقینەی پیاوەتی و سروشتی راستەقینەی ژنایەتی چەقی خولْقاندنی رێکخستنی رەگەزن .«Hirdman 1988 »

هەروەها هەمیشە باس لەوە کراوە کە شــێوەی پــەروەردەبوونی ژن و پیاو لە منداڵیەوە کاریگەری زۆری لەسەر پیاو و ژن هــەبووە .چونکە «گوتێک » دەڵێت پیاو زیاتر بە منتقــی و ژیــرو چــالاک مامڵانێ ی توندو تیژ لێکدەداتــەوە بــەلام ژن بــە پێچەوانــەی پیــاو هەستدارو پاسیڤ و دڵ نەرم و بەرهەمهێنەرە .«Gutek 1989 » . ئەمانە لەوانەیە خاسیەتی تایبەتی رەگەزەکان نەبن بەتەنیا بــەلام تــا ئێســتا سەرکردە لە تیۆری سەرکردایەتیدا وەک بێلایــەن واتــا بــەدەر لــە رەگەزی ژن و پیاو لێکدراوەتەوە ، کە ئەم تیــۆرەش لــە روانگــەی فێمێنیــزم رەخنــەی لــێگیراوە.«Hearn och Parrkin 1983 » هــەروەها «لێنارت » دەلێت « والێن » پێ ی وایە کەسەرکردایەتی چەمکێکی رەگەزی دیاریکراوە هەم لە پراکتیک هــەم لــە تیــۆردا.« Wahl 1992 ,Collinson och Hearn 1996 »

« والێن »راشکاوانە تر بــاس لەســەرکردە دەکــات و دەڵــێت:- خاسیەتی توانایی وەک پێویستە لە پیاودا هەیە نەک لەبەر ئــەوەی پیاوە بەڵکو لەبەرئەوەی وەک تاکتیک بەتوانایە «Wahl 1994 » بەلام هەموو لێکۆڵەرەوەکان لەسەرئەوە کــۆکنین کــە ســەرکردەی ژن هەمان توانای ســەرکردەی پیــاوی هــەبێت یــان گەشــە بەشــێوەی سەرکردایەتی خۆی بدات لەناو زۆرایەتی پیاودا .

« ئانێ وال » دەڵێت :- زۆر لێکۆلەرەوە لەوانە «کۆک بۆرن »و « مارشال »و « بایس » دەڵێن زەحمەتە مرۆڤ باوەربکـات کـەژن بتوانێ گەشە بەشێوەی سەرکردایەتی خۆی بدات کاتێ خۆی لـەناو کەمینەدا دەدۆزێتەوە «Anna Wahl p 134 » هەر ئەمـەش وای لـەژن کردوە کە گەلێک جار ناسنامەی خۆی فەرامۆش بکـات و هەوڵـی پاراستنی دەسەڵات بدات لە رێگـای ئـەوەی کـە رەگـەزی هـیچ واتایەکی نیە ، ئەمەش زیاتر لەناو ئەو چەمکـەدا خـۆی دەبینێتـەوە کەمرۆڤ وەک بونەوەر تەماشا بکرێت ، بەبێ ئەوەی بۆ سـەرەتایە بایلۆژییەکانی مرۆڤ بگەرێنەوە ، هەرچەندە هەندێک لێکۆلـەرەوە ئەوەیان بەدەرخستووە کە کچ زیاتر حەز لـە وازی کـردن لەگـەڵ بوکەشووشە دەکات و کوریش لە ئوتومبیل کە «ئانا سەرڤـین» لـە لێکۆلینەوەکەی خۆی ئەمە بۆ هۆرمۆنەی مرۆڤ دەگەرێتەوە « Anna Servin 2002 » هـەروەها « ئیڤـۆن هیردمـان » « Yvonne Hirmmi» رێکخستنی رەگەز بە بنچینەیەک بـۆ هـەموو پێکهاتنـەکانی تـری کۆمـەڵ دەزانـێ« Mimmi Palm Gunsis 2001 » هەربۆیـەش بـۆ کەمکردنەوەی جیاوازی نێوان سەرکردەی ژن و پیاو هەوڵدەدرێت کە سیمناری تایبەتی رێک بخرێن و باس لەو جیاوازیانەش بکـرێن کەهەن لەنێوان هەردوو رەگەزەکە « Mimmi Geuus 2001 » بەگوێرەی «ئاناش» رێکخستنی رەگەز وەک چەمک بەستراوەتەوە بەچـەمکی رەگەز لە پێکهاتەی کولتوری کۆمەلایەتی «Anna Wahl p 134 » هەر ئەو توێژە بەردەوامانەشن کەوا لەبەرێوەبـەری گشـتی ژن دەکـەن

گەلێک جارحاشا لەوە بکەن کــە رەگــەز هــیچ واتایــەکی هــەبێ ، ئەمەش بۆ خۆ گونجاندنە لەناو رێکخراوەکە بۆیــەش ژن دەیــەوێت وەک تاکێکی بــەتوانا و تایبەتمەنــد دانی پێــدابنرێت . دەیــەوێت ئارەزووەکانی خۆی پیشان بدات کــە وەک ئەوانــەی تــر لــە نــاو دەزگایەک دەتوێتەوەو کە ئەم شێوەیە پەیوەنــدو بیرکردنەوەیــە ، لێکۆلەرەوەکان پێ دەڵێن ستراتیژی بێ لایەنی رەگــەزی . ئەمــەش لەلایەن بەرێوەبەری ژن بەکاردێت بۆ ئەوەی خۆی لەناوبەرێوەبەری گشتی زۆرایەتی پیاودا بتوێنێتەوە هەرروەها بەوواتایەشــە کــە ئــەو ژنانە دەیانەوێ لە ژنەکانی تر خۆیان دابڕن بۆ ئەوەی بە شێوەیەک لە شێوەکان دڵسۆزی خۆیان بۆ زۆرایەتی بەدیاربخەن « Kanter 1997 , Wahl 1992 » ئەگەر ئەمە بۆ حاشاکردن بێت لەرەگەز وەک تــاکی پیاو و ژن یان یۆ سەلماندنی کەمایەتی خۆیان بێ لــەناو زۆرایــەتی پیاو ، بەلام هێشتا ئەوە بەو واتایە نیــە کــەهۆرمۆن و رەگــەز هــیچ رۆڵێکی نیە ، چونکە سەرکردەی ژن کەباس لە خاسیەتەکانی خۆی دەکات ، نالێت من ژنم بەڵکە باس لەمرۆڤایەتی خــۆی دەکــات و بەگوێرەی « ئانا » خاسیەتەکانی خۆی بەم شێوەیە دیاری دەکــات : هەڵســورێنەر ، خێــرا ، ووردبــین ، راســت و ڕەوان ، حــەزیش لەدابەشکردنی بەرپرسیارەتی دەکات . بەلام سەرکردەی پیاو خۆی بــەتاکێکی نــەرم و دڵســۆز دەزانــێ «Anna Wahl p138 » . لەوانــە لێکدانەوەی سەرکردەی پیاو بۆ خۆی لێکدانەوەیەکی تــەواو نــەبێ چونکە لێکۆلەرەوەکان ئەوەشیان بەدیارخستووەکە سەرکردەی پیاو

توندو تیژەو هەمیشە هەوڵی سەرکەوتن له ململانێیەکان دەدات ،کە ئەمەش «غەریزەیەکی » بەهێزی پیاوە ، لە هەمان کاتدا هۆرمۆنـاتی پیاو و ژن لەوانەیە کـە دەسـەلاّت مـل کـەچی بـێ ، کارەسـاتی گەورەی بەدواوە بێت ، هەم لـە رووی ئەخلاقـەوە هـەم لـە رووی چاوپۆشین له زۆر کاری نابەجی کە رەگەزەکەی تر دەیکات ، بـۆ ئـەوەی بتوانـێ بەشـێوەیەک ئـارەزووە دەرونیـەکانی خـۆی دابمرکێنێتەوە ، ئەمەش له ماهیـەتی خاسـیەتەکانی سـەرکردایەتی کەم دەکاتەوە ، لەوانەیە ئەو متمانەیە لەدەست بـدات کـەپێی دراوە یان بەدەستی هێنـاوە ، هـەروەها « ئانـا واڵ » دەڵـێت پەیوەنـدی دەسەلاتی نێوان رەگەزەکانیش کەپیاو بالاّ دەستە و ژن ژێردەستە له رێکخراوە تایبەتیەکانـدا دەگۆرێـت ، بـەگوێرەی فـۆرمی خـۆی کاریگـەری لەسـەر پێکهاتـەی سـەرکردایەتیش دەبێـت ، بـەلاّم لەپێکهاتەی سەرکردایەتیدا کە لە یەکسانی نێوان پیاو وژن دروست دەبێت ، هەردوکیان کاریگەریان لەسەریەکتر هەیە ،کـە ئەمـەش پێکهاتەی سەرکردایەتی دەگۆرن .

« Anna Wahl p 151»

ئەگەر یەکسانی پەیدابێ لە نێوان رەگەزەکان لەوانەیە هۆرمۆن و شتە بایلۆژیەکانی تر ئەو کاریگەرییەیان نەبێ ، چونکە لەوکاتەدا بۆ پاراستنی دەسەلات یان گرتنی دەسـەلات ، مـرۆڤ پێویسـتی بـە ئاوازی نایاسایی نابـێ بـۆ ئـەوەی بەدەسـەلات بگـات یـان وەک سەرکردەیەک هەڵـس وکـەوت بکـات ، چونکـە گـەلێک جـار

سەرکردە دیلی هەڵچووەکانی دەروونی خۆیەتی .ئـەو خاسـیەتانەی کەسەرکردە ئەبێ هەیبن ، بەقوربانی ئەو خاسیەتانەیان دەکات کـە مرۆڤ بۆ رابواردنی ژیان بەکاریان دەهێنێ.

# تابلۆکان

هەرچەمدە لەمەو پێش لەباسی شێوازەکانی سەرکردە باسـم لـە تیۆرەکانی سەرکردایەتی کردووە ، بەڵام بۆ زیاتر شارەزایی بـوون لەسەر قوتابخانەو تیۆرەکانی هەوڵدەدەم بە کورتی ئەو قوتابخانانەو تابلۆی گەشەکردنی سەرکردایەتی بخەمە پێش چاو.

١. قوتابخانـەی کلاسـیکی کـە هێنـری فـاول « Henri Fayol» فەرەنسـی و ئەنـدازیاری ئەمـەریکی فرێـدریک تیلـۆر « Fredrick W.Taylory. » لەکۆتایی ١٨٠٠وسەرەتای ١٩٠٠ دایان هێناوە . ئەوانیش کاتێ بیریان لەوتیۆرە کردووە کە ئەمەریکا و ئەوروپا لەسـەرەتای بەپیشەسازی کردنی کۆمەڵـگاکەیان بـوون ، بـۆ پەیوەندیـەکانی کاروپیشەسازی پێویستی بەسەرکردایەتیەکی لێهاتوو هەبوو چ وەک سەرکردە چ وەک بەرێوەبەری گشتی ، بۆ ئەوەی شێوازەکانی کارو جولانـەوەی کرێکـاری و چـاودێری کـردنی و چـالاکردنی بەرهەمەکان باشتر بکرێن «Lennart 1998 » تیلۆر تابلۆی گەشەکردنی

ســـەرکردایەتی هێلکـــاری کـــرد و هـــەروەها «هێنـــری فـــاول » پرنسیپەکانی سەرکردایەتی بەو شێوەیە دیاریکردووە.

- دابەشکردنی کار
- ئەکتۆریتێت
- دیسپلین
- وەرگرتنی فەرمان تەنیا لەسەرکردەیەک
- دانانی پلانێک بۆ گەیشتن بە ئامانج و تەنیا بەرێوەبەرێکیشی

هەبێ

- پێویستە بەرژەوەندی تاک وەلا بندرێت
- دانی مووچەی فەرمانبەران
- بەناوەندی کردن
- زانیاری لە سەرەوە بۆ خوارەوە
- رێکخستن واتا مرۆڤی شیاو بۆ شوێنی شیاو
- بەیەکچاو تەماشاکردن
- بەردەوامی لە دامەزراندنی فەرمانبەرو کرێکار
- هەوڵی بەرزکردنی چالاکییەکان
- کولتورو کۆمەڵەکان

.« Lennart 1998 »

## تابلۆی گەشەکردنی سەرکردایەتی (١)

دانـانی تیلـۆرloran administrations ئیـدارەی زانسـتی Scientific management

| پرنسیبی ڕێکخراوە | پرنسیبی ڕێکخراوە |
| --- | --- |
| -دابەش کـردن بـە ٦ بـەش :تەکنیک ،بازرگان،فەرمانبـەران، ئیداری،ئابوری ،دەزگا.<br>-سـەرکردایەتی کـردن بـە گوێرەی پرنسیبەکانی ناوەوە:- دابەشـکردنی کـار،یـەکێتی سـەرکردایەتی، ناوەندیـەت،پـەیمانی نێـوان بەرپرسـیاریەتی و ڵـلاحیات، هیریـارک بـۆ کاریگـەری، دەسەلآت و بریار. | -تایبەتمەنـدی دابەشـکردنی کار.<br>- چەسپاندنی کارەکان.<br>-بەنـد ریزکـردنی ڕێسـای ناوچەکان بۆ کۆنترۆڵ.<br>-ئیدارەکردنی بەهێز.<br>-دابەشکردنی کار لـە نێـوان ئەوانەیی کاردەکەن و ئەوانـەیی سەرپەرشـتی کـار دەکـەن / بیرکردنەوە.<br>-کـات دانـان بـۆ هەمووکارێک. |

سەر کردایەتی:-

ڕێنومایی کارو بەرهەم.رابەرایەتی و کۆنترۆڵ.

بنیاتی هێربارکی لە کارمەندی و هێڵی ڕێکخراوەیەکی.

سەرکردە، وەلامی پلاندانان و ، ڕێکخراوە ،پەیوەندی ڕێکخەرو کۆنترۆڵ دەداتەوە .سەرکردە کۆنترۆلی لەسەر بودجە هەیە ،سیستەمی خەلات کردن ،دراسەییەکان و جولانەوەکان، پێوانی مادەی کارو دیاریکردنی ئامانج.

یەکێتی سەرکردایەتی و یەکێتی کۆنترۆڵ بۆ داهێنانی روحی هاوکاری.

# بۆ چوونی مرۆڤ

ماک گریکۆر(Mcgregor )لە تیۆرەکەی X ئێکس ئەمەی دارشتوە:-

دژی کارە .

مرۆڤ هەولدەرنیە حەز لە هیچ بەرپرسیاریەک ناکات ، دەیەویت رابەرایەتی بکرێت ، مرۆڤ ناتوانێ کێشە لە ڕێکخراوەکاندا چارەسەربکات. ئاسیشی و پاراستنی جەستە ومەتریالە مرۆڤ والێ دەکات کاربکات . «مرۆڤ خۆرسک تەمبەلە» و پێویستە کۆنترۆڵ و لکەدار بکرێت ، بۆ ئەوەی بەئامانجی

ڕێکخراوەکە بگات ، تەنیا سەرکردە بەدەرە لەو ڕێسایە کە توانایی چاودێری کۆنترۆلی هەیە هەروەها هەوڵ دەر و بیری ئەبستراکی هەیە و داهێنەریکی چالاکە لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا .سەرکردە بەپرنسیبەکانی زانستی سەرکردایەتی و ئیدارە رابەرایەتی دەکات .

تابلۆی گەشەکردنی سەرکردایەتی قوتابخانەی پەیوەندی مرۆڤایەتی

Human Relation skolan
Maslow , mm . Mayo , Likert , H ertzberg , Maslow , mm .


| |
|---|
| پرنسیپی ڕێکخراوە<br>- پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و ئەوگروپانەی پەیوەنیدارن.<br>-هەستی کۆنترۆل بەسەر فەرمانی کارەکانی خۆیی وهەندێ ئیمکانیەت ، کە کاریگەریان بۆکار هەیە.<br>- دەستە هەبوون بەسەر ناوچە مەزنەکانی کاردا. |

سەرکردایەتی

بزواندنی مرۆڤ لەکار – هیریارکی پێویستی ماسلۆ(Maslow)/

فاکتەرەکانی تەندروستی

گەشەکردن ، بەرپرسیار



## بۆ چوونی مرۆڤ

« ماک گریکور» لە تیورەکەی ( y ) ئەمەی دارشتوە :-

«کارگەمەیەکی سروشتی یە »

- مرۆڤ نابێت واز لە کۆنترۆلی خۆی بێنێ ، بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە بگات .
- مرۆڤ توانایی هەیە ، داهێنەرە ، بۆ ئەوەی کێشە چارەسەر بکات .
- مرۆڤ بە گەر دەخرێت کاربکات ، تا بە هاوبەشی ڕێزلێنان و فەنتازیەکانی خۆیی و هەروەها فیزیکی و ئاسایشی مەتریال بگات .
- مرۆڤ دەتوانێ خۆیی کۆنترۆل و رابەرایەتی بکات ،ئەگەر بە ئاقارێکی راستدا بڕوا .
- ستروکتورە بنچینەکانی ،هەمان شتن کە (تولور )و فایول دایان هێناون ، قوتابخانەی هومان رێلاشن زانستی سایکولۆژی بە کاردێنێ و ئەو زانستە وەردەگرێت و کەفەکەی سەری دەگرێت و بەبێ ئەوەی هەستی بینینی یان کایگەری لە سەر دابنرێت و اە ناو ئاخانێکی قولترەوە ،بەلام حاشاش لەوە ناکرێ کە ئاسانتر بوو کە مرۆڤ لە کار بێت.

تابلۆیی گەشەسەندنی سەرکردایەتی (٢)

سەرکردایەتی گونجاو لەگەڵ بارودۆخەکانی جونس ، هێرس ، بلان چارد

پرنسیبی رێکخراوەیی

- ❖ دابەش کردنی کار .
- ❖ ئۆتۆنۆمی گروپەکان .
- ❖ کاری دەوری « التنقل فی العمل »
- ❖ تخویلی بەر پرسیاریەتی و (للاحیەت) .
- ❖ بیری سیستەم — زانیاری (ئیفتورما شونی ) ئابووری .

تەکنەلۆژی سیستەمی بڕیادان } مرۆڤایەتی / کۆمەلایەتی کە هەموویان پێکەوە بەستراون بۆ ئەوەی بە ئامانجە هاوبەشەکە بگەن .

ســــەرکردایەتی

- ❖ کاریگەری لە سەر رەفتارەکانی گروپ و تاکە کەسەکان دانان.
- ❖ کاری سەرکردایەتی ،پلان دانان ، رێکخستن ، جوولاندن « بە گەرخستن » و کۆنترۆل .
- ❖ شێوازی سەرکردە لە دەسەلاتی موتلەق رەها — ئاراستەی کاری (سەر ) دیموکراتی - ئاراستەی پەیوەندیەکان . تا دەگاتە وازی لێ بێنە بابڕوا — تۆ ئەنجامی ئەوەی .
- ❖ شێوازی سەرکردە ، تواناکەی بڕیار دەدات کە پلە پلەی بکات و کام پلەی توانایی هەر کەسێک هەیەتی . کاملی سایکۆلۆژی و زانیاری هەروەها هەموو ئەو بارودۆخە تاکانەی دەخوازێ .
- ❖ ئارەزووی سەرکردە ، کە بە توانایی خۆیی ، دەسەلات بە سەر خواروی خۆی پەیدا بکات و بچێتە ناویەدەو دەرەوەی لە ویژدانی خۆیی کۆنترۆل بکات .
- ❖ پەیوەندی دوولایەنەیی نێوان سەرکردە و سەرکردایەتی کردن پێ لە سەر دابگرێت .
- ❖ سەرکردە ، پێویستە خاوەنی ئەو زانیاری یە بێت ، کە کاریگەر لە سەر مرۆڤ دادەنێ و باوری بە تیورەباوەکانی سایکۆلۆژی هەبێت .

ئیرک یوهانسۆن « Erik johnsen » دەڵێت

ئایا سەرکردەی باش بریتی یە لە ... ؟

بۆ چوونی مرۆڤ


- مرۆڤ ،ئالۆزەو تاکە .
- زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ بەر پرسیاری بگرنە ئەستۆ ، خولقێنەرن و بە دوای گەشەکردن دا دەگەڕێن .
- مرۆڤ پێویستی بە پشتیوانی و تێگەیشتنی هەیە ، بۆ ئەوەی هەموو توانای خۆی بۆ کار بخاتە گەر .

وێنەی ژمارە ٥

هێلکاری نێوان پەیوەندی سەرکردەو سەرکردایەتی

هێلکاری ئێرک یۆهانسۆن

Lars 1993:1p13



بەلام ئەم قوتابخانەیە رەخنەی زۆری لێگیراوە چونکە پێیان وابوو پرنسیپەکانی «فاول» زۆر توندن و بواری سەرکەوتنییان نیە تا دوای ئەوان ماکس ویبەر هات تەکانێکی زۆری بەو قوتابخانەیدا کە تا ئەمرۆش گرنگی خۆی ماوە ، لێکدانەوەی سەرکردایەتی و سەرکردە بەبێ بۆ چوونەکانی «ماکس» ناکاملّ دەمێنەوە — هەروەها «لێنارت» دەلّێت ماکس بیری رێکخراوەی رێک و پێک یان ئەتوانین بلّێین «بیروکراتی» لە دەرەوەی پەیوەندی ئەوکتۆریتێتی ناورێکخراوەکە گەشەپێداوە . ویبەر وادەبینێ کە گرنگە جیاوازی لە نێوان دەسەلات و ئەوکتۆریتێت بکرێت ، دەسەلات واتای ئەوەیە کە مرۆڤ ناچار دەکات ژێردەست بێ بەلام ئەوکتۆریەت بە پێچەوانەوە مرۆڤ خۆی ئازادە کە ژێر دەست بێ یان نا . ئەوکتۆریتێت وەک شتێکی رەوا بەدیاردەکەوێت لە میانی ئەوەی کە مرۆڤ پشتیوانی لە سێ خالّی سەرەکی وەربگرێت و فۆرمی یەکەمی ئەوکتۆریتێت لە خاسیەتەکانی کەسایەتی بنیات دەندرێت ، کە ویبەر پێ دەلّێت ئەوکتۆریتی کەسایەتی هی دووەمیان لە ترادیسیۆن سەرچاوە دەگرێت وەک میرات و داب و نەریت کە پێی دەلّێت ئەوکتۆریتێتی ترادسۆن هەروەها فۆرمی سێیەمی ئەوکتۆریتێت لە پایەی ڕەسمی سەرچاوە دەگرێت لە ناو قانوونی رێکخراوەکان شوێنی خۆی دەکاتەوە و پێی دەلّێت ئەوکتۆریتێتی پایە ، پرنسیپەکانی سەرکردایەتیش بەو شێوەیە دیاری دەکات :

- هیرباک

- ڕێکخستن لەسەرەوە بۆ خوارەوە
- پایەی ئەوکتۆریتێت
- ئیدارەی بەشەکان
- پەیوەندی کەسایەتیەکان
- ئارامی لە دامەزراندن و داخوازییەکان« Lennart p 21-22 »

ئەم سێ نووسەرە زۆربەی پرنسیپەکانیان وەک یەکە و ئەگەر بەووردی لێیان ووردبینەوە ئەوا ناوەندیەت و ئەوکتۆریتیەت و دابەشکردنی کار بەگرنگترین شت دەزانن بۆ ئەوەی سەرکردەیەک بتوانێ سەرکەوتن لە کارەکان بەدەست بێنێ .

# قوتابخانەی ئاراستەکراوی تاک گەریی

ئەم قوتابخانەیە پێشی دەڵێن قوتابخانەی پەیوەندی مرۆڤـایەتی « فیـل فریـدۆ پـارتیۆ » «Vigfredo Pareto » یەکـەم کـەس بـوو کەخەیاڵـەکانی بـەدوای سیسـتەمی کۆمەلا یـەتی سـەرکردایەتیدا گـەڕاوە، بـەلام لەبـەر کـەمی تەمـەنی مێـژووی تیۆرەکـانی سەرکردایەتی نەیتوانی تاماوەیەکی درەنگ شوێنی خۆی بکاتـەوە ، چەقی قورسایش لەسەر قوتابخانەی جولانەوەی پەیوەندی مرۆڤایەتی لەنگەر دەگرێت سایکۆلۆژی ئەمریکیش « ئیلتـۆن مایـە »« Elton Mayo » دامەزرێنەری ئەم تیۆرە لە ساڵی **١٩٣٣** دا .

« ماک گریکۆ» زۆر بەووردی لە رووی سـایکۆلۆژی مرۆڤـەوە ئەم تیۆرەی لێکداوەتەوەو لە تابلۆی بۆ چوونی مرۆڤ دایرشـتووە ، بەلام «ئەبرهام ماسلۆس » «Abraham Maslows » پایەکانی ئەم تیۆرەی دارشتووە لە « قوچەکی پێویست» دا . بۆچوونە سەرەتاکانی ئەویش ئەوەیەکە ئێمە پێویستی جیاجیامان لە ئاسـتی جیـاوازدا هەیـە کـە هەمیشە لە ململانێی دان لەگەڵ یەکتر.

پێویستییێکیش هەمیشە لە کاتێکی دیاریکراو لەوانەی تربەهێزترە . ئێمە ئەمە دەجولێنین تا بەکردەوە کاری بۆ بکەین تا سـوود لـەو پێویستە وەربگرین . هەموو پێویستیان بە ئاستەکانی تری قوچەکی

پێویستی هەیە . بەڵام تەنیا ئەوانەیی وەلامدانەوەی پێویستیەکان نین ، ئێمە رادەکێشن بۆ کارکردن . ئێمــە رووە و ئاراســتەی ســەرەتای پێپلیکانی پێویستی خەبات دەکەین ، بەلام ئەگەر ئێمە بەیەکێک لە ئاستە نزمەکانی قوچەکی پێویستی نەگەیشتن ، ئێمــە ناچــار دەبــین دادەبەزینە خوارەوە و یــەکێکیتر کــە تــازە دەســتی بەتێهەڵــچوون کردووە بۆ سەرەوە سەردەکەوێت «Nils Wahlim p 25» .

هەروەک «ماسلۆس» پێ لەسەر قووچەکی پێویستی دادەگرێــت لە هەمان تێۆردا « هێزباری » «Herzberg» پێ لەســەر فاکتــەرەکانی تەندروستی دادەگرێت بــەلام « لێنــارت » دەڵــێت فاکتــەرەکانی تەندروستی بۆ خۆیان هاندەرێک نین بۆ بەرزبوونــەوە بەڵــکو تــەنیا تەندێنسن کە بە ئاراستەیەکی نەگەتیفــدا دەجوڵــێن «Lennart p 24» بلانی چاردیش «Blan chard» کاریگەری خاسیەتەکانی کەسایەتی بە چالاکیێکی باش دەزانێ بۆ ئەوەی سەرکردایەتیەکی چــالاک بێتــە ئاراوە.

# پوختەیەک

سەرکردایەتی و سەرکردە چەمکێکی ئاڵۆزن بۆ لێتوژینەوەو بـە دوا داچوون. بۆیە کارێکی ئاسان نیە کە دەربارەی ئەم باسە بابەتێکی زانستی دەنووسرێت یان گفتوگۆی لەسـەر دەکرێـت . بەهـەرحاڵ بەگوێرەی توانا هەندێ کورتە باسـی کـورتم لەسـەر سـەرکردە و سیفەتەکانی سەرکردە کردوە کە دەبێتە هەنگاوێکی سەرەتایی بـۆ چوونە ناو بابەتی زانستیانەی ئـەم شـێوە بابەتانـە کـە پێویسـتێکی کۆمەڵن بەبێ تێگەیشتنی زانستیانە لەوانەیە ئامانجی خەراپی بەدواوە بێـت و رەوتی ئـەو رێکخـراوە یـان دەزگایـە کـە پێویسـتی بـە سـەرکردایەتی کردنـە بـە ئاقـارێکی ناتـەواو دابچێـت و دەنـگ دانەوەیەکی تەواویشی لەسەر یەکەیەکی کەسەکان و گروپـەکان و کۆمەڵ دەبێت . لەم کورتە باسەدا باسم لە دەسەلات و کامڵی، کێشە، ئەزموون، کاریار کردووە کە ئەمانە پایەی پێگەیشتنی سـەرکردەن یان سیفەتێکن ئەبێ ئەم چەمکانـە بێجگـە لـە سـیفەتی سـەرکردە پەیوەندییەکی دیالیکتانە شیان پێکەوە هەیە ، کە نەبوونی یەکێکیان یان وون بوونیان دەبێتە هۆی لاسەنگی لە چۆنیـەتی سـەرکردایەتی کردن ، باس کردنی هەریەکەش لەم خاسـیەتانە بـەجیا سـەرکردە باشترە ئەتوانێ گەشەیان پێ بدات و بەرەو کـامڵ بوونیـان ببـات ، بەلام خۆلێ گێل کردن و گوێ پێ نەدان ، ئەگەر سەرکردەکە پـێ

بزانێ و نەزانێت ئەوا لە ئاستی لێهاتوویی کەم دەبێتــەوەو لــە ناکــاو لەبەردەم دەروازەیەک دەوەستێت ، کە توانــای کردنــەوەی نییــە و گۆش دادەمێنێت ، بەڵام کاتێ سەرکردەیەک هەســتی بــە کــەم و کوریەکانی خۆی دەکات ، ئەوا واتای ئەوەیە کە ســەرکردەکە لــە چەمکی سەرکردەو سەرکردایەتی دەگات ، بۆ ئەوەی بەسەر لایەنــە نەگەتیفەکاندا زاڵ ببێت ، هەوڵی پڕکردنــەوەی ئــەو لایەنــەدەدات کەلاسەنگە لە ناو کۆمەڵ و لە خودی خۆشیدا باشترین ســەرکردەش ئەو سەرکردەیە کە پێی شەرم نییە خۆی پــێ بگەیــەنێ و بــەردەوام بێت لە تێر کردنی ئارەزووەکانی ئەو دەسەلاتە سیاسیە یان ئیدارەی کە هەیەتی بۆ خزمەت کردنی کەســەکان و کۆمــەڵ . خــەراپترین سەرکردەش ئەو سەرکردەیە کــە ئــەو دەســەلاتە بــەکاردێنێ بــۆ تێرکردنەوەی ئارەزووە کەسایەتیەکانی خۆی کە زەبری کوشــندە لــەو جولانەوەیــە یــان رێکخراوەیــە یــان ئیدارەیــە دەدات ، کەسەرکردایەتی دەکات یان لێپرسراوەتی بەرامبەری .

سەرکردە مرۆڤێکی کارامەیە دەیەوێت هەم ناوبانــگ بــۆ خــۆی دروست بکات هەم خزمەتی ئەو دەزگایە بکات کە تێیدا رابەرایــەتی یان سەرپەرشتی دەکات ، بەلام ئەبێ ئەوەش بزانێ کــە کۆمــەڵ لــە گۆرانی بەردەوام دایە بەبێ خۆ پەروەردەکردن و بەشداری کردن لــە کۆرو کۆبوونەوە و سیمناری تایبەتی ، لە نیوەی رێگا دەچــەقێ و لــە کاتی بــڕیاردان دا تووشــی هەڵــەی زەق دەبێــت ، وەلام دانــەوەی نەگەتیفی دەبێت بۆ پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵ و ئــەو دەزگــای

سەرپەرشتی دەکات ، نارەزایی کۆمەلانی خەڵکیش یان ئەندامەکانی دەزگایەکە یان خاوەن بەرژەوەندییە مەزنەکە « بە تایبەتی بەڕێوەبەرەکە سەرپەرشتی ئەو کارگەیە یان دەزگایە دەکات» بەرامبەری زیاد دەکەن و لە کەمترین فرسەتە ، لە وانەیە ئەو دەسەلاتە سیاسی یە یان ئیدارییەیان لە دەست بچێت ، کە چەندینساڵە خۆی ماندوو کردوە تا گەیشتۆتە ئەو پلەیە. مانەوەشی لە ناو دەزگایەکە یان مانەوەی دەسەلاتی سیاسی هەڵەیەکی گەورەترە کە ئەندامەکان یان خاوەن بەرژەوەندیەکە راستەوخۆ بەرپرسیارن بەرامبەر ی ، لەوانەیە ئەو دەسەلاتە یان «ئیدارە» بەرووداتەپین و لەبەریەک هەڵوەشانەوە ببات ، بۆیە تاکی کەسەکان بەهەمان شێوە کە سەرکردە چاودێری راپەرینی کارەکان دەکات ئەبێ چاودێری ئەو کەسانە بکەن کە دەنگیان پێ ی داوە یان بۆ شوێنەکە دیاریان کردوە بە گوێرەی ئەو مافانەی هەیانە دەنگی خۆیان بگەیەنن بەو دەزگا بالایەی کە ئەتوانێ ئالوگۆری لە دەسەلات بکات وەک (حکومەت ، پەرلەمان ، کۆنگرەی پارتەکان ، دەسەلاتی بەڕێوەبەرسی دەزگایەکان ...هیتر) لابەلا باس کردن و رەخنەگرتنی ناو کۆرو دانیشتنەکان ئەو توانا بەهێزەی نابێت ئەگەر بێتوو بەشێوەیەکی دابڕاو یان دوور لە پرنیسیپەکانی دیموکرات و پاراستنی مافی تاکەکەس باسی لێوە بکرێت ، چونکە لەو حاڵەتانەدا ئاژاوە و هەلا دروست دەبێت،کە هەمیشە دژی سیستەمی گەشەکردن کۆمەڵە ودوریشە لە ژیانی مەدەنیەت و کۆمەڵگای شارستانیەت.

لە بەشێکی تری ئـەم باسـەدا هەنـدێ «تـابلۆی» چۆنیـەتی پـێ گەیاندنی سەرکردە یان کارکردنی کردونم بە کوردی ئەمەش بـۆ ئەوە نیە کە دەقاو دەق ئێمەش جێ بـەجێ ی بکـەین ، بەڵـکو بـۆ ئەوەیە کە ئەم جۆرە لێتۆژینانە گرنگیکـی زۆریـان پـێ داوە ، لـە هەندێ دەوڵەتیشدا پەیرەو کـراون و لەوانەیـە ئامـانجی باشیشـیان هەبێت ، بۆ قۆناغێکی دیارکراو بوونەتە بەردی بناغەش بۆ گەشە پێ دان و دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەی کەلە دواتر کـراون ، لەسـەر سەرکردایەتی و سەرکردە . ئەبێ لە لێکدانەوەی چەمکی سەرکردە و سەرکردایەتی چاوەروانی قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەو کۆمەڵـەش بکەین کەکەسێک دەیەوێت سەرکردایەتی بکات ، یـان ئیـدارەی دەزگاکانی خزمەت گوزاری دەکات ، چونکە ئەبێ ئەوە باش بزانین ستروکتوری دروست بوونی دەوڵەتەکان و پارتەکان و دەزگاکـان جیاوازیەکی بەرچاویان هەیە ، لە کیشوەرێک بۆ کیشوەرێکی تـر ، یان لە دەوڵەتێک بۆ دەوڵەتێکی تر ، هەم کولتوری دەوڵـەتەکان و نەتەوەکانیش جیاوازییان هەیە ، کە راستەوخۆ کاریگەرن لەسـەرپێ گەیاندنی کەسەکان یان هاووڵاتیان ، بەڵام فەرامۆش کـردنی ئـەو «تابلۆیانەش» واتایی فەرامۆش کردنی ئەو زانستەیە کە دەیەوێت لە سەرکردایەتی بکۆلێتـەوە ، خەڵـکی شـیاو گونجـاو هەڵـبژێرێت . دروست کردنی گێژاوێکیشە کە دەزگاکان یان دەوڵەت بە گشـتی بەرەو بیرۆکراتیەت و تولیتاریەت و سکترێزم دەبات و دەزگاکان لە هەووڵاتیان دادەبرِێت وباوەرِو متمانەی خەڵکەکە لە دەست دەدات .

بەشێکی ترکە بابەتێکە و ووتوێژی زۆری لەسەرکراوە موراڵە ،موراڵ هەم وەک چەمکێکی ڕوحی مرۆڤ هەم پاکیەتی مرۆڤ لێکدراوەتەوە دیارە موراڵ لەناو کۆمەڵگایەکی دەرەوەی ئایینی ئیسلام جیاوازە بەتایبەتی لەپاکیەتی مرۆڤ کە پەیوەندی بەمەسەلەی سێکسەوە هەیە لەلای ئەوروپا و ڕۆژئاواییەکان ،ئازادکردنی جەستەی مرۆڤە لەو نەهامەتیانەی کەدەبنە هۆی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی پەیوەندی تاکەکەسەکان بەکۆمەڵ لەدەستدانی ئەوباوەرەی کە لەلایەن کۆمەڵ پێیدراوە ،بەلام چۆنیەتی بەکارهێنانی خودی جەستەکە وەک مرۆڤێک لەدەرەوەی کارە سەرەکییەکەی خۆی ئەوە تەنیا ئارەزووی تاکە کەسەکەیەو هیچ پەیوەندی بەکۆمەڵەوە نییە ، بەکارهێنانی پایەی دەسەلات بۆ گەیشتن بەهەوەس و ئارەزووەکان زیانێکی گەورەی بەدواوە دەبێت هەم بۆخودی کەسەکە هەم بۆ ئەو دەزگایەی کەسەرکردایەتی دەکات هەرچەندە تائێستاش لەناو ئەو کۆمەلگایانەدا ئایینی مەسیحی ڕۆڵی خۆی ماوە بەلام تادێت کزدەبێت و دەسەلات بەسەرئیندڤیدەکان کەم دەبێتەوەو خەڵک لەبەر عەیبە و لە دەستدانی پایەی کۆمەلایەتی روو لە کەنیسەکان ناکات بەڵکو زیاتر لەبەرئەوەی کە شتێک ماوە لەدەروونییان و پەیوەندییەکی رووحیان پێوە هەیەو کەپێیان وایە ئەم شتە لە زۆر نەهامەتی دەربازییان دەکات ، بەلام بەهیچ شێوەیەک ڕێگا لە ئازادبوونی جەستەیان ناگرن و بەربەستێک نیە بۆ گەیشتن

بەخۆشیەکانییان دەربازیشیان دەکات لە کاتە تەنیاییەکان . مـوراڵ لەلای سەرکردەکانی ئەو دەوڵەتانە زیاتر بریتیە لەوەی کـە چـۆن بتواندرێت زیاتر خزمەتی مرۆڤـایەتییەکە بکرێـت و سـتروکتوری مەدەنییەتی پێ بەهێزبکرێت بۆ نموونە ئایا مرۆڤ بۆی هەبێ لەکاتی پێویستی ئەندامی جەستەی کەسێکی تر بـەکاربێنێ یـان ژن جـۆرە دەرمانێک بۆ بەرگرتن لە منداڵبوون بەکاربێنێت یان ئـەو دەزگایـە چەنـد لــە ڕووی موراڵــەوە خزمــەتی مــرۆڤ دەکــات ئەگــەر بەکاربهێندرێت . یان شانەی مرۆڤ لەدەرەوەی جەسـتەی مـرۆڤ پەروەردە بکرێت تا چارەسەری نەخۆشییەکانی مرۆڤـی پێبکرێـت ......هتد.

هــەروەها بــەکورتیش هەنــدێک جیــاوازی نێــوان ژن و پیــاوم ڕوونکردۆتەوە .چونکە پێم وایە بۆچوونی ژن تەواو جیاوازە ئەگــەر بەراورد بکرێت لەگەڵ پیاو لەســەرکردایەتیدا ، بــەلام گــەورەترین کێشــەی ژن ئەوەیــە مێــژووی بەشــداربوونی لەســـەرکردایەتی بەرێژەیەکی زۆر یان یەکسان تا ئێســتا کەمــە. پیــاو ئامادەنییــە واز لەدەسەلات بێنێ سەرەرای ئەوە ،کە بێجگە لە چەند ساڵی دوایی ژن بەشداری نەکردووە ، لە لێکۆڵینەوەی سەرکردایەتی و خۆی زیــاتر بە لێکۆلینەوەکانی لەبوارەکانی تری کۆمەلایەتی خەریک کردووە ئەمەش ئەشێ لە ئەنجامی ئەو پەستان بەهێزە بێت کە لەسەری بووەو لەلایەن پیاوەوە کە هەوڵیداوە ڕەهەنـدەکانی ژن کـەم بکاتــەوەو

تەواوى ئەو گۆڕەپانەى لەبەردەستى خۆيە بمێنێتەوە كە لەكۆمەڵگاى باوك سالارى بەميرات بۆى ماوەتەوە .

جولانەوەى ئازاد بوونى سێكسيش لە شەستەكان و سەرهەڵـدانى جولانـەوەى فێمێنيـزم لـە سـەرەتاى هەشـتايەكان تـا رادەيـەك ئەوبوارانەى رەخساندوە كە ژن كـار لەهـەموو شـوێنێك بكـات و داواى تـەواوى مافـەكانى خـۆى بكـات يـەكێكيش لەوانـە سەركردايەتى و لێكۆلينەوەى سەركردايەتييە .

## سەرچاوەکان:-

1. Roger Ellmin , Att hantera Konflikter pa Jobbet , Arlov 1992 .
2. Kjell – Olaf . Politiskt ledarskap foren ny geranation .1996 Stockholm.
3. Olof petersson , Jorgen Herman . Demokrit rodets rapport 1996 kristianstad .
4. Christian Braw . Erfarenhets baserat ledarskap 1990 Boros
5. Forfatterna och Mil publishers . Strategiskt ledarskap I larsamh allet 1994 vasbyholm
6. Biritta , Ahltorp. Rollmedvetet lederskap,1998 Malmo.
7. Kotter, JOHN P: A . Force for change 1990.
8. Charles Handg . Gamlo Gudar och dagens cheter,1989 svenska dagbladet.
9. Stefan Hammaren . Organisationslara ,1997 Lund.
10. Lewin polatiska : 1994 Stockholm.
11. Svante Karlsson. Freds-och konfliktkunskap 1992 Lund.
12. FORFATTERNA. Ledare och ledda, 1982 sonersforlag.
13. Harold Geneen och Alvin Moscow . ledarskap , 1985 Fallkoping .
14. Kersin Lindstrom Myrgard . Framsikt personalut veckling 1995 Stockholm
15. Liselotte Ohlson . Pedayogikoch ledarskap , 1996 Fallkopning .
16. Hans K Krona /per.Hugo . Revolutions ledarskap 1994 Nerenius Forlag AB
17. Adites lchak . Ledarskapets fallgropar 1979 Liber.
18. Ljung Lennart . Chefen och Ledarskapet 1986 Liber.
19. Magnus Lagerkvist . Foretags Ledning ,1991 sch midts Bektrycllen.
20. Christian Braw. Att leda maniskan , 1997.
21. Larslunlgaard . Hur are man lyckassom ledare och chet : 1993 Fallkoping .
22. Roger E. Allen . Management enligt Puh 1995 falken berg.
23. BengtKarlof och Sven Soderberg . Ledar utmaningen , 1989 Uppsala .
24. Philip B. Crosby. Ledning med Kvalitet , 1988 Lund .
25. Tommy Anrell . Vaga Leda , 1989.
26. Jonas Aberg. Ett lungt och entusiastiskt Sverige , 1998 Falun.
27. Monica Boethius . Inslappt pa forsok, 1989 Grata.

28. Bjorn Lunden . Lederskap och Foretagande , 2001 Uddevalla.
29. Ole Fogh Kirkeby . Ledarskapsfilosofi , 1999 Goteborg.
30. Arne Malten . Det pedagogiska Lederskapet , studentlitteratur 2000 Lund.

# ناوەرۆک

| بابەت | | لاپەڕە |
|---|---|---|
| .١ | پێشەکی | ٥ |
| .٢ | سەرکردە | ١١ |
| .٣ | کاریزما | ٤٧ |
| .٤ | کاملَی | ٥٨ |
| .٥ | دەسەڵات | ٦٧ |
| .٦ | کاریار | ٧٩ |
| .٧ | ئەزموون | ٨٧ |
| .٨ | موراڵ | ٩٥ |
| .٩ | شێوازەکانی سەرکردە | ١١٤ |
| .١٠ | کۆسپەکانی سەرکردە | ١٣١ |
| .١١ | سەرکردەو کێشە | ١٣٩ |
| .١٢ | سەرکردەی ژن و پیاو | ١٥٨ |
| .١٣ | تابلۆکان | ١٦٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤. | پوختەیەک | ١٧٩ |
| ١٥. | سەرچاوەکان | ١٨٦ |